الْقَوَاعِدُ الأرْبَع

(چوار بنەماکە) ی

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب

****

لە ڕاڤە و لێکدانەوەی

مامۆستا : إسماعیل سوسەیی

****

نووسینەوەی :

فێرخوازانی زانستی شەرعی

****

پێشەکی

بسم الله الرحمان الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سيئات أعمالنا، مَن يهده الله فلا مضلَّ له، ومن يُضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أنَّ محمداً عبده ورسوله.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ (آل عمران آية : 102)

واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ، لە خوا بترسن و پارێزکاربن ،بە شێوەیەکی وا کە شایستەی ئەو زاتەیە ،هەمیشە و بەردەوام پابەند و دامەزراوبن لەسەر ئیسلامەتی ، هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی هەر کاتێك مردن لەسەر ئیمان و ئیسلامەتی نەبێت نەمرن .

أما بعد؛ فإن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هديُ محمد – صلى الله عليه وسلم –، وشرَّ الأمور محدثاتها، وكلّ محدثة بدعة، وكلَّ بدعة ضلالة، وكلَّ ضلالة في النار

ئەم نامیلکەیەی لەبەردەستتە بریتیە لە شەرح و لێکدانەوەی نامیلکەی (القواعد الاربع) چوار بنەماکەی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) **،کەلەلایەن بەڕێز مامۆستا (ئیسماعیل سوسەیی)ەوە (خوای گەورە بیپارێزێ) شەرح کراوە ، جا بەهۆی گرینگی بابەتەکە ئێمەش هەڵساین بە نووسینەوەی ، بە ئومێدی ئەوەی سوودێکی هەبێ بۆ خۆمان و پاشان بۆ مسوڵمانانیش بە گشتی، شەرحی ئەم نامیلکەیە بەدەنگ تۆمار کراوە کە پێکهاتووە لە پێشەکیەك و دوانزدە وانە، جا ئێمە بەگشتی هەموو وتارە دەنگیەکا نمان وەکو خۆی نووسیوەتەوە تەنها چەند ڕێککاریەك کراوە لە پاش و پێشی هەندێ لە وشەکان تاکو ئاسنتر بێت بۆ تێگەیشتن ، جا کە نامیلکەکە خۆی بەناوی چوار بنەمایە ئێمەش مەتنی هەر بنەمایەکمان بە جیا لە پێش شەرحەکە داناوە ئینجا دووبارە بەش بەشی مەتنەکەمان داناوەتەوە لەگەڵ شەرحەکەی ، وە داوا لە خوای پەروەردگار دەکەین پاداشتی بەخێری مامۆستا بداتەوە بۆ ئەم کارەی ، وە داوا لە خوای پەروەردگار دەکەین کە لە ئێمەش قەبوڵ بکات و بیکاتە توێشوەك بۆ دواڕۆژمان .**

وصلَّ اللهُ وَسَلَّمَ عَلَىَ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَىَ آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين

2017/11/5

ئەندازیار عبدالله

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی

الحمد لله رب العالمين وصلّ الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين ، اللهم طهّر قلوبنا من الشبهات والشهوات وأعمالنا من الرياء يارب العالمين .

خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت و سیفەتە بەرزەکانت بۆ خاتری ئیسمی ئەعزەمت پاداشتی ئەو زانایانەت دابێتەوە کە لە پێش ئێمە هاتوونەو ئەهلی سوننە و جەماعەبوون وئەوانەی وەفاتیان کردووە لێیان خۆشبوبی لە گوناهو تاوانەکانیان، پلەت بەرز کردبنەوە ئەوانەی ماون جێگیریان بکەی یارب العالمین لەسەر بیروباوەڕێك کە خۆت پێی ڕازی کە هی پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)**بووە هاوەڵە بەڕێزەکان لەسەری ڕۆیشتوون، وە ئێمەش وا لێبکەی لەسەر ئەو ڕێگەیە بڕۆین بەردەوام بین لەسەر ئەو بابەتە عەقیدەو بیروبڕوایەی، بەتایبەت (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)** (رحمه الله)**پاداشتی بدەیتەوە لەسەر ئەو هەمووە ناخۆشییە و زەحمەتییەی بینی لە پێناو بڵاوکردنەوەی عەقیدەو بیروبڕوای ئەهلی سوننەو جەماعە لەسەردەمی خۆی و نەهێشتنی بیدعەو کەم و کورتی وشیرکیات کە زۆر بوو لەسەردەمی ئەو.**

دەمانەوێ بە پشتیوانی خوای گەورە لە زنجیرەیەکدا پەرتووك و نامیلکەکانی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)**ئەوانەی کە پێمان وایە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ئەو سەردەمەی قوتابیان سوودی لێوەربگرن و بڕواداران و مسوڵمانان تەواو لێی تێبگەن شەرح و ڕاڤەیان بکەین، جا ناوی لێدەنێین زنجیرەی (بیروبڕوا لە دیدگای قورئان وفەرمووده) کەهەر لەنامیلکەکان کە ڕاڤەیان دەکەین ناوی تایبەتی خۆی بۆ دەنێین بۆ نموونە ئەم جارە دەمانەوێ شەرح و ڕاڤەی نامیلکەی (القواعد الاربع) چوار بنەماکەی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)**(رحمه الله) **کە نووسیویەتی کە چوار بنەماکە ڕاڤە دەکەین بەوەی کە دەیکەینە کوردی ئەوجا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین ئەو شوێنانەی کە هەڵوەستەی پێویست بێ پاشان پرسیارو وەڵام لەسەری دادەنێین کە(القواعد الاربع) بریتیە لە پێشەکیەکی زۆر بە پیتو بەرەکەت پاشان چوار بنەماکە کە سەرەتا باسی شیرك و هاوبەشی و هۆکارەکان دەکات و لەکۆتاییەکەش بنەمایەکانی کۆتایی بەتایبەت بنەمای چوارەم باسی نەتیجەو دەرەئەنجامی ئەو شیرك و هاوبەشیانە دەکات کەچیان بەسەر هاتیەو سەردەمی ئێمە لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەری پێشەوا** (عليه الصلاة والسلام)**چۆنە، جا ئایەت و بەڵگەکان دەهێنینەوە لە ڕوانگەی ئەهلی سوننەو جەماعە و ڕایە پەسەندەکانی ئەوان، بە پشتیوانی خوای گەورە بۆتان ڕوون دەکەینەوە.**

جا لەو پێشەکیەی دەمانەوێ بەکورتی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) تان پێ بناسێنین، (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)کێبووە،(شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله) **ئەو پیاوە بەرزو بەڕێزەبووە کە ناوی (أبوالحسين) بووە کە کونیەکەی بووە،وە ناوی خۆی (محمدی کوڕی عبدالوهاب کوڕی سولەیمانی کوڕی عەلی کوڕی محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ڕاشیدی وهیبی تەمیمی بووە)، وە نسبەتەکەی بۆ قەبیلەی تەمیم بەناوبانگە کە قەبیلەی تەمیم بەناوبانگە ناوی هاتیە. کە لە پێغەمبەر** (عليه الصلاة والسلام) **هاتووە لەصحیحی بوخاری و مسلیم لە بوخاری بەژمارە(2405) وە لە مسلیم بە ژمارەی (2525) ئەبو هوریرە** (رضي الله عنه)**گێڕایتیەوە دەفەرمووێ ((أَنَّهُ قَالَ لَا**

أَزَالُ أُحِبُّ بَنِي تَمِيمَ مِنْ ثَلاثٍ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ رَسولِ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ يَقُولُ هُمْ أشَدُّ أُمَّتِي عَلَىَ الدَّجَّال قَالَ وَجَائَتْ صَدَقَاتُهُمْ فَقَالَ النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) هذِهِ صَدَقاتُ قَوْمِنَا، وَكَانَتْ سَبِيَّةٌ مِنْهُمْ عِنْدَ عَائِشَةَ (رضي الله عنها)فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) أَعْتِقِيْهَا فَإِنَّهَا مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيل))واتە :(ئەبو هورەیرە دەفەرمووێ من بەردەوام تا ئێستاش بەنو تەمیمم خۆشدەوێ لەبەر سێ شتان گوێبیستی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)بوومە فەرمووی بەنو تەمیم لەهەموو تیرەو خەڵکەکانی تر توندو تیژترن بەسەر دەجال، وە زەکات و خێرو سەدەقەشیان هات فەرمووی ئەوە صەدەقات و خێرو چاکەی قەومەکەی خۆمە کە بەنو تەمیمی مەبەست بوو ، جا دەڵێ جاریەکی بچووکیش لای دایکە عائیشە (رضي الله عنها) بوو پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)فەرمووی ئازادی بکە ئەو کۆیلەیەی کە لەلاتە لەنەوەی ئیسماعیل پێغەمبەرە(علیه الصلاة والسلام).

جا ئەو بەنو تەمیمە کە (شێخ محمد) یش لەو بەنو تەمیمەیە کە پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)وای لەسەر فەرمووە کە ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه)دەڵێ منیش لەبەر ئەو سێ خاڵە خۆشم دەوێن (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله) لەساڵی (1115)ی کۆچی لەدایك بووە لە (عویەینە) ی کە شوێنێکە نزیك شاری (ڕیاز)ی ئێستای سعودیە ،(شێخ عبدالوهاب) ی باوکی زاناو شەرع زان بووە وە قازی بووە وە لەسەرەتادا کوڕەکەی خۆی (محمدی کوڕی عبدالوهاب) ی داناوە کە قورئانی پێ لەبەر کردووە پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە (دە) ساڵی هەموو قورئانی تەواو کردووە.وە(فقه الحنبلی) لەخزمەتی باوکی خوێندووە وە تەفسیرو فەرموودەو عەقیدەی خوێندووە لەپاشان دڵی چۆتە سەر پەرتوکەکانی (شیخ الإسلام ابن تیمیه)و(ابن القیم الجوزي) خوێندووەو لەبەری کردووە وە زۆر پێیانەوە سەرسام بووە، لە پاشان حەجی ماڵی خوای گەورەی کردووەو لەشاری مەککە و مەدینە بەخزمەتی زانایانی سەردەمی خۆی دەگات لەوانە (عبداللە ی کوڕی ئیبراهیم آل سیف) وە (شیخ المحدث محمد حیات سندي)پێیان دەگات و سوودی زۆریان لێدەبینێ، بۆ خوێندن و زانست بەدەستهێنان هاتۆتە وڵاتی (عێراق) یش وە سوودی زۆری لە (بەسرە) کردووە لەلای(شیخ محمد مجموعي) لەسەردەمی خۆی، وە دوایی ویستی بچێتە (شام) یش بەڵام بۆی ئاسان نەبووەو ویستەکەی نەهاتۆتە جێ کە بچێتە (شام) زانست بەدەست بێنێ.

(شیخ محمد بن عبدالوهاب) (رحمه الله) لێی دەگێڕنەوە کەسێکی ژیر و ئاقڵ بووە زۆر پێداگری کردووە لەسەر بەدەستهێنانی زانست، وە زۆر ئارام گربووە لەسەر دەعوەو بانگەوازەکەی، وە کەسێکی بەڕاستی ئازابووە لەگوتنی حەق و ڕاستی و ڕەتکردنەوە و پوچەڵکردنەوەی شیرك وهاوبەشی و خراپە لەسەردەمی خۆیدا ئەوەی بیدعە و خوڕافیات بوو هەمووی خستە روو و دژیان وەستا بەبێ ئەوەی دوودڵی لێبکات. هەر لەسەرەتای چووە شاری (بەسرە) بۆ بەدەست هێنانی زانست لەوکاتەدا بینی خەڵکانێك گۆڕ دەپەرستن کە ئەوە شیرك و هاوبەشییە لێیان بەوەڵام هاتووە ئەو کاتە ئازاری زۆری پێگەیشت بەدەستی(الرافضة)و شیعەکان کە ئەوان گۆڕیان دەپەرست کە شیرکیان ئەنجام دەدا، بەتایبەتی لە شاری (بەسرا) وە (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) ئارامی گرت و گوێی پێنەدا لە پێناو خوای گەورە بەردەوام بوو.

لە پاشان (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)دەگاتە (عوسمانی كوڕی موعەممەڕ) كە ئەوكات ئەو بەرپرس بووە لەسەر خەڵكی (عویەینە)، داوای لێكردووە بۆچی شەریعەتی ئیسلام پەیڕەو ناكەی وە كارو ئیشی پێناكەی، وە خوای بەیەك بگری و شیرك وهاوبەشی و بیدعە بۆخۆت مەیكەو مەشهێڵە بكرێت ئەوكاتە خوایگەورە سەرت دەخات و پشتگیریت دەكات. چونكە خوای پەروەردگار یارمەتی دەرە بۆ كەسی بڕوادارو بۆ كەسێك كە ئەو كارەی ئە نجام بدات ، جا ئەو كارو ئیشەی (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)كەئەوەی داواكرد لە (عوسمانی كوڕی موعەممەڕ) ئەو هەواڵە بڵاوبووەوە تاوەكو وای لێهات ئەو هەواڵە گەیشتە حاكمی ئەو سەردەمی شوێنی (ئەحسا) كە ناوی (سولەیمانی كوڕی محمدی كوڕی عورەیر) بووە ئەویش لە(بەنی خالید) بووە ئەویش بۆ (إبن معمر عوسمانی) نووسی كە ئەویش ئەمیری (عویەینە) بووە، ووتی فەرمانت پێدەكەم (محمدی كوڕی عبدالوهاب) بكوژە جا ئەو نامەیە كە گەیشت بە (عوسمان) كەبینی فەرمانی كوشتنی (محمدی كوڕی عبدالوهاب) ی پێكراوە .جا هەواڵ گەیشتە (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)ئەو كاتە (عوسمان) ترسا لە حاكمی (ئەحساء) ووتی ناتوانم چیدی بەرگریت لێبكەم ئەگەر سەرپێچی ئەو بكەم ڕەنگە ئەوەی دەمداتێ ساڵانە لێم ببڕێت وە شەڕمان تووش دەبێ، ئەوەبوو پەنا بە خوا لەسەر وەعدی خۆی نەبوو پشتی (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)ی بەردا نەیپاراست ووتی من ناتوانم بتپارێزم لەدەستی ئەو.

ئەوە بوو (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)دەچێتە (درعییە) ی كە ئەو كاتەی (محمدی كوڕی سعود) ئەمیری (درعییە) ی بوو.لەوێ دەمێنێتەوە لەلای یەكێك لە قوتابییەكانی كەناوی (عەلی كوڕی عبدالرحمن سویلیم) بووە ئەویش ڕێزی لێدەگرێت بەنو سویلیم دێن و لێی كۆدەبنەوە قسەیان لەگەڵ دەكات تاوەكو هەواڵەكە دەگاتە (محمدی كوڕی سعود)ئەویش دێت و لەگەڵ (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)یەكتر دەبینن (شێخ محمد) داوای لێدەكات كە حوكمی ئیسلام پەیڕەو بكات تاوەكو ببنە ئەهلی تەوحید، وە وای لێدێت كە لە كۆتاییەكەی لە ساڵی (1158) ی كۆچی بۆ یەكەمجار حوكمی دەوڵەتی شەرعی دامەزرا لەو شوێنە، وە (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) بووە هۆكار بۆ نەهێشتنی ئەو بیدعە و كەم و كوڕیانەو نەهێشتنی شیرك و هاوبەشیانە لەوێ نەمێنێت .خوای گەورە سەركەوتووی كردن وە جەنگ و جیهادیان كرد لە پێناو بڵاوكردنەوەی خوا بەیەكگرتن ونەهێشتنی شیرك و هاوبەشی ئەوەبوو (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) لەكۆتایی ساڵی (1206) ی كۆچی لەتەمەنی (91) ساڵی كۆچی دوایی كرد گەڕایەوە لای خوای گەورە، بەڵام دڵی بەوە داكەت خوای گەورە پاداشتی بداتەوە شیرك وهاوبەشی نەهێشت.

وە پەرتووكی زۆری هەیە لەوانە (كتاب التوحيد- ثلاثة الاصول-كشف الشبهات –والمسائل الجاهلية- مختصر سيرة النبي(عليه الصلاة والسلام)- مختصر زاد المعاد –الاصول الستة–مجموع الحديث على الابواب الفقه-القواعد الاربع - الواجبات المتحتمات -) زۆرێك لە نامیلكەو نووسراوی تر، وە نامەی گۆڕینەوە كە سوودو كەڵكێكی زۆریان تێدایە ئەوەی بەوردییەوە بیخوێنێتەوە دەزانێ (شێخ محمد) پابەند بووە بە پەیڕەوی ئەهلی سوننەو جەماعە لەسەر ڕێبازەكەی زانایانی پێش خۆی وەكو(ابن تيميه–وابن قيم الجوزي –وئیمامی ئەحمەد) وە پێشینانی چاك (شافیعی و ماك) و هەتا دەگاتە پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام).لە عەقیدەو بیرو بڕوا وابووەلۆمەی لۆمەكاران كاری تێنەكردووە. خوا پاداشتی دابێتەوە بەو پەڕی پاداشت وە پلەی بەرز كردبێتەوە لەبەهەشتەكان.

وانەی یەكەم

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

أَسْأَلُ اللهَ الْكَرِيمِ رَبَّ الْعَرْشَ الْعَظِيمِ أَنْ يَتَوَلّاكَ فِي الدُّنْيا وَالْآخِرَة، وَأَنْ يَجْعَلَكَ مُبارَكاً أَيْنَما كُنْتَ، وَأَنْ يَجْعَلَكَ مِمَّنْ إِذا أُعْطِيَ شَكَر، وَإِذا ابْتُلِيَ صَبَر، وَإِذا أَذْنَبَ اسْتَغْفَر، فَإِنَّ هَؤُلاءِ الثَّلاث عِنْوانُ السَّعَادَة.

****

لەشەرح و ڕاڤەی نامیلكەی (القواعد الاربع) چوار بنەماكەی (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله)لەوانەی یەكەم لەسەرەتاوە دەست پێدەكەین لە ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) بە ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ نامیلكەكەی دەست پێكردوە وەك شوێنكەوتەبوونی قورئانی پیرۆز كەسەرەتای قورئان بە ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ دەست پێكراوە، لە پاشان وەك شوێنكەوتەبوونی پێغەمبەری دڵسۆز (علیه الصلاة والسلام)كە لەهەموو نامەكانی سەرەتا بە ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ دەستی پێكردووە، جا ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ زۆر بەكورتی و پوختی مانای ئەوە دەگەیەنێ كەداوای كۆمەكی و یارمەتی دەكەین لە ﴿الله﴾ لەو ئیش و كارەی كەدەیكەی و﴿بسم الله﴾ ی بۆ دەخوێنی بۆ نموونە ئەگەر خوێندنەوەیە (فعل) وكاری خوێندنەوەی بۆ ئەندازەكەی واتا داوای كۆمەكی ویارمەتی لە ﴿الله﴾ دەكەم بۆ خوێندنەوەكەم یان بۆ دەرس و وانە وتنەوەكەم یان بۆ ڕۆیشتنم یان بۆ دانیشتنم بۆ هەر كار و ئیشێكی كە مەبەستە﴿بسم الله﴾ ی لێ دەكەی، ئەوە ڕای پەسندی زانایانی زمانەوانیە وە ڕای زانایانی نحو و بەلاغەیە.

جا لە پاشان ﴿بسم الله﴾ بەناوی ﴿الله﴾،﴿الله﴾ ئەعرەف ولەعاریفە وەك (سیبەوەیهی) فەرموویەتی لەهەموو ناوان ناسراوترو زانراوترە وە (معلوم) ترە بۆ خەڵكەكەی، وە ناوی كۆكەرەوەی هەموو ناوە زۆر جوانەكانی خوای گەورەیە هەمووی لە خۆ دەگرێت و هەموو سیفەتە بەرزەكانی خوای گەورەیە، كە ﴿الله﴾ بەمانای پەرستراوی شایستەی پەرستنی ڕاستەقینە دێت ﴿الرحمن﴾ یش هەر ناوی خوای گەورەیە لەسەر وەزنی (فعلان) ــ كە (سیغەی موبالەغە) یە واتا ڕەحمێكی فراوان هەموو شتێكی لەخۆ بگرێ ﴿الرحیم﴾ یش هەر ناوی خوای گەورەیە لەسەر وەزنی (فعیل) بە مانای (فاعل) ــ واتا خوا خاوەن ڕەحم و بەزەییەكە دەتوانێ بیكاتە(فعل) كار بیگەیەنێت بەهەر كەس و شتێكی لەهەر كات و شوێنێكی.

كەواتە كورتەی قسان ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ واتا داوای یارمەتی و كۆمەكی لە ﴿الله﴾ لەو ئیش وكارەی كە دەیكەین، بۆ نموونە هی من وانە وتنەوەیە لە وانە وتنەوەكەمدا ئەو ﴿الله﴾ یە یارمەتی و كۆمەكیم بكات ئەو ﴿الله﴾ یەی كە﴿الرحمن﴾ ــ خاوەن ڕەحم وبەزەییەكی فراوانە هەموو شتێكی لەخۆ دەگرێت ﴿الرحیم﴾ یش ئەو ڕەحمەشی دەتوانێ بیگەیەنی بە هەركەس و شتێكی لەهەر كات وشوێنێكی.

جا (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) پێشەکیەکەی لە (الوابل الصيب) ی پێشەوا (ابن قيم) (رحمه الله)وەرگرتووە کە وەکو وی دەڵێ ﴿أسأل الله الكريم رب العرش العظيم أن يتولاك في الدنيا والآخرة﴾ داوا دەکەم لە ﴿الله﴾ ی (کريم)ی بەرزو بەڕێزو مەزنی بەخشەر کە خاوەنی بارەگای مەزنە ئیش و کارەکانی دونیاو دواڕۆژت پشتگیری بکات و بۆت ئاسان بکات، ﴿وأن يجعلك مباركا أينما كنت﴾وە تۆ بکاتە خاوەن پیت و بەرەکەت و خاوەن چاکەو باشە لە هەر شوێنێکی هەی، ﴿وأن يجعلك ممن إذا أعطى شكر﴾ وە وات لێبکات لەوانەبی کە پێت بەخشرا سوپاس گوزاری لەسەر بکەی بەرامبەر بەخشینەکان، ﴿وإذا ابتلي صبر﴾وە ئەگەر تاقیکرایەوە لەبەرامبەر تاقیکردنەوەکە ئارامبگری، ﴿وإذا أذنب استغفر﴾ ئەگەر تاوان وگوناهێکت لێ ڕویدا داوای لێخۆش بوون و دا پۆشینی بکەی لە خوای گەورە بگەڕێیەوە و تەوبە بکەی، ﴿فإن هؤلاءالثلاث عنوان السعادة﴾ جا ئەو سیانە ئەگەر پێت بەخشرا سوپاسگوزاری لەسەر بکەی و ئەگەر تاقیکرایەوە ئارامتگرت و ئەگەر گوناهت کرد تەوبەو داوای لێخۆشبونت کرد لە خوای گەورە ئەوانە ناونیشانی بەختەوەرین بۆ مرۆڤەکان.

جا دێینەوە سەر هەریەك لەو خاڵانە هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین یەکەمیان کە دەڵێ﴿رب العرش العظيم﴾ عەرش و بارەگای خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزو لەفەرموودەی پێغەمبەری دڵسۆز (عليه الصلاة والسلام)وەسفی کراوە بەچەند وەسفێك جار وایە بە (عظيم) واتە گەورە بارەگەی گەورە و مەزن، وەجاریش هەیە بە (کريم) واتە بەڕێز و سەنگین، جاریش هەیە لەسەر یەکێ لە قیرائەتەکان کە دەخوێندرێتەوە لە سورەتی (البروج) بەکەسرەی ژێر (المجيد) لەئایەتی(ذو العرش المجيد) ئەو کاتیش وا وەسف کراوە.

جا لە پاشان (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) دەفەرمووێ ﴿أن يتولاك﴾ هەڵوێستەی لەسەر دەکەین خودای پەروەردگار پشتگیریت بکات ئەو پشتگیریە دوو جۆرە پشگیریەکی گشتی کە هەموو مرۆڤ و کەسەکان خوای گەورە دەیکات، بە بڕواداران بەگشتی وە پشتگیری تایبەتیش کە هی پێغەمبەرانە (عليهم الصلاة والسلام)ئەوانەی زۆر لەخوا ترسن و دۆستی خوانەو لە خوا نزیکن پشتگیری تایبەتی کردوونە و دەیکات خوای گەورە لە دونیاو دواڕۆژ،وە وشەی ﴿مباركا﴾ دەشێ و دەگونجێ بۆ مرۆڤەکان وبەدیهێنراوەکان بگوترێ بەڵام وشەی (تبارك)ەن لەسەر ڕای پەسەندی ئەهلی سوننە و جەماعە تەنها بۆ خوای گەورە دەوترێ و تایبەتە بەو لەبەر ئەوەی چونکە (تبارك) ـە ئەوەی لێوەردەگیرێ واتە خوای گەورە پیت و بەرەکەت دەڕێژێ بەسەر هەر کەس و شتێکی، هیچ کەسی تر ئەوەی لەتوانادا نییە پیت وبەرەکەتەکەی ببەخشێ، جا ﴿مباركا﴾ واتە ئەوەی خاوەن پیت و بەرەکەتە پێی بەخشراوە ئەوا مرۆڤیش دەشێ و دەگونجێ لەلای خوای گەورە پیت وبەرەکەتی پێ بەخشرابێ وە ئەو دوعایە کە ئەو زانایە بەڕێزە دەیکا بۆ کەسانێ کە ئەو نامیلکەیە دەخوێننەوە، دەزانێ دوعای لەجێیە نیشانەی دڵسۆزییە خوایگەورە پاداشتی دابێتەوە.

لە پاشان وشەی ﴿شكر﴾ ئەگەر بێینە سەری وەك (ابن القيم) (رحمه الله) هەر لە کتێبە نایابەکەی لە (الوابل الصيب) لەوێدا بەڕاستی جوان دەفەرمووێ ﴿شكر﴾ بزانین بەچی بەدەست دێت﴿شكر﴾ بەوەی بەدەست دێت لەسەر سێ ڕوکن وەستاوە، یەکەم تۆ دان بنێی بەو نازو نیعمەتەی کە خوا پێی داوی لە ناخی دڵتەوە وە پاشان بە زمان بیلێیتەوە کە خودا چ نازو نیعمەتێکی پێ بەخشیوی وە پاشان بەکاری بهێنیت لە پێناو ڕەزامەندی خوای پەروەردگار کە ئەو بەتۆی بەخشیوە، جا ئەوەی وا بکات و ئەو سێ ڕوکنەی بهێنێتە جێ لەبەرامبەر نازو نیعمەتەکان، ئەوە شوکرانە بژێری

خوای پەروەردگاری کردووە جا ﴿صبر﴾ و ئارامیش لەبەرامبەر تاقیکردنەوەکان که مرۆڤەکان تاقیدەکرێنەوە ئەویش بەوەی دەبێت کە (ابن القیم)(رحمه الله) دەفەرموێ کەسەکە نەفسی خۆی بگرێ لەوەی کە بەسەری دێ پێی ڕازی بێ و لێی تووڕە نەبێ و پێی دڵتەنگ نەبێ وە زمانی بگرێ لەسەر سکاڵاکردن لەسەر ئەو ناخۆشی و تاقیکردنەوانەی خوای گەورە، وە ئەندامەکانی بگرێ لە گوناه و تاوان بەوەی کەوا لەخۆی نەدا و پۆشاکی خۆی نەدڕێنێ وموی قژیان دەرنەهێنن وەك ئافرەتان لەکاتی ناخۆشیدا دەیکەن لەبەرامبەر ئەو تاقیکردنەوانەی کەبەسەریان دێ کەسێکیان لێ دەمرێ، جا لە پاشان ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ هەموو مرۆڤەکان جگە لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)ئەگەری ئەوەی هەیە تووشی گوناه و تاوان بن، بەڵام ئەگەر تووشی گوناه و تاوان بوون و داوای لێخۆشبونیان کردووە و تەوبەیان کردووە ئا ئەو کاتی پلەیان بەرز دەبێتەوە، چونکە قسەیەکی زۆر جوان هەیە هی پێشینانی چاك هەر وەکو (ابن القیم) (رحمه الله)لە کتێبەکەی (الوابل الصیب) گێڕایتیەوە دەڵێ هەندێ لەسەلەف گوتوویانە (إنَّ الْعَبدَ لَيَعْمَلُ الذَّنْبَ يَدْخُلُ بِهِ الْجَنَّة ويَعْمَلُ الْحَسَنَةَ يَدْخُلُ بِهَا النَّار)، جا بەدرێژی لە پەرتوکەکەی باسی دەکات دەڵێ هەندێ لە پێشینانی چاك فەرموویانە بەندە کارو کردەوەیەکی دەکات کە گوناه و تاوانە ئە نجامی دەدات پێیەوە دەچێتە بەهەشت وە چاکەیەکیش دەکات پێی دەچێتە دۆزەخ. لەبەر ئەوەی کە گوناهەکەی کردییە یەکسەر پێ دەشکێتەوە و پەشیمان دەبێتەوە چاوی فرمێسکی لێدێ دڵی هەردەقرچێ ئەوجا شەرم دەکات لە خوای گەورە سەر دادەنوێنێ هەردەم دوعا دەکات کە خوا لێی خۆشبێ تا ئەو گوناهە وای لێدەکات دەبێتە تۆبەکارێکی چاو بەفرمێسکی هەردەم دەست بە پاڕانەوە لەخوای پەروەردگاری لێ دەردەچێ تا دەچێتە بەهەشت،ئەویتریش کە کردەوەیەکی چاك دەکات هەندە خۆی پێ مەزن وگەورە دەبێ پێی وایە ئەو کات پێی جیادەبێتەوە لەخەڵکی تر خۆی لەلا گەورە دەبێت بەخۆی دەنازێ و شانازی بەخۆی دەکات، ئا ئەو کاتەی هەم وا دەیلێتەوە تا بە هیلاك دەچێت جا دەییاتە ناو ئاگری دۆزەخ پەنا بەخوای گەورە. جا ئەوە وامان لێدەکات بەرامبەر نیعمەتەکان شوکرانە بژێر بین وە بەرامبەر تاقیکردنەوەکانیش ئارامگربین پاشان ئەگەر تاوانمان ئە نجامدا داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەین ئەگەر مرۆڤ ئەوەی کرد ئەوا بەڕاستی بەختەوەر دەبێ.بەر ئەو فەرموودەیە دەکەوێ کە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)دەفەرمووێ کە لە صحیح مسلیم بە ژمارە (2999) کە (سوهەیب)ی ڕۆمی (رضي الله عنه)ریوایەتی کردووە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)فەرموویەتی ((عَجَباً لِأَمرِ الْمُؤمِن إنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْر وَلَيْسَ ذَاكَ إِلَّا لِلْمُؤمِن إنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْراً لَهُ وَإنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيَراً لَهُ)) واتە: سەرسوڕمان بۆ کاروباری بڕوادار بەڕاستی کاروباری بڕوادار هەمووی چاکەیە ئەوە تەنها بۆ بڕوادارە بۆ کەسی تر نییە ئەگەر بەرفراوانی و ژیان خۆشی تووش بوو ناز و نیعمەتی بەسەردابارى سوپاس گوزاری دەکات بۆ خوای پەروەردگار ئەوە چاکەیە بۆی، وە ئەگەر تووشی ناخۆشی وبەرتەنگی و تەنگەشەی تووش بوو ئارامی لەسەر دەگرێ ئەوەشیان چاکەیە، بۆ باوەڕدار ژیانی هەموو چاکەیە ئەگەر بەم شێوەیە لە ئیسلام گەیشتبێ.

وانەی دووەم

اعْلَمْ أَرْشَدَكَ اللهُ لِطاعَتِهِ أَنَّ الْحَنيفِيّةَ مِلَّةَ إبْراهِيم أَنْ تَعْبُدَ اللهَ وَحْدَهُ مُخْلِصاً لَهُ الدِّين ، كما قَالَ تَعالى: {وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ} (الذاريات آية: 56).

فَإِذا عَرَفْتَ أَنَّ اللهَ خَلَقَكَ لِعِبادَتِهِ، فَاعْلَمْ أَنَّ الْعِبادَةَ لا تُسَمّى عِبادَةً إِلّا مَعَ التَّوْحِيد، كَما أَنَّ الصَّلاةَ لا تُسَمّى صَلاةً إِلّا مَعَ الطَّهارَة؛ فَإِذا دَخَلَ الشِّرْكُ فِي الْعِبادَة فَسَدَت، كَالْحَدَثِ إِذا دَخَلَ فِي الطَّهارَة.

فَإِذا عَرَفْتَ أَنَّ الشِّرْكَ إِذا خالَطَ الْعِبادَةَ أَفْسَدَها وَأَحْبَطَ الْعَمَلَ وَصارَ صاحِبُهُ مِنَ الْخالِدِينَ فِي النّار، عَرَفْتَ أَنَّ أَهَمَّ ما عَلَيْكَ مَعْرِفَةَ ذَلِك، لَعَلَّ اللهُ أَنْ يُخْلِصَكَ مِنْ هَذِهِ الشَّبَكَة، وَهِي الشِّرْكُ بِالله، الذِي قَالَ اللهُ تَعالى فِيهِ: {إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ}(النساء آية: 48) . وَذَلِكَ بِمَعْرِفَةِ أَرْبَعِ قَواعِدَ ذَكَرَها اللهُ تَعالى فِي كِتابِهِ:

****

هەرلە پێشەکیەکەین تەواوکەری وانەی یەکەم (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله) **لەدوای ئەوەی پێشەکیەکەی بە ﴿أسأل الله الكريم رب العرش العظيم﴾دەستی پێکرد تاوەکو لەوانەی پێشتر گەیشتینە﴿فإن هؤلاءالثلاث عنوان السعادة﴾ لەو وانەیەی گەیشتینە سەر﴿اعلم﴾ (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)**(رحمه الله) **هەروەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی لە نامیلکەو نوسراوەکانی وشەی ﴿اعلم﴾ و دوعاو پاڕانەوە لەدوای ﴿اعلم﴾ەوە زۆری بەکارهێناوە ئەوەش نیشانەی هەڵبژاردنی شێوازی جوانی وانە وتنەوەیە وە نوسراو و نامیلکەکانیەتی بە ﴿اعلم﴾دەست پێکردووە.**

لەسەرەتا فەرمانت پێدەکات ﴿اعلم﴾بۆ کارێکی گرینگ لەدوای خۆی دێت بەکاردەهێندرێت لەماناو واتای فەرمانە فەرمانیش بە ﴿اعلم﴾واتە بزانە (علم)زانستیت هەبێ پەیدای بکە، زانست بەمانای ئەوە دێت ئەوەی لە مێشك دایە لەگەڵ واقع تێك بکاتەوە لەسەر ڕای هەندێك لەزانایان، بەڵگەشت بۆی هەبێت ئەوە ڕای پەسەندو تەواوترە.

جا بزانە﴿أرشدك الله لطاعته﴾ چونکە فەرمانت پێدەکات قورسە لەسەر شان و ئەستۆی کەسەکان کە فەرمانیان پێدەکرێ یەکسەر دوعا و پاڕانەوەشت بۆ دەکات هەوڵدەدات تێتبگەیەنێت کە ئەو فەرمانەی من بۆ شکانەوە و بار قورسی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە دڵسۆزم بۆ تۆ، کارەکە پێویستەو پێویستە تۆ بیزانیت جا ئەو پیاوە بەڕێزە دوعای خێرت بۆ دەکات و دەفەرمووێ ﴿أرشدك الله لطاعته﴾ خودا سەر ڕاستت بکات بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ﴿أرشد﴾ لە زمانی عەرەبی بەمانای ئەوە دێت کە خوا هیدایەت و ڕێنمونیت بکات وە سەرت بخات و پشتگیریت بکات بۆ (رشد)،وە (رشد)یش لە زمانەوانیدا لەلایەن زاناکانی ئەهلی سوننەو جەماعە لەزاراوەی قورئانیش هەر بەمانای (العلم نافع وعمل الصالح) **واتە زانستی بەسوودو بەکەڵك وە کاروکردەوەی چاك دێت، هەندێك مفسرین وایان تەفسیر کردووە**

له﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى﴾(البقرة آية: 256).ئەو (رشد)ە لەسەرەتای ئایەتەكە هاتووە بەمانای ڕێبازی پێغەمبەرە (علیه الصلاة والسلام)و (غەی)ش ڕێبازی (ئەبو جەهل) ـە، واتە (رشد) علم وزانستی سوود بەخش وبەكەڵكیش لەسەروی هەموویانەوە لەهەموویان بەسوودتر (التوحید) و خوا بەیەكگرتنە وە ڕێبازەكەی پێغەمبەرە(علیه الصلاة والسلام)ئەوەی لەخۆ گرتووە و چاكیشە،وە ﴿لطاعته﴾ لە زمانەوانیدا لەلایەن زانایان بۆ ئەوە بەكاردێ بۆ جێبەجێكردنی فرمانەكانی خوای گەورە، واتە خودا سەر ڕاستت بكات و ڕێنمونیت بكات بۆ جێبەجێكردنی فەرمانەكانی.

جا لە پاشان دەفەرمووێ ﴿أن الحنيفية ملة إبراهيم﴾جا بەڕاستی ڕێی پاكی بەدەر لە شیرك و هاوبەشی و لادراو لە شیرك وهاوبەشی كە ڕێبازی (ابراهیم)ـە(علیه الصلاة والسلام)بریتیە لەوەی ﴿أن تعبد الله وحده مخلصا له الدين﴾ بەتەنها (الله) بپەرستی وە شیرك وهاوبەشی بۆ ئە نجام نەدەیت وە ئیخلاص و یەكلاكەرەوەت هەبێت دووربێت لە ڕیا و هاوبەشی كە ڕێبازو دینەكە ئاوایە خوای گەورە ناردوویتی كە پێی ڕازییە ئەو خوایە ئەم ڕێبازەی بۆ تۆ ناردووە وەكو خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ * وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ الْمُسْلِمِينَ﴾ (الزمر آية: 11-12) واتە: پێیان بڵێ من فەرمانم پێكراوە خودا بپەرستم بە ئیخلاص و دووربم لە شیرك وهاوبەش و ڕیا ، ئەوە ڕێبازی خوا پەرستن وبەیەكگرتنە، فەرمانم پێكراوە كە من ببم بەیەكەم لە مسوڵمانەكان . پاشان دەفەرمووێ ﴿قُلِ اللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَهُ دِينِي﴾ (الزمر آية: 14) واتە: بڵێ من ئەو (الله) یەی دەپەرستم بە ئیخلاص و دوور لە شیرك و هاوبەشی و ڕیا كە دین و ڕێبازی بۆ هەڵبژاردووم كە مەبەستی ڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیمە (علیه الصلاة والسلام).

جا خوای گەورە دەفەرموێت ئەو ڕێبازە بریتیە لە چ﴿أَنْ تَعْبُدَ اللهَ وَحْدَهُ مُخْلِصاً لَهُ الدِّين﴾خوای گەورە دەفەرموویت﴿اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ﴾ (الأعراف آية: 65)واتە:ئێوە خوا بپەرستن بە تاكو تەنهایی هیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینە نیە جگە لە(الله). یان دەفەرموویت﴿اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ (النحل آية: 36)واتە:ئێوە تەنها خوا بپەرستن و دووربكەونەوە لە تاغوتەكان .(تاغوت) ئەو كەسەیە كە دەپەرسترێ بێجگە لە خوای گەورە وە ڕازییە بە پەرستنەكەی.

جا كەواتە بۆمان بەدیاركەوت كە ڕێبازی تەواوی دوور لەشیرك و هاوبەشی كە ڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیم (علیه الصلاة والسلام) وە ڕێبازی پێغەمبەرمانە محمد (علیه الصلاة والسلام)كە بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە بە ئیخلاص وە دوور لە شیرك و هاوبەشی و ڕیا، ﴿كما قال تعالى﴾هەروەكو خوای گەورە فەرموویەتی ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات آية: 56)واتە:خودا فەرموویەتی من جنۆكەو مرۆڤم بەدینەهێناوە مەگەر بۆ پەرستش نەبێ واتە بۆ پەرستنی خۆم بەدیهێناون بۆئەوەم بەدینەهێناون كە شیرك و هاوبەشی و گوناهو تاوان ئە نجام بدەن.

﴿فإذا عرفت أن الله خلقك لعبادته﴾ جا ئەگەر تۆ زانیت ئەی کەسی بڕوادار ئەی مرۆڤ کە خوای پەروەردگار تۆی بەدیهێناوە لە پێناو پەرستنی خۆی، ﴿فاعلم﴾ بشزانە ﴿أن العبادة لا تسمى عبادة إلا مع التوحيد﴾ عیبادەت و پەرستش پێی ناگوترێ عیبادەت و پەرستش مەگەر لەگەڵ خوا بەیەکگرتن و تەوحید ئەنجامی بدەیت، جا ئەگەر شیرك و هاوبەشی لەگەڵ ئەنجامدا ئەوا کارە چاکەکەت و عیبادەتەکەت هەڵدەوەشێتەوە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموویێت ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ (الزمر آية: 65)واتە :ئەگەر شیرك و هاوبەشی ئەنجامبدەی ئەوە کاری چاك و عیبادەتت هەڵدەوەشێتەوە .وە خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (الأنعام آية: 88)واتە :ئەگەرشیرك و هاوبەشی ئەنجام بدەن ئەوا هەموو ئەو کارو کردەوە چاك و عیبادەتانەی ئەنجامتان داوە لێتان وەرناگیرێت و هەڵدەوەشێتەوە.

لە پاشان دەفەرموێ﴿كما أن الصلاة لا تسمى صلاة إلا مع الطهارة﴾ ئەوە نموونەیە بۆمان دەهێنێتەوە شێوازێکی جوانە لەدوای ئەوەی تێی گەیاندین (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) خوا پاداشتی بداتەوە بەبەڵگە هێنایەوە کە ڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیم(عليه الصلاة والسلام)بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە بەبێ شیرك و هاوبەشی، خوای گەورە لە پێناو پەرستنی خۆی ئێمەی بەدیهێناوە، جا مادەم عیبادەت ئەوەندە گرینگە دەبێت بشزانی عیبادەت و پەرستنی خوای گەورە ئیلا دەبێت تەوحیدی لەگەڵ دابێت دووربێت لە شیرك و هاوبەشی ئەگەرنا لێیت وەرناگیرێ، هەر وەکو دەفەرموویێت﴿كما أن الصلاة لا تسمى صلاة إلا مع الطهارة﴾ هەروەکو نوێژ بەڕاستی پێی ناگوترێت نوێژ و لێت وەرناگیرێت ئیلا دەبێت دەستنوێژت هەبێت وە بە پاکی بیکەیت و دوور بێت لە بێدەست نوێژی وبەدەستنوێژەوە بیکەیت، ﴿فإذا دخل الشرك في العبادة فسدت﴾ جا ئەگەر شیرك و هاوبەشی بچێتە ناو عیبادەت و پەرستش ئەوە بەڕاستی بۆگەنی دەکات وگەندەڵی دەکات و تێکی دەدات، ﴿كالحدث إذا دخل في الطهارة﴾ هەر وەکو بێ دەستنوێژی ئەگەر بچێتە ناو دەستنوێژەوە، کەسێك ئەگەر دەستنوێژی هەبێت توشی بێدەست نوێژییەکی ببێ ئەوکاتەی چوو دانیشت خۆی بەتاڵ کردەوە بۆ ڕوونکردنەوەی شەرعی و وانە وتنەوە شەرم لەدیندا نییە ئەوکاتە کە قەزای حاجەی کرد بێدەستنوێژ دەبێت ئەوا دەستنوێژەکەی لەدەست دەدات و دەشکێت، ئا ئەوها ئەگەر عیبادەت شیرك و هاوبەشی کەوتە ناوی ئەوا دەشکێت و بەتاڵی دەکاتەوە و وەرناگیرێت و لێت قبوڵ ناکرێت.

لە پاشان دەفەرموویێت ﴿فإذا عرفت أن الشرك إذا خالط العبادة﴾ جا ئەگەر زانیشت شیرك و هاوبەشی هاتۆتە ناو عیبادەتەکەت ﴿أفسدها﴾ گەندەڵ و بۆگەنی دەکا و تێکیدەداو نایهێڵێت ﴿وأحبط العمل﴾ وە عەمەلەکەت تەواو هەڵدەوەشێنێتەوە ڕەشی دەکاتەوە، ﴿وصار صاحبه من الخالدين في النار﴾ وە خاوەنی ئەو شیرك و هاوبەشییەی کە لەگەڵ عیبادەتەکە تێکەڵی کردووە دەیکاتە هەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخ پەنا بەخوای گەورە،

﴿عرفت أن أهم ما عليك هو معرفة ذلك﴾ کەزانیشت گرینگترین شت لە ئەستۆی تۆ بێت و لەسەرت بێت شارەزابوون و فێربوونی ئەوەیە، واتە شارەزابوون و فێربوونی خوا بەیەکگرتن و شیرك و هاوبەشییە تا شیرك و هاوبەشی نەکەیت لێی دووربیت و توشی نەبیت ﴿لعل الله أن يخلصك من هذه الشبكة﴾ بەڵکو بە ئومێدی ئەوەی خوای پەروەردگار ڕزگارت بکات لەو تۆڕەی کەبریتیە لە﴿وهي الشرك بالله﴾ شیرك و هاوبەشی دانان بۆ خوای پەروەردگار، ﴿الذي قال

الله تعالى فيه﴾ ئەو شيركەی كە خوای گەورە لەبارەيەوە فەرموويەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾(النساء آية: 48)واته:بەڕاستی (الله) خوای پەروەردگار خۆش نابێت لەشيرك وهاوبەشی بەلاّم جگە لەشيرك و هاوبەشی هەر گوناهو تاوانێكی تر ئەگەری هەيە خوای گەورە لێت خۆشبێت بەبێ تەوبەو گەڕانەوە بۆ لای خوای پەروەردگار .

جا لێرە بۆمان دەركەوت شيرك و هاوبەشی مەترسيدارە دەبێت لێی هۆشيار بين ئاگاداربين شيرك دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەكی .يەكەم شيركی گەورە خاوەنەكەی دەباتە دەرەوە لە ئيسلام وە ئەگەر لەسەری بمرێت پەنا بە (الله) بۆ هەميشەيی لە ئاگری دۆزەخ دەمينێتەوە وە خوای گەورە لێی خۆشنابێت كردەوەكانی هەڵدەوەشێنێتەوە، وەدووەم شيركی بچووك بەو مانايەی لەهەموو تاوانەكانی تر گەورەترە بەلاّم لە ئيسلام و ئيمان نايباتە دەرەوە . خوای گەورە ئايەتی زۆری دابەزاندووە دەربارەی شيرك و باسيان دەكات دەفەرمووێت ﴿ إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾(النساء آية: 48). وە لەجێگايەكی تر دەفەرمووێت ﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ﴾ (المائدةآية: 72)واته:بەڕاستی ئەوەی شيرك وهاوبەشی بۆ (الله) پەيدا بكات ئەوا بێگوان بەڕاستی خودای پەروەردگار بەهەشتی لەسەر حەرام دەكات.يان دەفەرمووێت﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُولَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ﴾ (البينة آية: 6)واته:بەڕاستی ئەوانەی كافرن لە خاوەن نامەو پەرتووك و كتابەكان وەموشريك وهاوبەش پەيداكاران هەميشەيين لەئاگری دۆزەخ ئا ئەوانە خرا پترينی بەديهێنراوانن.

يان دەفەرمووێت ﴿وَلَقَدْ أُحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِيْنَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِيْنَ﴾ (الزمر آية: 65)يان دەفەرمووێت﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾(الأنعام آية: 88)﴾.

جا لێرە زانيمان شيرك و هاوبەشی خەتەرناكە دەبێت زۆر لێی هۆشيار بين و ئاگاداربين وەنەمانگرێتەوە وە ئەهلی سوننەو جەماعەش لەسەر ئەوەی ئايا ئەگەر تەوبە بكەين لەسەر شيرك و هاوبەشی ئەوا ئەو گوناهەمان ڕەشدەبێتەوە، بەڵێ بە تەوبە كردن هەموو گوناهێك بەشيرك و هاوبەشيشەوە ڕەش دەبێتەوە، بەلاّم ئەگەر مەرجەكانی لێ بێتە جێ، بەلاّم بەبێ تەوبە بمرێ لەسەر شيركی گەورە بەيەك دەنگی لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە لێی خۆش نابێ، بەلاّم شيركی بچووك ئيختلافی لەسەرە كۆمەڵێك دەڵێن ئەگەری هەيە خوای گەورە لێی خۆشبێت بەلاّم هەندێكی تر دەڵێن شيركی بچووكيش بەبێ تەوبە خوای گەورە لێی خۆش نابێ، بەلاّم گوناهەكانی تر جگە لە شيرك و هاوبەشی ئەگەر كەسەكە بەبێ تەوبەش لەسەری بمرێ خوای پەروەردگار بەمەشيئەت ويستی خۆ ئەگەر بيەوێ هەيە لێی خۆشببێ.

جا(شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب) دەفەرموێت﴿وذلك بمعرفة أربع قواعد ذكرها الله تعالى في كتابه﴾ ئەو شيرك و هاوبەشيەش بەچوار بنەما دەناسرێت كە خوای گەورە لە پەرتووكەكەی خۆی باسيكردووە.

وانەی سێیەم

لەسەر ئەو پێشەکیەی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) کە لە دوو وانەی ڕابردوودا ڕاڤەو شەرحێکی کورت و پوختمان کرد چەند پرسیارێکمان داناوە تەنها لەسەر پێشەکییەکەی کە (25) پرسیارە بەوەڵامەوە ئەوە داواکراوە لە قوتابیە بەڕێزەکان کەوا پرسیارەکان جوان تێبگەن و وەڵامەکانی بەجوانی لە مێشك و دڵیان جێگیر بکەن، ئەو پرسیارانە کە هاتە پێشیان ئەو وەڵامانەی بۆ بنووسن و بۆی دیاری بکەن ڕۆژانەش سوود و کەڵکی لێ ببینن.

پرسیار و وەڵامەکان

یەکەم: ماناى ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ بەکورتی و پوختی چییە؟

وەڵام: بەیارمەتی ناوی﴿الله﴾ ئەم کارە دەکەم جا هەر کارێك بکەیت ئەوە مەبەستت دەبێت، ﴿الله﴾ناوی کۆکەرەوەی هەموو ناوە زۆر جوانەکان و سیفەتەکانی خودایە واتە پەرستراوی شایستەی پەرستن، ﴿الرحمن﴾ لەسەر وەزنی (فعلان)ــە سیغەی موبالەغەیە واتە بەزەیی فراوان کە هەموو شتێك لەخۆی دەگرێت، ﴿الرحيم﴾ لەسەر وەزنی (فعيل)ــە بەمانای (فاعل) دێت واتە خوای خاوەن بەزەیی و گەیێنەر بەوەی شایستەی بەزەییە لەهەر کات و شوێنێکی هەر کەسێکی کە بیەوێت پێی بگەیەنێت پێیدەگەیەنێت.

دووەم: مانای ﴿أن يتولاك في الدنيا والآخرة﴾ چییە؟

وەڵام: واتە لە دونیاو دوارۆژ کارو ئیشەکانی هەردووکیان خوای پەروەردگار پشتگیری کارو یارمەتی دەرت بێت.

سێیەم: پشتگیری و یارمەتی دانی خوا بۆ بەندەکانی چەندە و چەند جۆرە؟

وەڵام: پشتگیری خوا بۆ بەندەکانی دوو جۆرە :

1- پشتگیری تایبەت بۆ ئەو بڕوادارانەی کە بڕوای تەواویان بە خودای پەروەردگار هەیە لەخوا ترسانیان هەیە و پارێزکارن هەر وەك خوای گەورە فەرموویەتی ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ * الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾ (يونس آية: 62-63)واتە: ئاگاداربن بەڕاستی دۆست و وەلیانی خوا ترسیان لەسەر نییە و غەمگینیش نین ئەوانەی بڕوایان هێناوەو پارێزکاری دەکەن .

2- پشگیری و یارمەتی گشتی بۆ هەموو بڕوادارێکە چەندی گوناه کاریش بێت مادام لە بڕواداری دەرنەچووبێت و کافر نەبووبێت، خوای پەروەردگار فەرموویەتی کە دوعاو پاڕانەوە دەکەن﴿أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ (البقرة آية: 286).واتە :ئەی خوای پەروەردگار تۆ دۆست و پشتگیری کاری ئێمەیت جا سەرمان بخە بەسەر کۆمەڵەی بێباوەڕاندا.

چوارەم: مانای ﴿مباركا﴾ چییە؟

وەڵام: پیت وبەرەکەت و چاکەت بۆ خودی خۆت و جگە لەخۆت دەگەیەنێت واتە کەسێ کە پێی دەگوترێ﴿مباركا﴾ لە خودی خۆیدا چاکەی هەیە و خاوەن پیت و بەرەکەتە، وە ئەو چاکەو پیت و بەرەکەتەی دەتوانێت بگەیەنێت بەکەسێکی تریش وخەڵکی تریش سوودی لێ ببینێت.

پێنجەم: ئایا دروستە وشەی ﴿تبارك﴾ یش بۆ مرۆڤ بەکار بێت هەر وەکو ﴿مباركا﴾ بەکاردێت؟

وەڵام: نەخێر چونکە کەس ئەوەی لەتواناادا نییە ﴿تبارك﴾ واتە پیت و بەرەکەت و خێر بخاتە ناو شتەکان و پێیان ببەخشێت ئەوە تەنها لە توانای (الله)یە تەنها بۆ ئەو دەبێت، بەڵام﴿مباركا﴾ بۆ مرۆڤەکان و بەدیهێندراوەکانیش دەبێت واتە ئەوەی پیت وبەرەکەتی پێبەخشراوە لەلایەن خودای پەروەردگار، هەروەکو خوای پەروەرگار دەفەرمووێ﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا﴾(الفرقان آية: 1). واتە :گەورەیی و مەزنی بۆ ئەو خودا پەروەردگارەی کەوا(فرقان) واتە قورئان جیاکەرەوەی نێوان ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی دابەزاندووە بەسەر بەندەکەی تا ببێتە ترسێنەر بۆ جیهانیان.

شەشەم: مەبەست لە ﴿شکر﴾ چییە؟

وەڵام :هەڵسان بەجێبەجێکردنی مافەکانی و نازونیعمەت وبەخشینەکانی خودای پەروەردگار ئەویش بەو خاڵانە دەکرێ:

1- داننان بەوەی کە هەموویان لەخواوەیە ئەو بەخشیشە بەدڵ دانی پێدابنێین کە خوای پەروەردگار پێی بەخشیوە.

2- باسکردنی نازو نیعمەتەکان و پاڵدانی بۆ لای خوای پەروەردگار﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾(الضحى آية: 11).

3- بەکارهێنانی نازو نیعمەتەکان لە پێناو ڕەزامەندی خوای پەوەردگار.

کەواتە ﴿شکر﴾ سوپاسگوزاری بەدڵەو هەم بەزمانیشەو هەم بە کرداریشە.

حەوتەم: مەبەست لە ﴿صبر﴾ چییە؟وەجۆرەکانی چەندە؟

وەڵام :﴿صبر﴾ ئارامگرتن و خۆراگریە وە سێ جۆرە:

1- ئارامگرتن وخۆڕاگری لەسەر فەرمانەکانی خوای پەروەردگار وە بانگەوازی کردن بۆ لای خوای پەرورەدگار .

2- ئارامگرتن و خۆڕاگری لەسەر گوناه و تاوانەکان.

3- ئارامگرتن و خۆراگری لەسەر تاقیکردنەوەو قەدەرەکانی خوای پەروەردگار کەبەسەرت دێت لەناخۆشی و ژان کە تیایدا هەیە.

هەشتەم: بڕوادار چۆن دەتوانێ ﴿صبر﴾ بگرێ لە ناخۆشی و تاقیکردنەوەکان؟

وەڵام :بەسێ خاڵ دەتوانێ ئارامگر بێت:

1- ئارامی و صبر گرتنەکەی لە پێناو خوا بێت و هیچ مەبەستێکی تری نەبێت، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت﴿وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ﴾ (المدثر آية: 7). واتە :لە پێناو پەروەردگارەکەت ئارمگر بە.

3- ڕازی بێت بەتاقیکردنەوەکە وپێی ناخۆش نەبێت کە خوا ئەوەی بەسەر هێناوە.

4- ئارامگرتنەکەی لە کاتی سەرەتای تاقیکردنەوەکەبێت، وەکو پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)فەرموویەتی کە لە صحیحی بوخاری بەژمارە (1302)وە لە صحیحی مسلیم بە ژمارە (926) تۆمار کراوە((الصَّبْرُ عِنْدَ الصَّدْمَةِ الْأُوْلَى))واتە : صبرو ئارامی لەکاتی توشبوونی سەرەتایی بەڵاو ناخۆشی و موصیبەتەکەیە.

نۆیەم: مەبەست لە ﴿استغفار﴾ چییە؟

وەڵام:﴿استغفار﴾ داواکردنی دا پۆشینی گوناه و تاوانە وسڕینەوەی شوێنەوارەکانیەتی .

دەیەم: ئایا بڕوادار گوناه دەکات یان نا؟ ئەگەر گوناهی کردو لێی گەڕایەوەش ئەوا حوکمی چییە؟

وەڵام:بەڵێ هەموو بڕوادارێك ئەگەری هەیە تاوان بکات، وە خوای پەروەردگار تەنها پێغەمبەرانی(علیهم الصلاة والسلام) پاراستووە وەکو پێغەمبەرمان (علیه الصلاة والسلام) فەرموویەتی ((الْمَعْصُمُ مَنْ عَصِمَ الله))صحیح بوخاری بە ژمارە(1302). واتە: پارێزراو لە گەناهو تاوانەکان تەنها ئەوانەن کە خودا ئەوانی پاراستووە کە پێغەمبەرانن(علیهم الصلاة والسلام)، وە بە تەوبە ڕەش دەبێتەوە گوناه و تاوانەکانی،وە بڕوادار خاوێن دەبێتەوە لەگوناه و تاوانەکانی گەر بەردەوام بێت لەسەر تەوبەکەی و پاداشتی دەست دەکەوێ لەلای خوا پەروەردگار.

یازدەم: مانای ﴿فإن هؤلاء الثلاث عنوان السعادة﴾ چییە؟

وەڵام: بەڕاستی ئەو سێیانە ﴿شكر﴾ و ﴿صبر﴾و﴿استغفار﴾ ناونیشانی بەختەوەرین و پەژارە لابەرو غەم ڕەوێنن.

دوازدەم: مەبەست لە وشەی ﴿اعلم﴾ چییە؟

وەڵام:فەرمان کردنە بەفێربوون و زانستی بەدەست هێنان.

سێزدەم: پێناسەی عیلم و زانست چییە؟

وەڵام:﴿العلم﴾ زانست بریتیە لە ناسین و فێربوونی شتێك بەتەواوی و ڕاستیەکەی کە ئەو شتە هەیەتی و لە واقیعدا لەسەریەتی جا بە سێ خاڵ لەلای زۆرینەی زانایان (علم) پێی دەگوترێ (علم) و زانست:

1- **یەکلابوونەوەی بڕوایەو کەسەکەش شتەکەی لەلا دڵنیا بێت شك و گومانی تیا نەبێت جا ئەوەی خاوەن شك و گومانە لە شتێکی دا پێی ناگوترێ خاوەن زانست پێی دەگوترێ گومانبەر.**
2- **زانراوەکە دەبێت لەگەڵ حاڵ و باڵ و ڕاستی تێك بکاتەوە لەواقیعدا بوونی هەبێت و لەگەڵی تێك بکاتەوە ئەگەر لەگەڵی تێکی نەکردەوە پێی ناگوترێ زانست.**
3- **ئەوە بە پێی بیرو بۆچونی هەندێ لەزانایان وایە دەبێت بەڵگەی لەسەر هەبێت، کە ئەوە ڕای هەموو زانایان نیە . کەواتە هەر خاڵ و شتێك لە زانیاری و زانستەکان ئەگەر بێتو لەگەڵ واقیع تێکی کردەوە کەسەکە لێی دڵنیا بوو و بەڵگەشی لەسەر هەبوو ئەوە پێی دەگوترێت زانست.**

چواردەم: مانای ﴿أرشدك الله لطاعته﴾ چییە؟

وەڵام: خودا سەر ڕاست و ڕێی ڕاستت بکات و ڕێگاکانی جێبەجێکردنی فرمانەکانی بۆ ئاسان بکات و پشتگیری کارت بێت لە کردنیاندا .

پازدەم: مەبەست لە وشەی ﴿الطاعة﴾ چییە؟

وەڵام: جێبەجێکرنی فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغە کراوەکان دەگەیەنێت.

شازدەم: ماناى﴿الحنيفية ملة إبراهيم﴾ چییە؟

وەلام:﴿الحنيفية﴾ لادان لە هاوبەشی و شیرکەوە بەرەو خودا بەیەکگرتن وتەوحید وە﴿ملة إبراهيم﴾ واتە ئاین وڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیم(عليه الصلاة والسلام)هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ * شَاكِرًا لِأَنْعُمِهِ﴾(النحل آية: 120-121). جا عیبادەت و پەرستشیش بەوەی دەکرێت کە کەسەکە خۆی ملکەچ و گەردەن کەچ بێ لەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار، وە خۆشەویستیشی لەگەڵدا بێت ، واتا هەم خۆی بەکەم بزانێ وگەردن کەچ و ملکەچ بێ بۆی و هەم خۆشیشی بوێت و خۆشەویستی لەگەڵ بێت.

حەڤدەم: بەچی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا دەبێتە(پەرستش)؟

وەلام:بە چوار خاڵ:

1- **خۆ بەکەم گرتن و دڵ کەچی و ملکەچی بوون.**
2- **ترسان لەوەی خودا تۆڵەی لێبستێنێ بە ئەنجام نەدانی فەرمانەکانی و بە کردنی قەدەغە کراوەکانی ﴿وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾**(آل عمران آية: 175).
3- **ئومێد بوون و ڕەجا بوون بە پاداشتەکانی خودا ﴿أُولَئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللَّهِ﴾**(البقرة آية: 218).
4- **خۆشەویستی خوا وفەرمانەکانی خوای خۆش بوویت﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾**(البقرة آية: 165).

هەژدەم:مەرجەکانی پەرستش وەرگرتن و قەبوڵ بوونی لەلای خودای پەروەردگار چەندە و چین؟

وەلام:دوو مەرجە :

1- **یەکلا بوونەوە و (الاخلاص) بوون**
2- **(الصواب) شوێنکەوتەبوونی ڕێبازی خوداو سوننەتی پێغەمبەر** (عليه الصلاة والسلام) **و لەگەڵ شەریعەتەکەی تێك بکاتەوە.**

نۆزدەم: ماناى ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْأِنْسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات آية: 56). **چییە؟**

وەلام:وات: خودا فەرموویەتی جنۆکەو مرۆڤم بەدینەهێناوە مەگەر بۆ پەرستن و پەرستشی خۆم نەبێ کە دەبێت بە تەوحید و خوا بەیەکگرتنەوە ئەم پەرستشە ئەنجام بدرێت دوور بێت لە شەریك و هاوبەشی و ریا.

بیستەم: ئایا پەرستش بەبێ تەوحید و خودا بەیەکگرتن دەبێتە پەرستش؟

وەلام:نەخێر هەموو پەرستشێك دەبێ خودا بەیەکگرتنی تیابێت لەگەڵ بێت، خوا بەیەکگرتنیش بەبێ کوفر بە تاغوت جێگیر نابێت هەر وەك خودای گەورە فەرموویەتی ﴿فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى﴾ (البقرة آية: 256). **واتە: بێگومان ئەوەی کافر بێ بە تاغوت و بڕوابێنێت بە (الله) ئەوە دەستی گرتووە بە قوڵپ و دەستگری پتەو و بەهێز.**

بیست و یەك: پێناسەی ﴿تاغوت﴾ بەکورتی چییە؟

وەلام: هەرکەس و شتێك بپەرسترێت جگە لە خوای پەروەردگار یان لەگەڵ خوای پەروەردگار وە ئەو کەس و شتە ڕازی بێت بەو پەرستشە کە بۆی ئەنجام دەدرێت ئەوە تاغوتە.

بیست و دوو: ئایا نوێژ دروستە بەبێ دەست نوێژ ئەنجام بدرێت؟
وەڵام:نەخێر ئەگەر دەست نوێژت نەبێت نوێژەکەت لێوەرناگیرێ وە دروست نابێت و پێی ناگوترێ نوێژ، جا پەرستشیش بەهەمان شێوە ئەگەر خوا بەیەککگرتن و تەوحیدی لەگەڵ نەبێ وە دوور نەبێت لە شیرك و هاوبەشی پێی ناگوترێ پەرستش و عیبادەت.
بیست و سێ: هەر پەرستش و کارێکی چاك ئەگەر لەگەڵ شیرك و هاوبەشی ئەنجام بدرێ چی لێدێت بە نموونەو بەڵگەوە وەڵام بدەوە؟
وەڵام:تێکەڵکردنی شیرك و هاوبەشی بە کاری چاك و پەرستش ئەو کاتە بەتاڵی دەکاتەوە هەروەکو دەست نوێژ شکان نوێژەکەت لێ ناهێڵێت و بەتاڵی دەکاتەوە، بۆیە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)دەفەرموێت ((قَالَ اللّهُ تَعَالَى أَنَا أَغْنَى الشُّرَكاءِ عَنِ الشِّرك مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشرَكَ فيْهِ مَعِي غَيري تَرَكتُهُ وَشِركَهُ))صحیح مسلیم بەژمارە (2985)واتە: لەو فەموودە قودسیە خودای پەروەردگار فەرموویەتی من دەوڵەمەندترینی هاوبەشان و شەریکەکانم لە شەریك وهاوبەشی، ئەوەی کە کارو کردەوەیەکی کرد کەسێکی تر جگە لەمن لەگەڵم بکاتە شەریك و هاوبەش خۆی و شیرك و هاوبەشییەکەی واز لێدێنم نامەوێ و وەری ناگرم.
بیست و چوار: ئەگەر زانیت هاوبەشی و شیرك پەرستش ناهێڵێت و تێکی دەدات و کاروکردەوەکانت پوچەڵ دەکاتەوە و خاوەنەکەی هەمیشەیی دەکات لە دۆزەخ کەواتە پێویستە چی بکەین و بیزانین؟
وەڵام:گرینگترین شت ئەوەیە لە شیرك و هاوبەشی شارەزابیت و بیناسی تاکو لێی قوتار بیت و تێی نەکەویت، هەروەکو خودای پەروەرگار دەفەرمووێت ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ (النساء آية: 48).
بیست و پێنج و کۆتایی: ئایا خودای پەروەردگار لە شیرك و هاوبەشی دەبوورێت؟
وەڵام:ئەوەی تەوبە بکات و وازبێنێ لە هاوبەشی چ هاوبەشی گەورە بێت یان هاوبەشی بچووك ئەوە بەیەك دەنگی زانایان بەدڵنیاییەوە خوای پەروەردگار لێی دەبوورێت و تەوبەکەی لێوەردەگرێ لەسەری ڕەش دەکاتەوە، بەڵام گوناهەکانی تر جگە لە هاوبەشی بەدڵنیاییەوە لەلای ئەهلی سوننە وجەماعە یەك دەنگن لەسەر ئەوەی دەکەوێتە بەر مەشیئەت و ویستی خودای پەروەردگار، خودا بیەوێ بەبێ تەوبەش لە خاوەنەکەی دەبووریٰ و خۆش دەبێ وەئەگەر نەشیەوێ لێی نابووریٰ، جا تەنها جیاوازی لەسەر شیرك و هاوبەشی بچووك هەیە ئایا بەبێ تەوبە خودای پەروەردگار لێی خۆشدەبێ یان نا زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە دوو بۆچوونیان هەیە کۆمەڵێکیان دەڵێن خوای پەروەردگار لێی خۆش نابێ کۆمەڵێکیشیان دەڵێن خوای پەروەردگار لێی خۆش دەبێت.

وانەی چوارەم

الْقاعِدَة الأولى: أَنْ تَعْلَمَ أَنَّ الْكُفّارَ الَّذِينَ قَاتَلَهُم رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم مُقِرُّونَ بَأَنَّ اللهَ تَعالى هُوَ الْخالِقُ الْمُدَبِّر، وَأَنَّ ذَلِكَ لَمْ يُدْخِلْهُمْ فِي الْإِسْلام.

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعالى:{قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلا تَتَّقُونَ}(يونس آية: 56).

****

گەیشتینە بنەمای یەکەم ئەو چوار بنەمایەی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله) فەرمووی بەوانەوە شارەزای شیرك و هاوبەشی دەبین بۆ ئەوەی خۆمانی لێ دوور بگرین، بۆ ئەوەی تەوحید و خوا بەیەکگرتنمان ڕاست و دروست دەربچێتێتەوە چوار بنەماکەن.

﴿القاعدة الأولى﴾ بنەمای یەکەم ﴿أن تعلم أن الكفار الذين قاتلهم رسول الله صلى الله عليه وسلم مقرون بأن الله تعالى هو الخالق المدبر، وأن ذلك لم يدخلهم في الإسلام﴾ دەفەرمووێت بزانن و شارەزا بن بەڕاستی کافرو بێبڕواکان ئەوانەی پێغەمبەری خوا(عليه الصلاة والسلام)کوشتار و جەنگی لەگەڵ کردن دانیان نابوو بەوەی بەڕاستی (الله) خوای بەرز هەر ئەوە ﴿الخالق﴾بەدیهێنەر وە ﴿المدبر﴾بەڕێوەبەر، جا ئەو بڕیاردان و دانپێدانەیان ئەوانی نەخستە ناو ئیسلام وە بە مسوڵمان و بڕوادار لەقەڵەم نەدران، ﴿والدليل قوله تعالى﴾وە بەڵگەش لەسەر ئەوە فەرموودەی خوای بەرزە﴿قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلا تَتَّقُونَ﴾(يونس آية: 56).واتە: پێیان بڵێ ئەی محمد(عليه الصلاة والسلام)کێیە ئەو زات وکەسەی ڕزق و ڕۆزیتان دەدات لە ئاسمان و لەزەوی ئەوەی کە بیستن و بینینی ئێوەی بەدەستە و خاوەنیەتی ئەوەی کە زیندوو لەمردوو دەردەهێنێ وە مردوو لە زیندوو دەردەهێنێت وە ئەوەی بیربکاتەوەو وردبێتەوە لەکارەکان دەزانێت کێیە، کە ئەوەی کاروبارەکان بەڕێوەدەبات لەوەڵامدا ئەوان دەڵێن﴿فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ﴾ دەڵێن ئەوە خودایە.

کەواتە بڕوایان هەیە بەوەی کە ڕزق و ڕۆزی و زەوی و بەدیهێنانی مرۆڤەکان و بەدیهێندراوەکان وە لەنەبوونەوە هێنانەبوون و لەبوونەوە هێنایە نەبوون وە بەڕێوەبردنی هەموو کارەکان هەمووی ئەوە (الله) خاوەنێتی لەدەستی ئەو دایە، تۆش ئەی محمد(عليه الصلاة والسلام) پێیان بڵێ ﴿فَقُلْ أَفَلا تَتَّقُونَ﴾ پێیان بڵێ ئەی بۆ ئێوە لەو (الله) یە ناترسن پارێزکار نابن بۆچی نابن بەخاوەنی تەوحید و خوا بەیەکگرتن مادەم ئەوەی دەزانن.

کەواتە ئەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە بەتەنها بڕوابوون بە پەروەردگاریەتی خوای پەروەردگار بەوەی کە ڕۆزیدەرە وە خوای پەروەردگار دەمرێنێ و دەژیێنێ وە خودای پەروەردگار هەموو بوونەوەری بەدیهێناوە وە هەموو بەدیهێندراوەکانی بەدیهێناوە وە خاوەنیانە هەر خودایە هەموو کاروبارەکانی بەدەستە وە باران دادەبەزێنێت لە ئاسمان وە خوای پەروەردگارە دەغڵ و دان شین دەکات لەسەر زەوی هەموو ئەو کارانەی پەروەردگار ئەگەر کەسەکە دانی پێدابنێت بەوەی تەنها نابێتە مسوڵمان و بڕوادار، ئەوە ناهێنێتە بازنەی ئیسلام و مسوڵمانان و بڕواداریەتی، لەبەر ئەوەی موشریك و کافرەکانی سەردەمی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)کاتێك کەوا ئەو بڕوایەیان هەبوو وە ئاوا دانیان پێدادەنا چونکە ئەوە خۆی لە سروشتی مرۆڤەکانەوە هەڵقوڵاوە و سەرچاوەی گرتووە، هەروەکو پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)دەفەرموویت ((كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أو يُنَصِّرَانِهِ أو يُمَجِّسَانِهِ))صحیح بوخاری بەژمارە(1385) وە لە صحیح مسلیم بە ژمارە (2658) هاتووە.واتە: هەموو منداڵێك کە لەدایك دەبێت لەسەر فیطرەت و تەوحید و خوا بەیەکگرتن لەدایك دەبێت لەدواییدا دایك و باوکێتی دەیکەنە جولەکە یان دەیکەنە نەصرانی (گاور) یان دەیکەنە ئاگر پەرست.

وە لەو سەردەمەی خۆمان دەیکەنە ئەهلی بێدینی و ڕێبازو ڕێچکەکانی سەردەم یان لەبەرچاوی خۆمان دەیکەنە لایەنەکەی خۆی یان دەیکەنە عەلمانی، کەواتە ئەو بیرو بڕوایە کە خودای پەروەردگار تاك و تەنهایە بەکردارەکانی کە (تەوحیدی ڕبوبیەت) ی پێ دەگوترێ، کە پێناسەی تەوحیدی ڕبوبیەت ئاوا دەکرێت (إفرادُ اللهِ سُبحانَهُ وَتَعَالى بِأفعاَلِهِ)واتە: بەتاك دانانی خوای پەروەردگار لە کار و کردارەکانی، ئەوە ئەو کەسەی ناهێنێتە ناو بازنەی ئیسلام و مسوڵمان و بڕوادار کە خوێنی پارێزراوبێت، یان پێناسەیەکی تر بۆ توحید ربوبیە(إفرادُ اللهِ بِالْخَلْقِ وَالْمُلْكِ وَالتَّدبِيرِ) واتە: بڕوابوون بەوەی کە خودا تاك و تەنهایە لە بەدیهێنان کە شتی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون لە پاشان ئەو خاوەنیانە وە ئەو دەسەڵاتی هەیە بەسەریان وە ئەویش بەڕێوەیان دەبات بەو پەڕی ڕێك و پێکی بەڕێوەبردن ، ئا ئەوانە خەڵکەکەی نەکردە مسوڵمان و بڕوادار لەسەردەمی پێغەمبەری(علیه الصلاة والسلام)،یان وایان لێبکات کە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)کوشتاریان لەگەڵ نەکات بەکافرو موشریك ناویان نەبات، بەڵکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز تۆماری کردووە هەر بەکافر ناوی بردوون وە بە موشریکیش ناوی بردوون وە دەفەرموویت﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ﴾(يوسف آية: 106). واتە: لەگەڵ ئەوەی ئەوان هەموو دەڵێن خوای پەروەردگار ئێمەی بەدیهێناوە وە ڕزق و ڕۆزیمان دەدات وە وە بیستن و بینین و ژیان و مردنمان هەمووی بە دەستی (الله) یە، لەگەڵ ئەوەی خوای پەروەردگار وتی زۆری هەرە زۆریان بڕوایان نەهێناوە، وە بڕوایان نیە بە (الله) کە تاك و تەنهایە لە تەوحید و خوا بەیەکگرتن بە تایبەتی لە پەرستش و عیبادەت ئیللا ئەوان زۆربەیان موشریك و هاوبەش پەیداکارن،مەبەستی پێی ئەوەیە کە لەئیمان و بیروبڕوایان بە پەروەردگارێتی پەروەردگار ئائەوانە بڕوایان هەبووە بەڵام لە بیروبڕوایان لەوەی کە خوای پەروەردگار بەتاك و تەنهایی شایستەی پەرستنە نابێت شەریك و هاوبەشی بۆ ئەنجام بدەیت لەوەیەوە شیرك و هاوبەشیان ئەنجام دەداو لەوەوە بە بڕوادار لەقەڵەم نەدراون،﴿إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ﴾واتە لە عیبادەت و پەرستشی خوای پەروەردگار شیرکیان ئەنجام دەدا، هەر وەکو ابن عباس (رضي الله عنهما)لە تەفسیری ئەو ئایەتەی لە سوڕەتی یوسف فەرموویەتی ئەوە لە بیروبڕوایاندا هەبووە کە پێیان دەوترا (مَنْ

خَلَقَ السَّماوات) کێیە ئەوەی ئاسمانەکانی بەدیهێناوە (وَمَنْ خَلَقَ الْأَرْض)وە کێیە ئەوەی زەوی بەدیهێناوە (وَمَنْ خَلَقَ الْجِبال) کێیە ئەوەی شاخەکان وچیاکانی بەدیهێناوە (قالُوا الله)ئەوان لەوەڵام دەیان گوت ئەوە (الله) یە ،
(وُهُمْ مُشْرِكُون بِهِ) لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان شیرك و هاوبەشیان بۆ خوای پەروەردگار بڕیار دەدا، وە (لات و مەنات و عوززا)یان لەگەڵ خوای گەورە دەپەرست بۆ ئەوەی لە خوای گەورەیان نزیك بکاتەوە، یان ببنە تکاکار بۆیان لای خوای گەورە کە شیرك و هاوبەشیان ئەنجام دەدا لە پەرستشدا.
ئەگەر تەماشای حاڵو باڵی کافرو موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)یان لە پێش هاتنی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ وەکو خەڵکێکی زۆری ئێستاش دان بەوەی دادەنێن وە دانیان بەوە دادەنا کە خوای گەورە بوون و وجودی هەیە، وە خوای گەورە خاوەنی هەموو بەدیهێندراوەکانە، وە ژیان و مردن بە دەستی خوای پەروەردگارە، وە ڕزق و ڕۆزی بەدەستی ئەوە، وە خوای پەوەردگار باران دەبارێنێ هەر ئەوە لە زەوی دەغڵ و دان شین دەکات، بەڵام لە پەرستش و عیبادەت شیرك و هاوبەشیان بۆ خوا ئەنجام دەدا، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێ﴿أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ﴾(الأعراف آية: 191).واتە: ئایا ئەوانە دەکەنە شیرك و هاوبەش بۆ خوای پەروەردگار کەوا هیچ بەدی ناهێنن ئەوەیان لەدەست نیە هیچ شتێك بتانن لە نەبوونەوە بهێننەبوون و دروستی بکەن بەڵکو ئەوان بەدیهێندراون لە نەبوونەوە لەلایەن خوای پەروەردگار.

جا لە پاشان دەردەکەوێت بەو ڕوونکردنەوانەکەواتە تەوحیدی ڕبوبیە ئەگەر بڕوات پێ هەبێت هیچ شەریك و هاوبەشی بڕیار نەدەی لە تەوحیدی ڕبوبیەت ئەوە ناتکاتە مسوڵمان و بڕوادار هەتا لە پەرستش و عیبادەت یەکلانەبیەوە هیچ شەریك و هاوبەشی بڕیار نەدات، وە پێت وابێت کە زەرەرو قازانج بەدەست هیچ کەس و شتێك نییە جگە لە (الله).

بەڕاستی لەو بنەمایە ئەوەمان تێدەگەیەنێت (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله) کەعەرەبەکان و موشریکەکان لەماناو واتای (لا إله إلا الله) ی چاکتر تێگەیشتبوون لەخەڵکی ئەو سەردەمەی خۆمان، لەبەر ئەوەی چونکە ئەوان بڕوایان وابوو بە تەوحیدی ڕبوبیەت، شیرك و هاوبەشیان لەبواری ڕبوبیەت ی پەروەدگار پەیدا نەکردبوو، بەڵام کە دەگوترا (لا إله إلا الله) بەدڵنییاییەوە (لا إله إلا الله) تێیدەگەیشتن لەوەی کە بەمانای ئەوەدێت (لا معبود بحق إلا الله) لەبەر ئەوە ڕازی نەدەبوون کە دەیانووت ئێمە (لات و عوززا مەنات)یش دەپەرستین دەیانکەینە نێوان لە نێوان خۆمان و خوای گەورە دەیانکەینە تکاکار بۆمان لەبەر ئەوەیە کەوا بڕیاری پەرستنی ئەو بتانەیان دابوو دەیان پەرستن، جا مانای (لا إله إلا الله) یان قەبوڵ نەدەکرد بەتەواوەتی تێگەیشتبوون کە(لا إله إلا الله) یەعنی(لا معبود بحق إلا الله) هیچ پەرستراوێکی هەق و ڕەوا نییە جگە لە (الله)، نەك وەك تاقم و کۆمەڵێکی تر جگە لە ئەهلی سوننە و جەماعە کە (لا إله إلا الله) پێناسە دەکەن شەرح و ڕاڤەی دەکەن و دەڵێن مانایواتا(لا خالق ولا مدبر إلا الله)،نەخێر ئەوە ئەوەش دەگەیەنێت بەڵام مانای زیاتر و تەواوتر ئەوەیە (لا معبود بحق إلا الله) هیچ پەرستراوێکی هەق و ڕەوا نیە جگە لە (الله)، لەبەر ئەوە لەو ئایەتە دەردەکەوێ کە خوای گەورە فەرموویەتی ئەوان چیان دەگوت ﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا﴾(ص آية: 5).ئایا محمد(علیه الصلاة والسلام)هاتووە ئەو هەموو پەرستراوانەی ئێمە بەیەك پەرستراو ڕازیمان دەکات دەیانکاتە یەك و ئێمە هەموو ئەوانیتر واز لێبێنێن .

كەواتە ئەوان بڕوایان وابوو كە خوای پەروەردگار (الله) لە پەروەردگاریێتیدا تاك و تەنهایە بەڵام بۆ تكاكردن و نێوانێك لە نێوان ئەوان و خوای پەروەردگار ئەو بتانەیان دەپەرست لە تەوحیدی ئولوهیەت تێكەوتبوون وە شیرك و هاوبەشیان دەكرد لەبەرئەوەیە بەم ئایەتانە دەردەكەوێت كە موشریك و كافرەكانی سەردەمی پێغەمبەری(علیه الصلاة والسلام)قەرداری كردونەتەوە پابەندی كردوونە بە (تەوحیدی ڕبوبیەت) كە (تەوحیدی ئولوهیەت) بێننە جێ كاتێ ئەم هەموو پرسیارانەیان لێدەكات وەكو ئەو ئایەتەی كە (شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله) هێناویەتەوە ﴿قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلا تَتَّقُونَ﴾(يونس آية: 56).

یان لە شوێنێكی تر دەفەرموویێت ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾(الزخرف آية: 87). كە خوای گەورە پێیان دەڵێ مادەم ئێوە بڕواتان بەوە هەیە كە خوای گەورە تاك و تەنهایە لە بەدیهێنانی ئاسمان و زەوی وە ڕزق و ڕۆزی دانتان وە مردنتان و ژیانتان وە باران بارین هەمووی بەدەستی (الله) یە، مادەم بۆچی نایێن بیپەرستن وە بتەكان وازلێبێنن چونكە هەمووی بەدەستی (الله) یە هەر ئەو شایستەی پەرستنە بێ شیرك و هاوبەشی بپەرسترێت وە كاتێك ئەوان دەیان وت﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾(ص آية: 5). جا دەردەكەوێت موشریك و كافرانی سەردەمی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)ئاوا بە بێ بڕوا و موشریك لەقەڵەم دەدران وە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)هەر شەڕو كوشتاری لەگەڵ كردن وە تەوحیدی ڕبوبیەت ئەوانی نەهێنایە ناو بازنەی ئیسلام و پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)دەستیان لێ هەڵگرێت و بە كافر و موشریك لە قەڵەمیان نەدا وە كوشتار و جەنگیان لەگەڵ نەكات.

وانەی پێنجەم

مسوڵمانانی بەڕێزو سەنگین قوتابیانی خۆشەویست گەیشتینە سەر وانەی پێنجەم لە شەرح و ڕاڤەی (قواعد الاربع) چوار بنەماکەی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله)جا لەو وانەیە سەرەتاکەی بە پرسیارو وەڵامەکانی بنەمای یەکەم دەستپێدەکەین .

پرسیارو وەڵامەکان

یەکەم: ئایا ئەوەی دانبنێ بە پەروەردگاریەتی خواو بڕوای هەبێ خوا بەدیهێنەرەو خاوەنەو بەڕێوبەرەو تاك و تەنهایە لە کار و کردەوەکانی واتە بڕوا بوون بە (التوحید الربوبیة) خوا بەیەکگرتن لە پەروەردگاریدا ئایا ئەو کەسە دەبێتە بڕوادارى خوێن پارێزراو؟یان نا؟

وەڵام:تاکو مرۆڤ بڕوا بە پەروەردگاری خواو پەرستراوەتی ڕەوای خوا ناوە زۆر جوانەکان و سیفەتە بەرزەکانی خوا نەهێنێ وە واز نەهێنێ لە هاوبەشی و شیرك، کوفر نەکا بە(تاغوت) نابێتە بڕوادای خوێن پارێزراو، هەروەك هاوبەش پەیداکارانی سەردەمی پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)بڕوایان وابوو خوا پەروەردگارەو خاوەنەو بەدیهێنەرە و رزق و ڕۆزی بەدەستی ئەوەو بەڕێوبەری تەواوی هەموو بونەوەرانە، بەڵام لە پەرستنشدا شیرك و هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار دەدا، لەگەڵ خوا (بت و صەنەم)ەکانیان دەپەرست، وەکو (لات و عوززا ومەنات و...هتد)کە دەیانکردنە نێوان لە نێوان خۆیان و خوای گەورە، وە دەیانگوت تکامان بۆ دەکەن لەلای خوای گەورە، ئائەو کاتەی ئەوان هەر بە هاوبەش پەیداکار ناوبران وبە کافر ناویان دەرکردووە، وە پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)کوشتاری لەگەڵ ئە نجام دان، ئەوەش بەبەڵگەی ئەو ئایەتانەی کە لە وانەی ڕابردوو وتمان﴿قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾(يونس آية: 56). وە ئایەتەکانی تریش کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ (الزخرف آية: 87) **واتە**:ئەگەر لێیان بپرسی کێ ئێوەی بەدیهێناوە دەڵێن(الله). کەواتە ئەوانە بەڵگەن لەسەر ئەوە کە موشریك و کافرانی سەردەمی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)هەر بە موشریك و هاوبەش پەیداکار ناودەبران، لەگەڵ دانپێنانیان بە خوا بەیەککگرتن لە پەروەردگاریدا وە خوێنیان پارێزراو نەبوو کوشتاریان لەگەڵ کرا.

دووەم: بەڵگە چیە لەسەر ئەوەی کافران و هاوبەشپەیداکارانی سەردەمی پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)وابوون و خوێنیان پارێزراو نەبوو ؟

وەڵام:بەڵگەمان ئەو ئایەتانەی ڕابردووە، وە لە پاشان بەڵگەمان ئەوەیە ئەگەر ژیاننامەی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) بخوێندرێتەوە و لەفەرموودەکانیشی دەردەکەوێ کە پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)جەنگ و کوشتاری لەگەڵیان بەرپا کردووە خوێنیان پارێزراو نەکردن وهەریەك لەو کافرو هاوبەش پەیداکارانە کوژران بەدەستی بڕواداران کەوا نەهاتن وازبێنن لە (لات و عوززا و بت و صەنەمەکان)و (کوفریان نەکرد بەتاغوت)،وە دانانیان نەنا بە خوایەتی خوا لە ڕووی پەرستنشدا کەهەر ئەو تەنها شایستەی پەرستنە .

سێیەم: چەند پەندو وانە لەو ئایەتە وەردەگیرێ بەکورتی بیژمێرە؟

وەڵام:چەند فەرمان و پەند و وانەیەکی لێوەردەگیرێ، لەوانە ئەو ئایەتەی خوای گەورە فەرموویەتی ﴿قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾(يونس آية: 56). **یەکەم ئەوەی لێوەردەگیرێ داننان بەخوا بەیەکگرتن لە پەروەردگاریەت بەس نییە بۆ بڕوادار بوون،دووەم ئەوەی لێوەردەگیرێ کە داننان بە پەروەردگاریەت بەبێ داننان بە تەنهایی پەرستراوەتی خوا (التوحيد الالوهية) خوا بەیەکگرتن لە پەرستندا و خوایەتی دا خاوەنەکەی لە هاوبەشی و کوفر ڕزگاری نابێت، وە خوێنی پارێزراو نابێت، سێیەم خوا بەیەکگرتن لە پەروەردگاریەت ئەوە دەسەلمێنێ کە خوا تاکە و بەیەك بگیرێ لە پەرستن ئەوە پێویست و واجبە، چوارەم ڕاڤەی (لااله الا الله) ئەوەیە کە هیچ پەرستراوێکی ڕەوا نیە جگە لە (الله)،نەك ئەوەیە کە هیچ بەدیهێنەر و بەڕێوبەرێك نیە جگە لە (الله)، چونکە موشریك و بێبڕوایان ئاوا بڕوایان هەبوو کە پێشیان دەوترا بڵێن (لااله الا الله) وەریان نەدەگرت ڕەتیان دەکردەوە پێی ڕازی نەبوون، پێنجەم ئەوەی لێوەردەگیرێ هاوبەشپەیداکردن لە پەروەردگاری خوا زۆر کەم و دەگمەن بووە لە کۆنەوە ولە نوێش، زۆربەی هاوبەش پەیداکاران لە پەرستن و خوایەتی خوا هاوبەشیان بۆ خوا پەیدا کردووە جا ئەوە پرسیارەکانی بنەمای یەکەم بوو دێینە سەر بنەمای دووەم .**

بنەماى دووەم

الْقاعِدَة الثَّانِيَة: أَنَّهُم يَقُولُونَ: ما دَعَوْناهُم وَتَوَجَّهْنا إِلَيْهِم إِلّا لِطَلَبِ الْقُرْبَةِ وَالشَّفاعَة.

فَالدَّلِيلُ الْقُرْبَةِ قَوْلُهُ تعالى:{وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لايَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ}(الزمر آية: 3).

وَالدَّلِيلُ الشَّفاعَة قَوْلُهُ تعالى: {وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُمْ وَلا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ}(يونس آية: 18).

وَالشَّفاعَةُ شَفاعَتانِ: شَفاعَةٌ مَنْفِيَّة، وَشَفاعَةٌ مُثْبَتَة.

فَالشَّفاعَةُ الْمَنْفِيَّة ما كانَتْ تُطْلَبُ مِنْ غَيْرِ اللهِ فِيما لا يَقْدِرُ عَلَيْهِ إِلّا الله.

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعالى: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لا بَيْعٌ فِيهِ وَلا خُلَّةٌ وَلا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ}(البقرة آية: 254).

وَالشَّفاعَةُ الْمُثْبَتَةُ هِي الَّتِي تُطْلَبُ مِنَ الله، وَالشَّافِعُ مُكَرَّمٌ بِالشَّفاعَةِ، وَالْمَشْفُوعُ لَهُ مَنْ رَضِيَ اللهُ قَوْلَهُ وَعَمَلَهُ بَعْدَ الإِذْنِ، كَما قَالَ تَعالى: {مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ}(البقرة آية: 255).

****

﴿القاعدة الثانية﴾ بنەماى دووەم لە وانەى پێنجەم كە (شێخ محمدى كورِ عبدالوهاب)(رحمه الله) بەوەى دەست پێدەكا و دەفەرمووێ﴿أنهم يقولون: ما دعوناهم وتوجهنا إليهم إلا لطلب القربة والشفاعة﴾واته: ئەو كافر موشريكانە ديان وت ئێمە هاناو پاڕانەوەى لەبەر ئەو (بت و صەنەمانە)ناكەين و رِوويان تێناكەين ئيللا مەبەستمان پێى نزيك بوونەوەيە لە خواى گەورە و تكاكردنە، كە تكامان بۆ بكەن لەلاى خواى گەورە،﴿فدليل القربة قوله تعالى﴾ جا بەلگەى نزيك بوونەوە كە وايان گوتووە فەرموودەى خواى بەرزە ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لايَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾(الزمر آية: 3). واته: دەفەرمووێ ئەوانەى كە بێجگە لە خواى پەروەردگار دۆست و هاوبەشيان پەيدا كردووە و بڕياريداوە دەيان وت ئێمە نايان پەرستين مەگەر بۆ ئەوەى لەخوامان نزيك بكەنەوە، جا بەراستى خوا دەفەرمووێ (الله) حوكم و بريار دەدا لە نێوانيان كەوا ئەوان تێيدا جياوازبوون جا بەراستى (الله) كەسێك هيدايەت و رِێنموونى ناكات كە درۆزن بێ، كافرو بێ بڕوابێ.﴿ودليل الشفاعة قوله تعالى﴾ وە بەلگەش لەسەر ئەوەى ئەوان دەيان گووت بۆ ئەوەيە كە تكامان بۆ بكەن لەلاى خواى گەورە ئەو (بت و صەنەمانە) دەپەرستين فەرموودەى خواى بەرزە دەفەرمووێ ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُمْ وَلا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ﴾ (يونس آية: 18).

واتە: كافرەكان ئەو (بت و صەنەمانە)یان دەپەرستن بێجگە لە خوای پەروەردگار كە هیچ زەرەرو زیانێكیان لەدەست دانییە وە هیچ سوودو كەڵكێكیشیان پێناگەیێت، وە دەیان گوت ئێمە تەنها بۆ ئەوەمانە ببنە تكاكار بۆمان لەلای خوای خوای گەورە.

لە پاشان (شێخ محمد)(رحمه الله)دەفەرمووێ﴿والشفاعة شفاعتان﴾ تكا و شەفاعەتیش دوو جۆرە ﴿شفاعة منفية وشفاعة مثبتة﴾یەكەم: شەفاعەتی ڕەتكراوە ،دووەم: شەفاعەتی جێگیر. ﴿فالشفاعة المنفية﴾ تكای ڕەتكراوە ﴿ما كانت تطلب من غير الله فيما لا يقدر عليه إلا الله﴾ شەفاعەت و تكای ڕەتكراوە بریتییە لەو شەفاعەت و تكایەی كە بخوازرێ و داوابكرێت لەغەیری خوای گەورە كە خۆی لەخۆیدا دەبێ هەر لە خوای داوا بكرێ لەبەر ئەوەی شتێك داوا دەكرێت كە لە توانای غەیری خوای دانییە ئەوە پێی دەگوترێ تكای ڕەتكراوە، واتە: بێ كەڵكە تكا و شەفاعەتەكە چونكە ئەو كەسەی داوای لێدەكرێ جگە خوای پەروەردگار توانای ئەوەی نیە بەڵكو تەنها لەتوانای (الله) خۆیدایە هەیە ﴿والدليل قوله تعالى﴾وە بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لا بَيْعٌ فِيهِ وَلا خُلَّةٌ وَلا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ (البقرة آية: 254). واتە :ئەی گەلی باوەڕداران ئەوانەی بڕواتان هێناوە ببەخشن لەو ڕزق و ڕۆزیەی خوا پێتانی داوە پێش ئەوەی ڕۆژێكتان بەسەردا بێت كڕین و فرۆشتنی تێدا نەبێ وە دۆستایەتی ونزیكایەتی تێدا نەبێ وە تكای تێدا نەبێ، جا كافر و بێبڕوایەكان ستەمكارن و زوڵم دەكەن.

﴿والشفاعة المثبتة﴾ تكای جێگیریش ﴿هي التي تطلب من الله﴾ بریتییە لەو شەفاعەت وتكایەی كە لەخوا داوادەكرێ، ﴿والشافع مكرم بالشفاعة﴾ تكاكار ڕێزی لێگیراوە بەشەفاعەت وتكاكەی كە دەیكا ﴿والمشفوع له من رضي الله قوله وعمله بعد الإذن﴾ ئەوەی تكای بۆ دەكرێ بریتییە لەو كەسەی كە خودای گەورە لەقسەو كرداری ڕازیە دوای ئەوە مۆڵەتی دەدات تاوەكو شەفاعەت بكات ﴿كما قال تعالى﴾ هەروەكو خوای گەورە فەرموویەتی ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ﴾ (البقرة آية: 255). واتە: كێ هەیە لەتوانایدا هەبێ تكا بكات لەلای خوای گەورە مەگەر ئەوەی خوا مۆڵەتی بدات .

كەواتە لێرە بۆمان دەردەكەوێت ئەوەی تكای لێ دەكرێ و ئەوەی تكا دەكات وئەوەی تكای بۆ دەكرێ سێنە. ڕوكنەكانی تكای جێگیر ئەویش یەكەم :ئەوەی تكای لێدەكرێ (الله). وە دووەم: ئەوەی تكا دەكات بریتین لە پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) و فریشتەكان و باقی بڕواداران.سێیەم: ئەوەی تكای بۆ دەكرێ كەسێك بێ دەبێ موشریك و كافر نەبێ لە بازنەی ئیسلام و ئیمان و باوەڕ بێ،بەلاَم سێیەم ئەوكاتە تكای بۆ دەكرێت لەدوای ئەوەی خوای گەورە مۆڵەتی دەدات .

جا لە پاشان دێینە سەر ئەوەی كەوا هەڵوێستە بكەین لەسەر ئەو بنەمایەی بەلاَم هەڵوێستەكان زۆری دەوێ زۆر بەكورتی ئەوەیە یەكەم دەبێ ئێمە بزانین ئەو(قاعیدە) و بنەمایە زۆر زۆر گرینگە، لەبەرئەوەی ئێستا لە نێو خۆشماندا هەر لەسەردەمەكەی ئێمەش بەڕاستی زۆر خەڵك هەن دەستیان بەوە گرتیە دەڵێن كاكە خۆ ئێمە ناپەرستین ئێوە پێتان وایە فلاَن گۆڕو فلاَن بەرد و فلاَن بەرنامە و ڕێباز دەپەرستین ئێمەش مسوڵمانین و بڕوادارین، پێمان وایە خوا بوونی هەیە خوای پەروەردگار ئێمە دەژێنی وەكو ئێوە، ئێمەش دەڵێن (الله اكبر) دەكەین و بڕوامان وایە مردن و ژیان و

ڕزق و ڕۆزی بەدەست (الله) یە، جا بۆچی ئێمە بڕوادار نین ؟بۆچی موشریك وهاوبەش پەیداکارین ؟لەگەڵ ئەوەشدا وەکو موشریك وهاوبەش پەیدا کەرانی سەردەمی پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)هەریەکە بەدەیەها شیرك و هاوبەشی دەکات وە بەدەیەها (بت و صەنەم)ی بۆخۆی داناوە دەیپەرستی لەهەواو هەوەسی خۆی ڕا بگرە تاوەکو دەگاتە بەرنامەو ڕێبازو فکرەی وە دەگاتە زۆر جاروەیە مردووەکان و گۆڕو گۆڕستانیش دەپەرستی (پەنا بە الله) جا ئەوە دەردەکەوێ دەڵێن فلان کەس پیاوی باش بووە لەلای خوا ڕێزی هەیە دەیکەینە نێوەندگیر لەنێوان خۆمان و خوای پەروەردگار (پەنا بە الله) خۆمان پێ لەخوای نزیك دەکەینەوە یا ببنە تکاکارمان لەلای خوای پەروەردگار قەسەکەیان هەروەك و قسەکانی هاوبەش پەیداکەرانی سەردەمی پێغەمبەرە(علیه الصلاة والسلام) دەڵێن خۆ ئێمە مەبەستمان نییە ئەو گۆڕە ئەو مردووە ئەو شێخە ئەو بەرنامەیە ئەو فلانە شتە ئەو دارە ئەو بەردە ئەو مەرقەدە ئەوانە پەرستراون و کڕنۆشیان بۆ ببەین و پیان پەرستین و سەربەخۆن بەڵکو پێمان وایە ئەوانە نێوەندگرن لە نێوان ئێمەو خوای پەروەردگار بۆ ئەوەی پێ لە لەخوای نزیك بینەوەو ببنە تکاکارمان.

وانەی شەشەم

گەیشتینە وانەی شەشەم لە شەرح وراڤەو لێکدانەوەی (القواعد الاربع) چوار بنەماکەی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله)وەکو تەواوکەر بۆ وانەی پێنجەمی ڕابردوو هەر لەسەر بنەمای دووەم دەمێنینەوە ئەویش وتمان چەند هەڵوەستەیەکی لەسەر دەکەین بەشەرح وراڤەی زیاترەوە، لێرەوە دەستی پێدەکەینەوە گوتمان موشریك و کافرەکانی سەردەمی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)کە (لات و عوززا و مەنات) و دەیەها شتیان دەپەرست وەك (بت و صەنەم) دەیانوت ئێمە خۆ نایانپەرستین پێمان وانیە ئەوانە خوای سەربەخۆن کڕنوشیان بۆ بەرین تەنها پێمان وایە ئەوانە لەخوامان نزیك دەخەنەوە، ئەوانە نێوەندگیرن لە نێوان ئێمەو خوادا ئەوانە تکاو شەفاعەتمان بۆ دەکەن گوتمان هەروەکو لەئایەتەکەی ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾(الزمر آية: 3). واتە :ئەوان پێیان وابوو دەیان گوت ئەوانە تەنها لەخوامان نزیك دەخەنەوە لەبەر ئەوەیە ئێمە ئەو کارو شتانەیان بۆ ئە نجام دەدەین کە پەرستن بووە وە بەدۆستی خۆمانیان دەگرین و خۆمانیان لێ نزیك دەخەینەوە.

جا لە پاشان باسی ئەوەمان کرد با بزانین و هەڵوەستەی لەسەر ئەوە بکەین ئەصڵ و و بنەمای شیرك و هاوبەشی لە جیهاندا لەسەر چییەوە سەری هەڵداوە، جۆرەکانی چۆنەو چۆن پەیدا بووە، کورتە مێژوویەکی کورت و پوخت زۆر گرینگە دەربارەی بزانین.

ئەصڵی شیرك و هاوبەشی لە جیهاندا دەتوانین بڵێین لە دوو ڕووەوە دروست بووە و بەدیهاتووە، یەکەمیان شیرك لەوەوە هات لەسەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)کە لە ئایەتەکان دەربارەی ئیبراهیم پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)دەردەکەوێت ئەوان بڕوایان وابوو کەوا ئەستێرەکان گیان و ڕۆحیانەتیان هەیە ئەو گیان و ڕۆحیانەتەی ئەستێرەکان دێتە بەر شتەکان جا (جنۆکەی شەیتانی) دەهات لەجێی ئەوەی کە ئەوان پێیان وابوو ڕۆحیانەتە قسەو گفتوگۆ وجار وەبوو ئیش و کارو جولەی بۆ دەکردن، ئەوان هەندەی دی لەسەر شیرك و هاوبەشیەکەیان بەردەوام دەبوون دەیان گووت ها ئەوەیە کە ئەو (بت و صەنەمانەی) دەیانپەرستن دەیان ووت ڕووحیانەتی ئەستێرەکانە ئائەوە نیە ئیش و کارمان بۆ دەکەن و وەڵاممان دەدەنەوە، ئەوەتە نییە فلان شتەمان بۆ دەکەن هەروەکو خوای گەورە دەربارەی ئیبراهیم پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)دەفەرموویێت ﴿وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ * فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَا أُحِبُّ الْآفِلِينَ﴾ (الأنعام آية: 75-76). جا ئیبراهیم لەو سەردەمیەوە لەسەر ڕای پەسندی زانایان کە جیاوازی لەسەرە ئیبراهیم پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)مەبەستی ئەوە نەبوو بەخۆی (پەنا بەخوا) موشریك و کافر بووبێ بڕوای وانەبووبێ کە (الله) تاك و تەنهایە خوایە بەدیهێنەرەو ئەو شایستەی پەرستنە بەبێ شیرك و هاوبەشی بەڵکو تەنها وەکو نموونە هێنانەوەیە بۆ ئەوەی بەرچاویان ڕوونتربکاتەوە چاکتر بچێتە ناو دڵ و مێشکیان وە گفتوگۆیەکەی دەستپێبکات هەر لەو پێناوەی بوو کاتێك کە گووتی: ئێوە پێتان وایە ئائەوە پەروەردگارو خواتانە کاتێك کەوا ئەستێرەکەی بینی نەك بۆخۆی ئەوها بیروباوەڕی وابێ ئەوە ڕای پەسەندترە (والله اعلم).

جا لەلایەکی ترەوە شیرك و هاوبەشی قەومی نوح (علیه الصلاة والسلام)هەندێ لەزانایان دەڵێن لە پێش ئەو بووە شیرك و هاوبەشی بووە لە ڕووی بیروباوەڕبوون بە ڕوحانیەتی، بە حساب پیاوچاکان کە ڕووحانیەتی پیاوچاکان لەتوانایدا

هەیە دێتەوە بەر بتەکان و یان خۆیانن و یان خۆیانن و ئەو ئیش و کارەی داوایان لێدەکرێ بۆیان دەکەن و یارمەتیان دەدەن دەبنە نێوەندگیر لەنێوان خۆیان و خوادا یان تکایان بۆ دەکەن، ئەوەتا خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێ ﴿وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴾ (نوح آية: 23).واتە:دەیانووت وازمەهێنن لە پەرستراوەکانتان ئێوە وازمەهێنن لە (وەدد وسواع و یەغوث و یەعوق و نەسر) .جا ئەوە جێگیر بووە ئەو ناوانە و ئەو وشانە بە مانای چی دێ، لە صحیح بوخاری لەو فەرموودەیەی کە(عطاء) ئەویش لە (عبدالله ی کوڕی عباس)(رضي الله عنهم)گێڕایتیەوە ئەویش فەرموویەتی ((هَذِهِ أَسْمَاءُ رَجُلٍ صَالِحِيْنَ كَانَ فِي قَوْمِ نُوْحٍ وَوَقَعَ الشِّرْكُ بِهَؤُلَاءِ الرِّجَالِ لِأَنَّهُمْ صَالِحوْن))جا ئەوە لە صحیح بوخاری لە باس و بابەتی (تفسير القران) لەتەفسیری فەرموودەی خوای ﴿وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴾ (نوح آية: 23) بە ژمارە (4920) هاتووە.جا فەرموویەتی (ابن عباس)(رضي الله عنهما)ئا ئەوانە ناون واتە (وەدد وسواع و یەغوث و یەعوق و نەسر) ئەوانە ناوی پیاوانی چاکی قەوم وگەلی نوح بوون، کەشیرك و هاوبەشی هاتە ناویان بەهۆی ئەو ناوانەوە، چونکە ئەوان پیاوچاك بوون لە پاش ئەوەی کە مردن هەیکەلیان بۆ داتاشین ئەوجا قەبرو گۆڕەکانیان بۆ ڕازاندەوە ئەوجا دەچوون لەکۆتایی چەند ماوەیەك لە نەوەکانیان گەیشتنە سەر ئەوەی کوڕنوشیان بۆ بەرن بیانپەرستن وە شێوازی (بت و صەنەم) لەسەر وێنەکانیان دروست بکەن.

جا شیرك و هاوبەشی لەو دوو ڕوویەوە دونیای داگرت و هەیەو هەبووە ئێستاش هەر بەردەوامە جا عەرەبەکانیش شیرك و هاوبەشی زیاتر بە حیساب ڕوحیانەتی پیاوچاکەکان و بەدەردی قەومی نوح (عليه الصلاة والسلام)چوون وە هی ئەوانەی پاش ئەوان کردییان (بت و صەنەمەکانیان) دارشت کاتێ کە ئەوانیش هاتن بۆ ناو قەومی عەرەبەکان کەوا (بت و صەنەمیان) هاتە ناو و لەوانە(لات و عوززا و مەنات ...هتد)دەپەرستران، بۆ نموونە (لات) ئەو بتە بووە کە پەرستراوە هەندێك دەڵێن پیاو چاکێك بووە کە(ابن عباس)(رضي الله عنهما) یەکێك بووە لەوان دەڵێت (لات) پیاو چاکێك بووە کاتێك کەوا ئیش و کارەکەی بریتی بوو لەوەی کە گەنمی دەهێنا و دەیهاڕی و یان ئاردی کە پەکی لێ دروست دەکرد و ئەوجا لەگەڵ ئاوی تێکەڵ یەکی دەکردوو پاشان بەسەر بەردێکی کە ئەوهاڕینەی دەکرد بەکاری دەهێنا، ئەو خەڵکەی کەوا بۆ حەج دەهاتن پێی دەبەخشین و پێی دەدان، کاتێك کە ئەو کەسە مرد کەبەردەکە لەو شوێنەی دا مابۆوە بەگەورەیان گرت و ڕێزیان لێگرت وتیان ئەو بەردە هی ئەو کەسە بووە کەوا وای بۆمان دەکردوو گەنمەکانی دەهاڕی و یارمەتی ئەوانەی دەدا کە دەهاتن حەجی ماڵی خوای پەروەردگاریان دەکرد، ئەوەبوو ئەو پیاوە (سەقەفیەکان)ئەو بەردەیان پەرست و وە ئەو پیاوەش وا ماوە کە بیپەرسترێ جا پێیان وابوو پیاوێکی باشە جا لە کۆتاییەکەیدا پەرسترا.

وە (عوززا)ش ئەو بتە بوو هاتە ناو عەرەبەکانی ئەهلی مەککە پێش هاتنی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)بڕوایان وابوو(پەنا بەالله)کەئەوە کچی خوایە (پەنا بەخوا) دەیانپەرست و عیبادەتیان بۆ دەکرد، وە پێیان وابوو زۆر بەتوانایە لەشەڕو جەنگەکان ئەو بتەی(عوززا)یان دەبردوو بەکاریان دەهێنا و دەیانگووت سەرمان دەخات وە ئێمە (عوززا)مان هەیە، ئەوە بوو کاتێك (ئەبو سوفیان) لە جەنگی (ئوحود) وای کردوو هاواری کرد ئێمە (عوززا) مان هەیە ئێوە نیتانە ئەوە (عوززا) بزانە چی بەسەر هێنان، پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)فەرمووی ئەی هاوەڵان وەڵامی بدەنەوە پێی بڵێن ئێمەش خوامان هەیە پشتگیری کارمانە و دۆستمانە ئێوە نیتانە لەگەڵ ئێوەدا نییە، ئەوەبوو جا

(خالیدی کوڕی وەلید)(رضي الله عنه)**لەگەڵ مەفرەزەیەکی (سی) کەسی ڕۆیشت بەرەو ئەوەی کە فەتحی مەککەی کرا لەرێگاکەی (عوززا)ی لەناو ببات، و ئەوەبوو کافرو موشریکەکان کۆبوونەوە وتیان نەکەی (خالید) وات بەسەر دێ و وات لەگەڵ دەکات (عوززا) زۆر بەتوانایە، (خالیدی کوڕی وەلید) یش** (رضي الله عنه)**پاڵەوانانە کە خوای بەیەك دەزانی وە ئەهلی تەوحید بوو، بەئەمری پێغەمبەری**(عليه الصلاة والسلام)**چوو لەدەوروبەری سوڕاوەو وەکو ئەو شیعرو هۆندراوەیەی هەیە گوتی** (يَا عوزَّا كُفْرانَكِ لَا سُبْحَانَكِ:إِنِّي رَأَيتُ اللهَ قَدْ أَهَانَكِ)**واتە: ئەی (عوززا) من بەتۆوە کافرم بەپاك و بێگەردت نازانم، بەڵکو من خوام بینی تۆی بێ ڕێز کرد و ڕیسوای کردی جا (خالیدی کوڕی وەلید)** (رضي الله عنه)**بینی وای لە (عوززا) کرد ئافرەتێکی پرچ بە گروازەی کە پرچی زۆر بوو کە ئەو جنۆکە شەیتانییە بووە خۆی لەناو ئەو بتەی نایە هەمووجار وەڵامی ئەوانی دەداوە لەناو بتەکە هاتە دەرو خالیدی کوڕی وەلید**(رضي الله عنه)**کوشتی، کەئەوەی بۆ پێغەمبەر** (عليه الصلاة والسلام)**گێڕایەوە پێغەمبەر**(عليه الصلاة والسلام)**فەرمووی ئەوە (عوززا) بوو لەدەستیان ڕۆیشت و نەما، (عوززا) جارێکی تر بۆیان ناگەڕێتەوە لە (البداية والنهاية ابن كثير) لەبەرگی چوارەم لەلاپەڕە(362)ئەو ڕیوایەتە گێڕدراێتەوە کە ئێمە بەکورتی باسمان کرد ئەوە لە ساڵی (8)ی کۆچی لە(25)ی ڕەمەزان کاتێك پێغەمبەر**(عليه الصلاة والسلام)**خالیدی نارد لەناوی برد.**

وە(مەنات) یان هەبوو دەیانپەرست (پەنا بەخوا) کە هەندێك دەڵێن لەناوی خوای گەورە (المنان) وەریانگرتبوو، دەیانگوت ئەوە مەناتە هەندێکیان دەیان وت ئەوەندە خوێنیان بۆ دەڕشت بەسەریاندا دەکرد لەو قوربانیانەی کە بۆ ئەو بتەیان سەردەبڕی دەیان وت ئەو بە پیت وبەرەکەتە، لەوەیەوە ناوی (مەنات)ی لێندرابوو چونکە لە عەرەبی کە دەوترێ (يُمْنَا عَلَيْها مِنَ الدِّمَاءِ)**کە خوێنی زۆریان بەسەر ڕێشتبوو کە هەندێك دەڵێن پێغەمبەر**(عليه الصلاة والسلام)**(ئەبو سوفیان)** (رضي الله عنه)**ی نارد لەدوای ئەوەی کە فەتحی مەککەی کرد ئەو(مەنات)ی لەناو برد و تێکی شکاندوو هەندێکیش دەڵێن (عەلی کوڕی ئەبو طاليب)**(رضي الله عنه)**بوو لە سیرەی (ابن هشام) ئەمە باسکراوە، گرینگ ئەوەیە ئاوا بت پەرستی هاتە ناو عەرەبەکانیش (پەنا بەخوا) بت پەرستیەکە پەرەی سەندو تا ئێستاش لە نێو ئێمەدا دووبارە زیندوو بۆتەوە بت پەرستیەکی یەکجار زۆر هەیە و لەسەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)یش**(رحمه الله)**هەر وابوو هەر بۆیە ئەو نامیلکەو نوسراوانەی نووسی وەڵامی پێدانەوە هەڵوستەیەکی تر ئەوەیە کەوا لەسەر شەفاعەت و تکا بیکەین لەو بنەمای دووەم کە (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)** (رحمه الله) **هینایتی کە بزانین شەفاعەت و تکاکردن چەندە گرینگە ئەوجا پێناسەکانیان بکەین وە بەڵگەکانیان بۆ بهێنینەوە (ان شاء الله) لەوانەی داهاتوو بە پشتیوانی (الله) باسی دەکەین.**

وانەی حەوتەم

گەیشتینە سەر دەرس و وانەی حەوتەم کە هەڵوەستە دەکەین لەسەر بنەمای دووەم (القاعدة الثانية) کە دێینە سەر باسی تکا و شەفاعەت لە قورئان و فەرموودە، با بزانین جۆرەکانی چین وە تۆزێك لەسەری دەرۆین وە ڕوونکردنەوەی لەسەردەدەین، چونکەلەسەردەمی خۆشمان تکا و شەفاعەت بۆتە بیانوویێك (پەنا بە الله) جار هەیە شیرك و هاوبەشی لێ ڕوودەدات جار هەیە گوناه و تاوانی پێدەکرێت یان خەڵکانێك هەن لێی کەمتەر خەمن و کەم و کورتن تێیدا وە بڕوایان بەهەندێك لەبەشەکان نییە کە جێگیرە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەری دڵسۆز(عليه الصلاة والسلام)،وە هەشیانە تێپەڕی دەکات و شەفاعەت وتکای دەداتە دەست کەسان و خەڵکان و بت و صەنەمێکی بۆی بڕیار دەدات کە هیچ شەفاعەت و تکایان بۆ نییە.

جا لەو پێناوەی دەڵێین شەفاعەت و تکا بزانین ماناکەی چییە لەسەرەتا لە زمانەوانیەوە پێناسەی دەکەین، وە لە پاشان دەچینە سەر ئەوەی کە بەڵگەکان لەسەری دەهێنینەوە وە بەئایەتەکانی قورئان و جۆرو بەشەکانی، پاشان ئەو مەرجانەی کە شەفاعەت و تکای لەلایەن ئەهلی سوننەو جەماعە بۆ خەڵکانێك لە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام)و فریشتەکان و لە پیاو چاکان داناوە ئایا چییە ئەو کات بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەتەواوەتی.

سەرەتا دەڵێین(الشفاعة) شەفاعەت بەکوردییەکەی بە مانای ئەوەی دێت پرسیارو داواکردن بۆ لێخۆشبوون و بوورین لەتاوان وگوناه، کە کەسێك بۆ کەسێك بیکات لەلای دەسەڵات دارێك، ئەو دەسەڵاتدارەش سەبارەت بە قیامەت بێت مەبەست پێی(الله)یە، سەبارەت بە دونیا جار وەیە مەبەست پێی دەسەڵاتداری دونیا وحاکم و دەسەڵاتداریشە، وشەکە لە(شَفَعَ يَشْفَعُ شَفَاعَةً) هاتووە واتە تکای کرد وە تکادەکات وە تکاکاری(شَافِعْ)بەو کەسەی دەگوترێ کە تکاکارە (شَفِيع) یش بەو کەسە دەگوترێ دیسان تکاکارە لەسەر وەزنی(فعيل) بەمانای (فاعل) وە (مُشَفِّعْ)بەو کەسە دەگوترێ واتە تکاوەرگر مەبەست پێی (الله)یە بۆ شەفاعەت و تکاکانی تایبەت بە خوای، وە (مُشَفَّع) مەبەست پێی ئەوەیە ئەو کەسەی کەوا تکای لێوەردەگیرێ وە کۆیەکەی(جمع)ەکەی (الشُّفَعَاء) وەلە ئەسەروفەرمووده هاتووە ئەم وشە هەم لە قورئانی پیرۆز وە یەك لە ئەسەرەکان وە لە حەدیسەکان کە کۆمەڵێك لە موحەددیسین دەڵێن مەوقوفە لەسەر زوبەیری کوڕی عەوام(رضي الله عنه)کە گوتویەتی (إِذَا بَلَغَ الْحَدُّ السُّلْطَانَ فَلَعَنَ اللهُ الشَّافِعَ وَالْمُشَفِّع)واتە : ئەگەر هاتوو سنورە شەرعییەکان بەزێندران حەددێکی شەرعی جێگیر بوو لەسەر کەسێکی گەیشتە دەسەڵاتداری واتە گەیشتەحاکمی شەرعی ئەو کەسە کەسێك بچێ تکای بۆ بکات تاوەکو حەددە شەرعییەکەی لەسەر جێگیر نەبێت (شافع)ەکە تکاکارە وە (مشفع) ەکە ئەوەی تکای بۆ دەکات تکا وەردەگرێت لەلای ئەو کەسانەوە ئەوانە هەردووکیان ئەو کەسانە بەر نەعلەتی خوای گەورە دەکەوێت وە نەفرین و نەعلەتی خوای دەیگرێتەوە، دوعای ئەوەی لێکراوە کەوا مەبەستمان ئەوە بوو وشەی (الشَّافِع ،وَالْمُشَفِّع) هاتووە لە ئەسەرەکانیش.

لە پاشان (ابن مسعود) (رضي الله عنه)ڕیوایەتێك دەربارەی قورئان ئەویش مەوقوفە لەسەر(ابن مسعود) (رضي الله عنه)هەندێکیش دەڵێن لە ڕێگای (جابر)ی(رضي الله عنه) مەرفوعە کە وتراوە(الْقُرْآن شَافِعٌ مُشَفَّعٌ وَمَاحِلٌ مُصَدَّق)واتە : قورئان هەم تکاکارە وەهەم تکاوەرگریشە وە (ماحل)یشە واتە دیفاع کارەو و بەرگری کارە وە بەڕاست دانراویشە وە بۆ کەسێکیش قورئان بخوێنێت لێی تێبگات و ئیشیشی پێبکات، کەواتە بۆمان ڕوون بۆوە کە شەفاعەت

وتکا بەمانای نێوەندو تکاکردن دێت بەچەند مەرجێکەوە ئینجا شەرعی دەبێت لەڕوانگەی ئەهلی سوننەو جەماعە کە کەسێك تکای بۆ بکرێت لەلای خوای پەروەردگار گوناهباربێت یان بۆ پلەی بەرز ببێتەوە ئەو تکاکارانەش لە عەقیدەی سوننەو جەماعە بریتین لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)و فریشتەکان وە تێکڕای بڕواداران لەوانە پیاو چاکان لە پێشترن و شەهیدەکان ئەوانەی لە جەنگ و دژایەتی کافرەکان دەکوژرێن خودا بەشەهید قبوڵیان بکات، جا هەیە مانگی ڕەمەزان و ڕۆژی و عیبادەتەکان یان قورئان ئەوانەش دەبنە تکاکار.

جا ئێستا بێین ئایەتەکان بخوێنینەوە لەسەر ئەوەی چونکە تکا لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە دوو بەشی سەرەکییە وەکو (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله) لە بنەمای دووەم هێنایتیەوە ﴿الشفاعة المنفية﴾ واتە: تکای ڕەتکراوە،﴿الشفاعة المثبتة﴾واتە: تکای جێگیر، ﴿الشفاعة المنفية﴾ خودای گەورە لەقورئان هەندێك لەشەفاعەتکاران هەندێك لەشەفاعەتەکانی ڕەتکردۆتەوە ئەو ئایەتانە دەیگرێتەوە وەکو خوای گەورە دەفەرموویت﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا لَا تَجْزِي نَفْسٌ عَنْ نَفْسٍ شَيْئًا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنْصَرُونَ﴾ (البقرة آية: 48). واتە: لەو ڕۆژەی پارێزکار بن و لە خوا بترسن کە هیچ کەسێك بۆ کەسێك شتێکی پێناکرێت وە شەفاعەت و تکایەکەی وەرناگیرێت، وە هیچ کەسێك لەبری کەسێکی تر فیدیە لە جیاتی ئەو وەرناگیرێت کە ئەو عەزاب نەدرێت شێك لە جیاتی ئەو عەزاب نەدانە وەربگیرێت وە ئەوان سەرکەوتوو نابن سەرناخرێن، کەواتە لێرە خوای گەورە تکای ڕەتکردەوە چونکە ئەو شەفاعەت وتکایە لە قیامەتێ بەوەیە کە مەرجە شەرعیەکانی لێنەهاتۆتە جێ ،یان دەفەرموویت﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾(البقرة آية: 254).واتە: ئەی گەلی باوەڕداران ببەخشن لەوەی کە خوای گەورە بە ڕزق و ڕۆزی بە ئێوەی داوە پێشی ئەوەی ڕۆژێکتان بەسەر دابێ کە لەو ڕۆژەیدا نەکڕین وفرۆشتن هەیە نە دۆست وبرادەرایەتی هەیە ونەتکا و شەفاعەت هەیە وە کافران بێگومان زاڵم و ستەمکارن. لە پاشان خوای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿أَأَتَّخِذُ مِنْ دُونِهِ آلِهَةً إِنْ يُرِدْنِ الرَّحْمَنُ بِضُرٍّ لَا تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلَا يُنْقِذُونِ﴾(يس آية: 23).ئەو ئایەتانە هەمووی ئەوەی گەیاند کە شەفاعەت و تکا ئەگەر مەرجە شەرعیەکانی لێنەهاتبێتەجێ ئەوە ڕەتکراوەیە خودای پەروەردگار قبوڵی نییە ئەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە جار هەیە شەفاعەت(المنفية) ڕەتکراوەیە وەك (شێخ محمد بن عبدالوهاب) (رحمه الله) فەرمووی.

تکاکاران جار هەیە حسابیان بۆ ناکرێ چونکە تکاکەیان لە جێی خۆی نییە هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿وَأَنْذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْ يُحْشَرُوا إِلَى رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُمْ مِنْ دُونِهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾(الأنعام آية: 51). واتە: ئائەوانە کافر یان بێبڕوان یان گوناهکارن بیانترسێنە کە ئەوانەحیساب دەکەن کە پێیان وایە تکاکاریان هەبێ لە قیامەت کە خوای گەورە دەفەرموێت نە دۆست و پشتگیری کاریان هەیە نە تکاکاریان هەیە جا لە ئێستاوە لەخوا بترسن و پارێزکار بن وە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا یان خوای گەورە دەفەرموویت﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ﴾ (يونس آية: 18).ئەوانە موشریك و کافرو هاوبەش پەیداکاران بێجگە لە خوای دەپەرستن ئائەوانەی دەیپەرستن لە بت هیچ زەرەرو سوودێکیان ناتوانن پێیان بگەیەنێت یان لەسەریان لادەن ویان هیچ سوودو کەڵکیان یان لێیان قەدەغە بکەن جا ئەوانە بە ئومێدی ئەوەی دەڵێن ئەوانە

تکاکارمانن لەلای خوای گەورە .وە خوای گەورە دەفەرموێ﴿قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (يونس آية: 18).ئایا ئێوە ئەی کافرو موشریکەکان شتێکی دەڵێن کە خوای گەورە نەیزانیێت (پەنا بەخوای گەورە) وە خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە وزانیتی وەناتوانن شتێك بکەن خوای گەورە بڵێن ئاگادارنیە پێ ئاگادار نابێت بەڵکو خوای پەروەردگار بەهەمووی ئاگادارە بەوەی لە ئاسمان و لە زەوییە پاك و بێگەردی و بەرزی بۆ ئەو خوایەی لەو شیرك و هاوبەشیە بۆی بڕیار دەدەن بەنیازو ئومێدی ئەوەی تکایان بۆ بکەن لەلای خوای پەروەردگار.

جا هاتووە لەوانە پێشەوا (ابن جریر) لەتەفسیری ئەو ئایەتەیدا فەرموویەتی ئەوە مانای ئەوەیە ئێوە ئەوانەی لە ئاسمانەکان و لەزەوییە ئەو پەرستراوانەی دەیپەرستن پێتان وایە کە دەیکەنە شەریك و هاوبەش لەگەڵ خوای پەروەردگار لە ئاسمانەکان و لەزەوی دەستیان هەیە و توانایان هەیە سبەی لە مەیدانی حەشرو حیساب لەلای خوای گەورە تکاتان بۆ بکات کە ئێوە وا دەزانن ئەوانە تکاکارن جا خوای پەروەردگار بە پێغەمبەری (علیه الصلاة والسلام)فەرمووە تۆ هەواڵیان پێبدە کە بەهەڵەدا چوونە وە بیروباوەڕەکەیان پوچەڵە وە ئەوانە نە دەتوانن زەرەرو زیانیان پێ بگەیەنن نە دەتوانن سوودو قازانجیان پێبگەیەنن نە بە دڵنیاییەوە هیچیان لەدەست نییە کە ئەوان دەیپەرستن تەنها بیروبۆچونێکی پوچەڵە بەڵکو ڕێزێکیان لەلای خوای گەورە نییە وە خوای گەورە شەفاعەت و تکایان لێ وەرناگیرێ.

لە پاشان خوای گەورە لەئایەتی تر فەرموویەتی﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ مَا لَكُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا شَفِيعٍ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ (السجدة آية: 4).واتە :ئەو (الله) یەی کە وا ئاسمانەکان و زەوی بەدەست هێناوە وە ئەوەی لە نێوانیاندایە لەماوەی شەش ڕۆژ لە پاشان بەرز بۆیەوە بۆ سەر(عرش) کەی بارەگاکەی جا ئێوە جگە لە خوای گەورە هیچ کەسێکی تر نییە بتوانێت پشتگیری کارتان بێت وەسەرتان بخەن یان تکاکارتان بێت وە تکاتان وەربگرێت، ئەوجا لە پاشان بۆچی بیرناکەنەوە ئاگادارنابن جا لە پاشان خوای گەورە لەو ئایەتانە تکای تکاکاران کە مەرجە شەرعییە کانی تێدا نییە هەر هەمووی ڕەت کردەوە.

لەبەرامبەریشدا خودای گەورە تکای جێگیر کە (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) گوتی کەرجۆری دووەم لە ڕوانگەی ئەهلی سوننە و جەماعە جێگیرە ئەو ئایەتانە بەڵگەنە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ﴾ (البقرة آية: 255). کێ هەیە لەلای خوای گەورە تکاکارتان بێت مەگەر بە مۆڵەتی خوای واتە بەمۆڵەتی خوا تکاکار هەیە ئەو ئەو جێگیر دەکات،وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿مَا مِنْ شَفِيعٍ إِلَّا مِنْ بَعْدِ إِذْنِهِ﴾ (يونس آية: 3).هیچ کەس تکاکار نیە لە مەیدانی حەشرو حیساب لەلای خوای پەروەردگار ئیللا لە دوای مۆڵەتی خوای دەبێتە تکاکار، وە یان خوای گەورە فەرموویەتی﴿وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُكْرَمُونَ﴾ (الأنبياء آية: 26).واتە :ئەوان دەڵێن خوای (رحمان) منداڵی گرتووە بۆ خۆی هەیەتی پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە بۆ ئەو قسانەی ئەوان دەیکەن بەڵکو ئەوان بەندەی بەڕێزو ڕێزلێگیراون لەلای خوا گەورە کە فریشتەکانن .

﴿لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُمْ بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ﴾(الأنبياء آية: 27).**واتە:ئەوان پێش ئەمرۆ فەرمانی خوای گەورە ناكەون ئەوان جێبەجێكارن و كاردەكەن بەفەرمان و ئەمرەكانی پێیان دەكرێت لەلای خوای گەورە** .﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُمْ مِنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ﴾ (الأنبياء آية: 28).**واتە: مەبەست پێ ئەوەیە ئەوانەی خوای گەورە پێی عالم وزانایە ئەوە لە پێش و پاش دێت وە ئەوان تكا ناكەن و تكاكارنین ئیللا ئەوانە تكاكارن كە خوای گەورە لێیان ڕازییە .ئەوان زۆر لە خوای پەروەردگار دەترسن جا كەوابی بۆمان دەركەوت لە ئایەتانە كەسێك دەتوانێ تكابكات كە خوای گەورە مۆڵەتی پێبدات، كەواتە مەرجی یەكەم لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە ئەوەیە كەوا كەكەسە تكاكارەكە دەبێت توانای تكاكردنەی هەبێت لە پاشان دەبێت مسوڵمان بێت ئەوەی تكای بۆ دەكرێت وە پاشان دەبێت تكاكارەكە مۆڵتی وەرگرتبێت لەلای خوای گەورە ئینجا خوای گەورە پێی ڕازیبێت لەو كەسەی كە تكای بۆ دەكرێت وەكو دەفەرموێت** ﴿وَكَمْ مِنْ مَلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِنْ بَعْدِ أَنْ يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَرْضَى﴾(النجم آية: 26). **یان دەفەرمووێ** ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى﴾(الأنبياء آية: 28). **ئەوە ئەو مەرجانە دەسەلمێنی ودەگەیەنێ كە خوای پەروەردگار دەبێ ڕازی بێ لەو كەسەی كە تكای بۆ دەكرێ وە دەبێ مۆڵەت بدا بۆ ئەو كەسەش كەوا تكاكارەو لێی ڕازی بێ وە پاشان دەبێ ئەو كەسەی تكای بۆ دەكرێ دەبێ مسوڵمان بێ وە ئەو كەسەی كە تكاش دەكا دەبێ لە دەسەڵاتی دابێ خوای پەروەردگار ئەو توانایەی پێبەخشیبێ.**

وانەی هەشتەم

لە وانەی هەشتەم لە شەرح کردنی چوار بنەماکەی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله)گەیشتینە سەر ئەوەی کۆتا وانە لە قاعیدە و بنەمای دووەم، لەم وانەیان لەگەڵ پرسیارەکانی بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەخەینە بەردەمتان، جا لێرەدا ئێمە لەوانە و دەرسی ڕابردوو پێناسەی شەفاعەت وتکامان کرد وە گوتمان دوو جۆرە لە عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە شەفاعەی (منفیة) ڕەتکراوە کە ئایەتەکانمان بە بەڵگە بۆ هێناوە، وە شەفاعەی (مثبتة) جێگیر ئەویش کە ئایەتەکانمان بە بەڵگە بۆ هێناوە، گوتمان تکاکاریش ئەوەی تکاکەی دەکا چەند مەرجێکی بۆ داندراوە و هەڵێنجراوە لە ئایەتەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەری(علیه الصلاة والسلام)، کە مەرجی ئەوەی ئەو لە توانای دابێ تکاکە بکا وە لە پاشان کە مۆڵەتی وەرگرتبێ لەلای خودا، خودا مۆڵەتی پێ دابێ کە تکاکە بکا لە خۆشی ڕازی بێ وە لە پاشاندا ئەوەی تکاکەی بۆ دەکرێ موسوڵمان بێ وە خودا لێی ڕازی بێ، تەنها لێرەدا ئیستسنا هەن ڕەنگە بگوترێ ئەدی بۆچی تکا کرا بۆ (ئەبو تالیب)ی مامی پێغەمبەری (علیه الصلاة والسلام)تکاکەش وەرگیرا، ئێمە دەڵێین ئەوە ئیستسنائە خودای پەروەردگار تەنها ئەوەی قەبوڵ کردیە ئەویش کە (ئەبو تالیب) چەند چاکەی دونیەوی هەبوو لەگەڵ پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)، کە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)تکاکەی کرد خودای پەروەردگار ئەوەی لێ وەرگرت عەزابەکەی پێ خەفیفتر کرد بەس پێ نەهاتە دەرێ لە ئاگری دۆزەخ، کەواتە ئەوە ئیستیسنایە و حاڵەتێکی دیاری کراوە و یەکجار ڕوویدایە و جارێکی تر بۆ کافر و بێبڕوایان تکا لە عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعەی وەرناگیرێ وە قەبوڵ نیە.

ئەوانی تکاکارن گوتمان جار وەیە فریشتەنە وەکو بە ئایەت و بەڵگە گوتمان وە جار وەیە پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام)وە جاریش وایە پیاوچاکانن و شەهیدەکانن وە جار وایە قورئان تکاکارە وە جار وایە ڕۆژی و عیبادەتەکانە، ئەوانە هەر هەموویان لە عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە دەتوانن تکا بکەن بۆ کەسێکی یان پلەی بەرزتر ببێتەوە لە بەهەشت یان لە ئاگری دۆزەخ دەربچێ یان عەزابەکەی پێ کەم ببێتەوە بەو مەرجانەی ڕابردوو کە گوتمان.

جا لە پاشان با بزانین پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)چەند شەفاعەت و تکای هەیە زۆر بە کورتی و پوختی پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والسلام)بەڵگە لەسەر ئەوەی شەفاعەت بۆ وی جێگیرە یەك لەوان ئەو بەڵگەیە کە (شفاعة العُظمى) ی بۆ هەیە، پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)لە فەرموودەی صەحیح دا هاتووە واتا (تکای مەزن)ی بۆ هەیە لە مەیدانی حەشر و حیساب کە خەڵکەکە ڕادەگیرێ، پێغەمبەری پێشەوا (علیه الصلاة والسلام)ئەو پلە و پایەی پێ دەبەخشرێ کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه)دەگێڕیتەوە دەڵێ پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)کاتێك کەوا فەرموویەتی ((أَنَا سَيِّدُ النَّاسِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) من گەورە و مەزنی خەڵك و مەردوومم لە ڕۆژی دوایی ((وَهَلْ تَدْرُونِ مِمَّ ذَلِكَ؟))فەرمووی ئایا دەزانن ئەوەش چۆنە و چیە ((يَجْمَعُ اللَّهُ النَّاسَ الْأَوَّلِينَ وَالآخِرِينَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ،يُسْمِعُهُمُ الدَّاعِي وَيَنْفُذُهُمُ الْبَصَر، وَتَدنُوا الشَّمْسُ،فَيَبْلُغُ النَّاسَ مِنَ الغَمِّ وَالْكَرْب مَالَا يُطِيقُونَ وَلَا يَحْتَمِلُوْنَ،فَيَقُولُ النَّاسُ: أَلَا تَرَونَ مَا قَدْ بَلَغَكُم،أَلَا تَنْظُرُونَ مَنْ يَشْفَعُ لَكُمْ إلى رَبِّكُم؟ فَيَقُولُ بَعْضُ النَّاسِ لِبَعْضٍ:عَلَيكُمْ بِآدَم، فَيَأتُونَ آدَمَ فَيَقُولُونَ لَهُ : أَنْتَ أَبُو الْبَشَر،خَلَقَكَ اللهُ بِيَدِهِ،وَنَفَخَ فِيْكَ مِنْ رُوحِه،وَأَمَرَ الْمَلَائِكَةَ فَسَجَدُوا لَكَ،إِشْفَعْ لَنَا إِلى رَبِّكَ،أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فِيْهِ؟أَلَا تَرَى إِلَى مَا قَدْ بَلَغَنَا؟

فَيَقُولُ آدَم: إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَباً لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ ،وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ ،وَإِنَّهُ قَدْ نَهَانِي عَنِ الشَّجَرَةِ فَعَصَيْتُهُ، نَفْسَي نَفْسِي نَفْسِي إِذْهَبُوا إِلي غَيْرِي، إِذْهَبُوا إِلَى نُوحٍ))، **پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)فەرمووی ئا لەو ڕۆژەی مەیدانی حەشر و حیساب كە لە یەكەمەكانەوە تا كۆتا مەردووم وخەڵكی كۆدەكرێنەوە لە یەك دۆڵیدا لە یەك مەیدانیدا، لە پاشان فەرمووی ئەو كاتی وای لێ دێ كە چاوەكان بێ هێز دەبن وە ڕۆژ و هەتاو و خۆر لەسەریان نزیك دەبێتەوە، خەڵكی لە غەم و پەژارە و دڵتەنگی وایان لێ دێ كەوا هێزیان نامێنێ چی دی تەحەمول ناكەن، وە لە پاشان خەڵكی بەیەكتری دەڵێن ئایا نابینن ئای ئێمە بە چ گەیشتین چیمان بەسەر هات بۆچی ناگەڕێین لە دوای كەسێكی كەوا تكامان بۆ بكات لەلای خوای پەروەردگارمان، هەندێكیان بە هەندێكیان دەڵێن بچینە لای ئادەم (عليه السلام)باشە، جا دێنە لای ئادەم و پێی دەڵێن ئەی ئادەم(عليه السلام) تۆ باوكی مرۆڤایەتی خوای گەورە بەدەستی خۆی تۆی بەدیهێناوە وە ڕۆحی بە تۆ بەخشیوە و دروستی كردووە و وەبەر تۆی ناوە، وە مەلائیكەت وفریشتەكانی فەرمان پێ كرد كرنوشت بۆ بەرن ڕێزت لێ بگرن، تۆ تكاكار بەلەلای پەروەردگارت بۆ ئێمە، نابینی ئێمە لە چ داین نابینی ئێمە گەیشتینە چ ئاستێكی، ئادەمیش(عليه السلام) پێیان دەڵێ بەڕاستی پەروەردگارم ئەمڕۆ توڕەبوونێكی گرتووەو غەزەبێكی گرتووە ئەو غەزەب و توڕەبوونەی لە پێشتردا نموونەی نەبووە وە لەمەودواش نموونەی نابێت، جا ئەو قەدەغەی منی كرد من لە بەری دارەكە بخۆم لە بەری دارەكەم خواردوو سەرپێچی فەرمانیم كرد، من ئەوڕۆ هەرخۆم هەرخۆم هەرخۆم بڕۆنە لای یەكێكی تر بڕۆنە لای نوح (عليه السلام) .**

((فَيَأْتُونَ نُوحَاً فَيَقُولُونَ : يَا نُوحُ، إِنَّكَ أَنْتَ الأَوَّلُ الرُّسُلِ إِلَى أَهْلِ الأَرْض، وَقَدْ سَمَّاكَ اللهُ عَبْداً شَكُوراً، إِشْفَعْ لَنَا إِلي رَبِّكَ،أَلَا تَرَى إَلَى مَا نَحْنُ فِيْهِ؟ فَيَقُولُ: إِنَّ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَباً لَمْ يَغْضَبَ قَبْلَهُ مِثْلَهُ ،وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ، وَإِنَّهُ قَدْ كَانَتْ لِي دَعْوَةً دَعَوْتُهَا عَلَى قَوْمِي، نَفْسَي نَفْسِي نَفْسِي إِذْهَبُوا إِلَى غَيْرِي، إِذْهَبُوا إِلي إِبْرَاهِيمَ))**كاتێك دەچنە لای نوحیش پێی دەڵێن ئەی نوح تۆ یەكەم ڕەوانەكراو ڕەوسولی لە عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە، یەكەم ڕەسول كێ بووە ڕەئی ڕاجیح و پەسەند بە بەڵگەی ئەوەی و چەن بەڵگەیەكی تریش هەیە بەڵام ئادەم نەبی بووە ڕەسول نەبووە، جا جیاوازیش لەنێوان نەبی و ڕەسولیش هەیە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە بە درێژی باسیان كردوو ئێرە شوێنی ئەوەی نیە لە شەرح ورافەی نامیلكەو پەرتووكەكانی تر دەردەكەوێ (إن شاء الله)بە پشتیوانی خوای گەورە كەوا دەریدەخەین كە جیاوازیان لە نێواندا چیە، جا لە پاشان دەڵێن ئەی نوح تۆ دەبینی ئێمە بە چ گەیشتووین بۆمان وابكە تكایەك بكەی لەلای خوای پەروەردگارت، ئەمە تۆ خوای گەورە ناوی لە تۆ ناوە بەندەی سوپاس كراو جا تكامان بۆ بكە لەلای پەروەردگارت، نابینی ئێمە بە چ گەیشتووین، ئەویش وەكو ئادەم دەفەرمووێ پەروەردگارم ئەمڕۆ تووڕەبوونێكی گرتووە هیچ لە پێشتر ئەو توڕەبوونەی نەبووە نموونەی ئەو توڕەبوونەش نەبووە وە لە دواتریش نموونەی ئەو تووڕەبوونەشی نابێت، وە من یەك دوعا و پاڕانەوەم هەبوو ئەویش كردم بەسەر قەومم و گەلەكەم خوای گەورە جێگیری كرد، ئەوڕۆ هەرخۆم هەرخۆم هەرخۆم بڕۆنە لای جگە لە من بڕۆنە لای ئیبراهیم (عليه السلام).**

((فَيَأْتُونَ إِبْرَاهِيم فَيَقُولُونَ: يَا إِبْرَاهِيمُ أَنْتَ نَبِيُّ اللهِ وَ خَلِيلُهُ مِنْ أَهْلِ الْأَرضِ، إِشْفَعْ لَنَا إلى رَبِّكَ أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فِيْهِ،فَيَقُولُ لَهُمْ إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَباً لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ ،وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ،وَإِنِّي قَدْ كُنْتُ كَذَبْتُ ثَلَاثَ كَذِبات نَفْسَي نَفْسِي نَفْسِي إِذْهَبُوا إِلَى غَيْري، إِذْهَبُوا إِلَى مُوسَى))**کاتێك دەچنە لای ئیبراهیم پێی دەڵێن ئەی ئیبراهیم ئێمە هاتینە لای تۆ، تۆ پێغەمبەری خوای تۆ خەلیل و زۆر نزیکی و خۆشەویستی خوای، ئەوە تکامان بۆ بکە لەلای پەروەردگارت نابینی ئێمە کەوتینەتە ناو چ حاڵێکەوە ئەمڕۆ، ئەویش دەڵێ ئەمڕۆ خوای پەروەردگارم تووڕە بوونێکی گرتووە نموونەی ئەو تووڕە بوونەی لە پێشتر نەبووە و لە پاشتریش نابێ، من سێ جار قسەی ناڕاستم کرد، ئەوجا لە پاشان دەفەرمووێ خوای پەروەردگارم ئەوانەی لەسەر گوتم جا لە فەرموودە و ڕیوایەتەکاندا هاتووە قسەکانی ناڕاست مەبەستی پێ چ بووە، دەفەرمووێ هەرخۆم هەرخۆم هەرخۆم بڕۆنە لای جگە لەمن بڕۆنە لای موسا** (عليه السلام)

((فَيَأْتُونَ مُوسى فَيَقُولون:يَا مُوسى أَنْتَ رَسُولُ اللهِ،فَضَّلَكَ اللهُ بِرسالَتِهِ وَبِكَلامِهِ عَلَى النَّاس))**کاتێك دەچنە لای موسا پێی دەڵێن ئەی موسا تۆ ڕەوانە کراو و پێغەمبەری خوای، خوای گەورە تۆی پلەدار تر کردوە بە پەیامەکەت و قسەکردنت ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوای پەروەردگار لەسەر خەڵکانی تر،**((إِشْفَعْ لَنَا إِلى رَبِّكَ))**تکامان بۆ بکە لەلای پەروەردگارت،**((أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فيْهِ)) **نابینی ئێمە بە چ گەیشتین وە چمان بەسەر هاتیە**،((فَيَقُولُ إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَباً لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ ،وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ،وَإِنِّي قَدْ قَتَلْتُ نَفْساً لَمْ أُومَرْ بِقَتْلِهَا، نَفْسِي نَفْسِي نَفْسِي))**دەفەرمووێ ئەمڕۆ خوای پەروەردگارم تووڕەبوونێکی هەیە کە نموونەی ئەو تووڕەبوونەی لە پێشتردا نەبووە وە لە پاشتردا نایێ، وە من کەسێکم کوشت کە فەرمانم پێ نەکرابوو کە بیکوژم، هەرخۆم هەرخۆم هەرخۆم**،((إِذْهَبُوا إلى غَيْري))**بڕۆنە لای جگە لەمن**،((إِذْهَبُوا إِلَى عِيسى إبنَ مَرْيَم))**بڕۆنە لای عیسای کوڕی مەریەم**(عليه السلام).

((فَيَأْتُون عِيسى فَيَقُلون: ياعِيسى أَنتَ رَسُولُ اللهِ وَكَلِيمَتُهُ أَلْقاها إلى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنهُ ،وَكَلَّمْتَ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ صَبِيَّاً، إِشْفَعْ لَنَا إلى رَبِّكَ أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فيْهِ؟فَيَقُول عِيسى إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَباً لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ قَط، وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ،وَلَم يَذْكُرْ ذَنْباً))**کاتێك دەچنە لای عیسا پێی دەڵێن ئەی عیسا تۆ ڕەوانەکراو و پێغەمبەری خوای، تۆ ئەو وشە و فەرمانەی خوای کە بۆلای مەریەم هات، وە تۆ ئەو ڕوحەی کە خوای پەروەردگار تۆی بەدی هێنا بەبێ باوك، تۆ لەنێو بێشکە و لانکدا قسەت کردووە بە منداڵی بۆ خەڵکی، جا تۆ تکاکاربە بۆلای پەروەردگارت بۆمان، نابینی ئێمە کەوتینەتە چ وەزع و ناخۆشیەکین، جا عیسا دەڵێ بەڕاستی پەروەردگارم ئەمڕۆ تووڕەبوونێکی هەیە نموونەی ئەو تووڕەبوونەی نەبووە لە پێشتر وە لە پاشتریش نابێ،**((نَفْسِي نَفْسِي نَفْسِي))**ئەویش دەڵێ هەرخۆم هەرخۆم هەرخۆم**،((إِذْهَبُوا إِلى غَيْرِي إِذْهَبُوا إِلَى مُحَمَّدٍ))**بڕۆنە لای جگە لە من بڕۆنە لای محمد** (عليه الصلاة والسلام).

((فَيَأْتُونَ مُحَمَّداً))پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)فەرمووی ئەوانیش دێنە لای من و دێنە لای محمد (عليه الصلاة والسلام) پێی دەڵێن.((فَيَقُولُونَ يَا مُحَمَّد أنْتَ رَسُولُ اللهِ وَخَاتِمُ الْأنْبِياء وَقَدْ غَفَرَ اللهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَ مَا تَأَخَّرَ إِشْفَعْ لَنا إِلَى رَبِّكَ، أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فِيْهِ))دەفەرمووێ پێم دەڵێن ئەی محمد (عليه الصلاة والسلام)تۆ ڕەوانەکراوی خوای و کۆتا و مۆری پێغەمبەرانی (عليهم الصلاة والسلام)،وە خوای پەروەردگار لە گوناهەکانی پێشتر و دوایت خۆش بووە جا تۆ تکاکار بە لەلای پەروەردگارت بۆمان، نابینی ئێمە کەوتینە چ حاڵ و وەزعێك؟، جا دەڵێ ((فَأَنْطَلِقُ فَآتِي تَحْتَ الْعَرشِ فَأَقَعُ سَاجِداً لِرَبِّي عَزَّ وَجَل))دەفەرمووێ جا منیش دەردەچم لەدوای قسەی وان و دەچمە ژێر بارەگا و عەرشی خوای پەروەردگار دەکەومە کڕنۆش بردن بۆ خوای پەروەردگار.((ثُمَّ يَفْتَحُ اللهُ عَلَيَّ مِنْ مَحَامِدِهِ وَ حُسْنِ الثَّناءِ عَلَيْهِ شَيْئاً لَمْ يَفْتَحْهُ عَلَى أحَدٍ قَبْلِي)) لە پاشان خوای پەروەردگار دڵم دەکاتەوە و زمانم ڕادەینی لەسەر چەند سوپاس گوزاری و ستایشێکی خوای پەروەردگار چەند ستایشێکی زۆر جوانی لەجێ بۆ خوای پەروەردگارم، کە لە پێش من کەسی دی پێی نەبەخشیوە نەیتوانیوە و وابڵێ واسوپاس گوزار بێ.((ثُمَّ يُقَالُ يَا مُحَمَّد))لە پاشان دەگوترێ ئەی محمد (عليه الصلاة والسلام).(ارفَعْ رَأْسَكَ))سەرت بەرزکە.((سَلْ تُعْطَهْ))پرسیار بکە پێت دەبەخشرێ.((وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ))تکا بکە تکات ڕابگیرێ.((فَأَرْفَعُ رَأْسِي فَأَقُولُ))جا منیش دەڵێ سەرم بڵند دەکەم و دەڵێم.((أُمَّتِي يَارَبِّ أُمَّتِي يَارَبِّ))ئەی خوای پەروەردگار ئوممەتەکەم ئوممەتەکەم، وە لە پاشانەکە ((فَيُقَالُ يَا مُحَمَّد أَدْخِلْ مِنْ أُمَّتِكَ مَنْ لَا حِسَابَ عَلَيْهِمْ مِنَ الْبَابِ الْأَيْمَنِ مِنْ أَبْوابِ الْجَنَّة))پێم دەڵێ خوای پەروەردگار ئەی محمد (عليه الصلاة والسلام)لە ئوممەتەکەت ئەوانەی حیسابیان لەسەر نیە لە دەرگای ڕاست لە دەرگاکانی بەهەشت بیانبە ژوورێ.((وَهُمْ شُرَكَاءُ النَّاسِ فِيمَا سِوَى ذَالِكَ مِنَ الْأَبْوابِ))جا جگە لەو دەرگایەش لە دەرگاکانی تریش ئوممەتەکەت هاوبەشن لەگەڵ خەڵکانی تر و هەر دەچنە ژوورێ، لە پاشان دەڵێ ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إَنَّ مَا بَيْنِ الْمِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّة كَمَا بَيْنَ مَكَّةَ وَحِمْيَرْ أَوْ كَمَا بَيْنَ مَكَّةَ وَ بُصْرَى))پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)فەرمووی جا سوێند بە زاتی ئەو خوایەی کەوا نەفس و گیانی منی بە دەستە لەنێوان دەرگاکانی بەهەشت لەلایەك بۆ لایەکەی تری وەکو نێوانی (مەککە) و (حومەیرە) یە، یان (مەککە) و (بوسرا) یە کە لە شامە،وە لە هەندێك ڕیوایەت گوتراوە ((مَا بَيْنَ مَكَّةَ وَهَجَرْ))جا ئەوە ئەوەی دەردێخی بەڕێزان فەرموودەکە زۆر شیرین وبەتام بوو وە سوود و کەڵکی لێ وەردەگیرێ، جا پلە و پایەی پێغەمبەرمان (عليه الصلاة والسلام)دەردەخات لەبەر هەندێ وا بە درێژی هێنامان کە پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)(شفاعة العظمى) ی بۆ هەیە بچێتە لای خوای پەروەردگار هەموو خەڵکەکە لە مەیدانی حەشر و حیساب ڕزگاریان ببێ، حیساب لەگەڵیان دەست پێ بکات و لەوێ شەفاعەت و تکای تایبەتیشی کرد بۆ ئوممەتەکەی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)جا لێرەدا دێینە کۆتایی وانەی هەشتەم .

وانەی نۆیەم

لە دەرس و وانەی نۆیەم لە ڕاڤە ولێکدانەوەی و ڕونکردنەوەی چوار بنەماکەی(شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)گەیشتینە سەر ئەوەی لەگەڵ دەرس و وانەی هەشتەم لێکی گرێبدەینەوە پێ ڕانەگەیشین لەوێ ئێستا چەند فەرموودە و بەڵگەیەکی تر دەێنینەوە زۆر بە کورتی، ئەوجا پرسیار و وەڵامەکانی قاعیدە و بنەمای دووەم دەینینەوە،ئەوجا دەچینە سەر بنەماو قاعیدەی سێیەم بە پشتیوانی خوای گەورە، لێرە دەڵێین ئەو فەرموودە دوور و درێژەمان هێناوە کە سەلماندمان پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)(شفاعة العظما)ی بۆ هەیە لەمەیدانی حەشر وحیسابدا، وە تکاو شەفاعەتی تایبەتیشی بۆ هەیە، هەر لەو فەرموودەی لە کۆتاییەکەی فەرمووی کە خودای پەروەردگار پێی دەفەرمووێ سەرت بڵند بکە ((إِرْفَعْ رَأْسَكَ سَلْ تَعْطَهْ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ))پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)فەرمووی((فَأَرْفَعُ رَأْسِي فَأَقُولُ أُمَّتِي يَا رَبِّ)) یەکەم جار سەرم بڵند دەکەم و دەڵێم ئوممەتەکەم ئەی خوای پەروەردگارم، کەواتە ئەوە شەفاعەت و تکای تایبەتە بۆ ئوممەتەکەی، (عظمی) یەکەش ئەوەیە بۆ هەموو هەڵکی و مەردووم لەوێ ڕزگاریان ببێ و حیساب و مەحکەمە شەرعیەکە دەست پێ بکا، ئەوجا خۆشی ئەوەش لە کۆتایی فەرموودەکەی گوتمان پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)خوای گەورە بە ئوممەتەکەی پێغەمبەری (علیه الصلاة والسلام)دەبەخشێ پێی دەفەرمووێ بڕۆ ئەوانەی حیسابیان لەسەر نیە لە دەرگای ڕاست لە بەهەشت بیانبە ژووری هەر هەموویان کە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)ئەوەی وەرگرت دوایی خوای پەروەردگار فەرمووی ئوممەتەکەت لە دەرگاکانی تریش لەگەڵ هەموو خەڵکی تر هاوبەشن و دەچنە ژووری، نێوان دەرگاکانیش لە دەرگایەك بۆ دەرگاکەی تر نێوانەکانیان پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)فەرمووی وەکو نێوانی (مەککە) و (حیمەیرە) یە کە دوو شوێنن لەیەك دوورن، یان فەرمووی وەکو نێوانی (مەککە) و (بوسرا) یە کە لە شامە، ئەوەندە فراوانە دەرگاکەی و ئەوەندە گەورەیە واتا خەڵکی زۆر زۆری پێ دادەچی و دەڕوا لە ئوممەتەکەی پێغەمبەریش (علیه الصلاة والسلام)ئەوە زۆر دڵخۆشکەر بوو.

وە بەڵگەیەکی تر کە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)لە قیامەتێ ئەوەی بۆ هەیە لە(موسنەدی ئیمامی ئەحمد) داهاتووە کەوا (طوفەیل) لە (ئوبەی کوڕی کەعب) دەگێڕێتەوە ئەویش لە باوکی ئەویش لە پێغەمبەریەوە(علیه الصلاة والسلام)کە پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)فەرموویەتی((إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ كُنْتُ إِمَامَ النَّبِيِّنَ وَ خَطِيبَهُمْ وَصَاحِبَ شَفَاعَتِهِمْ غَيْرَ فَخْرٍ)) دەفەرمووێ ئەگەر ڕۆژی دوایی داهات من پێشەوای پێغەمبەرانم(عليهم الصلاة والسلام)لەوێ وتار بێژ و خەتیبیانم وە من خاوەنی شەفاعەت و تکایانم ئەوە بە فەخر و شانازیەوە ناڵێم ئەوە ڕاستە و جێگیرە و خوای گەورە پێی بەخشیوم کە پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)فەرمووی .

یان لە بەڵگەی ئەوەش کە ئەویش لە صەحیحی هاتووە کە پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)ئەبو هورەیرە(رضي الله عنه)دەگێڕتەوە کە فەرموودەکە لە صەحیحی بوخاری بە ژمارە (99) تۆمار بووە دەفەرمووێ ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه)دەفەرمووێ پرسیارم کرد لە پێغەمبەری پێشەوا (علیه الصلاة والسلام)گوتم ((مَنْ أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) کێیە بەختەوەر لەخەڵکی و مەردووم بە تکای تۆ بۆی لە ڕۆژی دوایی، جا (أسعد) لێرە زانایان دەفەرموون بە مانای سەعیدی دێ نەك سیغە موبالەغەکەی کێ بەختەوەرترینە نا کێ بەختەوەرە، واتا ئەو بەختەوەر دەبێ ئەوە کەسەی کە بەر شەفاعەت و تکای پێغەمبەری (علیه الصلاة والسلام)کە بۆی دەکاو بۆی جێگیر دەبێ لە ڕۆژی دوایی ،

فەرمووی پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)فەرمووی ((لَقَدْ ظَنَنْتُ يَا أَبا هُرَيْرَةَ أَنْ لَا يَسأَلَنِي عَنْ هَذاَ الْحَدِيثِ أَحَدٌ أَوَّلُ مِنْكَ))فەرمووی من گومانم وا بوو کەس پێشی تۆ پرسیارم لێ نەکا دەربارەی ئەو فەرمووده وقسەی ئەی ئەبو هوڕەیرە، واتا ئەتۆ زۆر پرسیار دەکەی لە پرسیارە شەرعیەکان و فەرموودەکان وە گرینگی دەدەی بە قسەکانی من،((لِمَا رَأَيْتُ مِنْ حِرْصِكَ عَلَى الْحَدِيث))لەبەر ئەوەی من تۆ دەبینم زۆر پێداگیری لەسەر فەرموودەکان و قسەکانم ((أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَة)) بەختەوەری مرۆڤ بە تکای من لە ڕۆژی دوایی وتمان (أسعد) لێرە بە مانای بەختەوەرترین نایێ بە مانای سەعیدی و بەختەوەر دێ زانایان فەرموویانە،فەرمووی بەختەوەر بە تکاو شەفاعەتی من ئەو کەسەیە ((مَنْ قَالَ لَاإِلَهَ إِلَّااللَّهُ خَالِصاً مِنْ قَلْبِهِ أَوْ نَفْسِهِ))ئەوەی کە (لا إله إلا الله) بلێ بە یەکلابوونەوە لە ناخ و دڵیەوە بە پاك و بێگەردی بیلێ شیرك و ڕیایی لەگەڵ دا نەبێ ئا ئەوە بەختەوەرە بە تکا و شەفاعەتی من.

کەواتە شەفاعەت و تکا لەو فەرموودەی جێگیرە بۆ پێغەمبەری(عليه الصلاة والسلام)وە لە پاشانەکە مەرجی ئەوەش کە ئەوەی شەفاعەتی بۆ دەکرێ وەکو لەو فەرموودەیەی هاتیە بڕوادار بێ و خاوەن ئیخلاص بێ لە ئوممەتی پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)جا شەفاعەت و تکاکانی پێغەمبەری(عليه الصلاة والسلام)لە ڕوانگەی عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە بریتیە لەوەی (شفاعة العظمى)، یان جار وایە شەفاعەت لۆ ئەهلی (کبائر) ئەوانەی گوناهی گەورەو مەزنیان کردییە لە ئوممەتەکەی، یان ئەوانەی چووینە ئاگری دۆزەخ بێنە دەرێ لە ئاگری دۆزەخ و بچنە بەهەشت، یان ئەوانەی لە بەهەشتن پلەیان بەرزتر ببێتەوە کە پلەی تەواو بەرزیان بە دەست نەهێناوە، یان ئەوەیە کەوا لە عەزابی جەهەننەم بڕیار دراوە بچنە جەهەننەم وەدەپارێزرێن لەسەر تکا و شەفاعەتی پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)، کەواتە شەفاعەت و تکاکان جۆراو جۆرن، جا ئەوانەی شەفاعەت وتکاش دەکەن گوتمان پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام)و فریشتەکان وە شەهیدەکان وە پیاوچاکان و بڕواداران ئەوانە شەفاعەت و تکایان بۆ هەیە.

جا لە پاشان دێینە سەر ئەوەی کە لەو بنەمایەی ئایا چ وەردەگیرێتن ئەمە کۆیکەینەوە و پوختی کەینەوە تاوەکو سوودو کەڵکی لی ببینین وەکو عەقیدە و بیرو بڕوا وەکو جێبەجێ کردن لە ژیانی ڕۆژانەماندا، ئەو قاعیدەو بنەمایەی (شیخ محمدی کوری عبدالوهاب) (رحمه الله)ئەوەی لێ وەردەگیرێت کەوا شەفاعەت و تکا جار وایە ئەگەر بکرێ لە کەسێکی کە ئەو کەسە داوایەکەی لێ دەکرێ جگە لە خوا لە مردووەکان لە گۆر لە بتەکان لە هەر شتێك لەوانە کە لە توانایاندا نیە هیچت بۆ بکەن هیچ زیانێکت لەسەر لابدەن وە هیچ سوودێکت پێ بگەینن ئەو بابەتە تکایە شیرکە لە شیرکی گەورەشە لە ئیسلام دەتباتە دەرێ، چونکە دوعا عیبادەت و پەرستشە پاڕانەوە و تکا کردن عیبادەت و پەرستشە بۆ جگە لە خوای پەروەردگار نابێ لە هیچ کەسێکی تر داوا بکرێت و ڕاستەوخۆ لە خوای داوا دەکرێ، کەواتە ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەو بنەمایە ئەوەی لێ وەردەگرین کەوا ئەوەی هاوبەشی گەورە و ئاشکرا بکا وە موشریك بێ نە تکای بۆ هەیە وە نە تکاشی بۆ دەکرێ وە قەبوڵ نیە.

وە لە پاشان ئەوەی لێ وەردەگیرێ ئەوەی دەپەرسترێت جگە لە خوای پەروەردگار دەتوانین بڵێین دوو جۆرە جار وایە چاکە پەرستراوەکە جار وایە خراپە، چاکەکە دەپەرسترێت وەکو پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام)ئەوان بۆخۆیان لێی بەرین

و خەلکانێك دێن دەیانکەنە هاوبەش و دەیان پەرستن، ئا ئەوە هاوبەشیەکە بەسەر ئەوانی هاوبەشی پەیدا دەکەن و موشریکن دادەگەرێتەوە، پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) پیاوچاکان فریشتەکان ئەوانە هەموویان لێی بەرین ،
وە جاروایە خراپن و شەیتانن وە جنۆکە شەیتانیەکانن وە بت وصەنەمەکانن دەپەرسترێن دار وبەردەکانن یان مرۆڤە تاغوتەکانن یان ڕێباز و بەرنامەیەکی ترە جگە لە ڕێباز وبەرنامەی ئیسلام سەد لە سەد جێبەجێ دەکرێ و کاری پێ دەکرێت و دەپەرسترێ لە جیاتی خوای پەروەردگار یان دەکرێتە شەریك، جا پەرستراوە کە باش بێت یان خراپ بێت پەرستنی غەیری خوای پەروەردگار شیرکە وە هاوار بردنە بەری بۆ شتێکی کەوا لە تواناى دا نییە بۆت بکا ئەوەشیان شیرك و هاوبەشیە، کەسەکەی لە ئیسلام دەباتە دەرێ دەبێتە خاوەن شیرك و هاوبەشی گەورە پەنا بە خوای گەورە
وە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ تکا هەیە شەفاعەت هەیە لە عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە بەس ئەو تکاو شەفاعەتە سنورداره مەرجی بۆ دانراوە لە لای خوای پەروەردگار، هەروەکو لە ڕابردوو گوتمان دەبێ ئەو کەسەی تکای دەکا لە توانایدا هەبێ وە ئەو کەسەی کەوا تکای بۆ دەکرێ موسوڵمان بێ، وە لە پاشان خاڵێکی تر خوای تعالی لێی ڕازی بێ لە هەردووکیان ئەوەی تکاکە دەکا ئەوەی تکاکەشی بۆ دەکرێ ئەوجا ئەو ئیزن و مۆڵەتی خوایشیی وەرگرتبێ، واتا لە دوای ئیزن و مۆڵەتی خوایی تکاکەی بکا، ئەگەر ئەو مەرجانەی لێ هاتە جێ ئەوە ئەو کاتی دروستە و شەرعیە، جا لە پاشان ئەوانە لەو بنەمایەی وەرگیرا دێینە سەر پرسیار و وەڵامەکانی لەسەر ئەو بنەمایەی دامان ناوە .

پرسیار و وەڵامەکان

یەکەم: هاوبەش پەیداکاران لە پێناو چ هاوار و پەرستش بۆ بت و صەنەمەکان و پەرستراوەکانیان دەبرد و دەیکەن؟

وەڵام: لە پێناو ئەوەی تاوەکو لە خوایان نزیك بکەنەوە پەنا بەخوای گەورە بەنیازی خۆیان، وە تکایان بۆ بکەن وەکو لە ئایەتەکان دەرکەوت .

دووەم: ئایا هاوبەش پەیداکاران کار و پەرستشەکانیان کە بۆ بت و پەرستراوەکانیان ئەنجام دەدا پێان وابوو ئەو پەرستشانە بۆ یان دەیکەن و جێبەجێ دەکەن وە چ بۆچوونێکیان هەبوو؟

وەڵام: پێان وابوو ئەو پەرستشانەی کە دەیکەن و دەیپەرستن کە ئاژەڵیان بۆ سەر دەبرن بۆ بت و صەنەمەکانیان کە بەدەوریاندا دەسوڕانەوە و لەبەریان دەپاڕانەوە، کە سەربڕینی ئاژەڵ و بە دەوردا سوڕانەوە و تەواف ئەوانە تایبەتن بە پەرستش تەنها بۆ خوای پەروەردگار بڕیارەو نابێ بۆ هیچ کەس و شتێکی تر بکرێ ئەوان پیان وا نەبوو ئەوانە پەرستراوی سەربەخۆن و دەیان پەرستن دەیان گوت ئەوانە دەکەینە نێوەند نێوان خۆمان و خوای پەروەردگار تا نزیکمان بکەنەوە وەکو دەیان گوت﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾(الزمر آية: 3). وە دەیان گوت ﴿وَيَقُولُونَ هَؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ﴾(يونس اية: 18)واتە:دەیان گۆت ئەوانە دەبنە تکاکاری ئێمە لە لای خوا، کەواتە لەو پیناوەی بوو دەیان پەرستن هەروەکو لەسەردەمی خۆشمان پەنا بە خوای دەڵێن غەوسەکەی ماڵ لە بەغدایێ پەنا بە خوای مەبەستی پێ لە (شێخ عبدالقادری گەیلانی) یە یەعنی لە هانام وەرە، یان کاتێك دەکەونە ناو ناخۆشیەك و زەحمەتییەکی هاواری غەیری خوای پەروەردگار دەکەن، یەعنی دەڵێن یا (شێخ عبدالقادری گەیلانی) هاوارە فلانە هاوارە ئاگات لێمان بێ پیری فلان، شاهۆ نازانم چ مەرقەدی فلانی ئەوەم لەسەر بێ بۆت بکەم ڕزگارمان ببێ، ئەوانە هەمووی شیرکی گەورەیە ، با کەسەکە نوێژی بکە ڕۆژی بگرێ زەکاتی بدە بچێتە حەج و عومرەی هەموو قورئانیشی لەبەر بێ ئا ئەوە بلێ و بکا لە شیرکە ئاشکراو گەورەکانە فڕی بە سەر ئیسلامەوە نامێنێ و لە ئیسلام دەردەچێ پەنا بە خوای .

سێیەم: نموونەیەك بهێنەوە لەسەر بت و پەرستراوەکانی هاوبەش پەیداکارانی سەردەمی پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)؟

وەڵام: (لات و عوززا و مەنات) ئەوانە سێ بتی ئاشکرا و دیاری پەرستراو بوون لە لایان هاوبەش پەیداکاران، کە جگە لە خوای ئەوانیان دەپەرست و هانایان بۆ دەبردن و وە دەیان گوت لە خوامان نزیك دە کەنەوە پەنا بە خوا.

چوارەم: بە گشتی تکا و شەفاعەت دەبێتە چەند جۆر؟

وەڵام: دەبێتە دوو جۆری سەرەکی تکای ڕەتکراوە (الشفاعة المنفية)و تکای جێگیر(الشفاعة المثبتة).

پێنجەم: پێناسەی تکای ڕەتکراوە(الشفاعة المنفية) بکە بە نموونە و بەڵگەوە؟

وەڵام: تکای ڕەتکراوە (الشفاعة منفية) بریتیە لەو شەفاعەت و تکایەی کە داوا دەکرێت لە جگە لە خوای پەروەردگار بۆ کارو ئیشێك کە ئەو کارو ئیشە تەنها لە توانای خوای پەروەردگارە و لە دەسەڵاتی ئەو دایە،

وەکو ئەوەی تکا بکەی کە کەسیك بتباتە بەهەشت یان نەهێڵێ تۆ بمری یان ژیانت پێ ببەخشێ یان ڕزگارت بکا لە تەنگەشەیەکی نەهێڵێت زیانت پێ بگات یان سوودت پێبگەینێ پەنا بە الله ، ئا ئەوانە نموونەکەیتیان وەك خوای

گەورە فەرموویەتی ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لا بَيْعٌ فِيهِ وَلا خُلَّةٌ وَلا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾(البقرة آية: 254).

شەشەم: پێناسەی تکای جێگیر(الشفاعة المثبتة) بکەبە نموونە و بەڵگەوە؟

وەڵام: تکای جێگیرئەو تکایەیە کە لە خوای پەروەردگار داوا دەکرێت وە لە پاشان بۆ کەسێکی دەکرێ کە موسوڵمانە وە لە دوای مۆڵەت وەرگرتن لە خوای پەروەردگار کە خوای گەورە لەو کەسەی ڕازییە کە تکای بۆ دەکرێتن و وە لەو کەسەش ڕازییە کە تکاکە دەکاتن وە مۆڵەتیش دەدات، کەواتە بەو مەرجانە دروستە وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ﴾(البقرة آية: 255).کێ هەیە بتوانێ تکای لەلای خوای پەروەردگار بکات مەگەر بە مۆڵەتی خوایی ئەوکات دەتوانێ بیکات.

حەوتەم: جیاوازی لە نێوان تکای ڕەتکراوە و تکای جێگیر چیە ؟

وەڵام: جیاوازی لە نێوانیان دەتوانین بڵێین ئەو خاڵانەن:-

1- تکای جێگیر دەبێت بە ڕەزامەندی خوا بێت و دەبێت خوا لە تکا بۆ کراوەکە ڕازی بووبێت .

2- تکای جێگیر دەبێت خوا مۆڵەتی دابێت کە تکاکە بکرێت .

3- تکای جێگیر لە خوای داوا دەکرێت و نابێت لە کەس و شتێکی تر داوا بکرێت، بۆ نموونە دەڵێی خوایە پێغەمبەرەکەت(عليه الصلاة والسلام)بکە تکاکارم، ناتوانی بڵێی ئەی پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)تکاکارم بە، چونکە لە دەسەڵاتی خۆی دا نییە پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)تکاکارت بێت، جا ئەوە ئەوەی ناگەینێت بێ ڕێزیە لەگەڵ پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)بەڵکو ئەوە خوایەتی خوای جێگیر دەکەی و وە خوای تعالی ڕێگەت پێدەدا داوای لێ دەکەی کە پێغەمبەرت(عليه الصلاة والسلام)بۆ بکاتە تکاکار .

4- تکای جێگیر خاوەنەکەی تکابۆ کراو سوودی لێ دەبینێت و قازا نجی لێ دەکات یان پلەی بەرز دەبیتەوە یاخود تۆڵەی لەسەر لا دەکەوێ یان کەم دەبێتەوە یان لە گوناهی دەبووردرێت.

5- بەڵام تکای ڕەتکراوە جگە لە خوای داوا دەکرێ یان بۆ کەسێك داوا دەکرێ کە خودا لێ ڕازی نیە یان خوا مۆڵەتی پێنەدایە وە سوودیشی بۆ تکابۆ کراو نابێتن بەڵکو جار وەیە زەرەرو زیانی بۆی دەبیت ئەگەر بڕوای پێ هەبێ.

وانەی دەیەم

وَالْقاعِدَة الثّالِثَة: أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ظَهَرَ عَلى أُناسٍ مُتَفَرِّقِينَ فِي عِبادَاتِهِم مِنْهُم مَنْ يَعْبُدُ الْمَلائِكَة. وَمِنْهُم مَنْ يَعْبُدُ الْأَنْبِياءَ وَالصَّالِحِين. وَمِنْهُم مَنْ يَعْبُدُ الْأَشْجارَ وَالْأَحْجار. وَمِنْهُم مَنْ يَعْبُدُ الشَّمْسَ وَالْقَمَر. وَقاتَلَهُم رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلَّم وَلَمْ يُفَرِّق بَيْنَهُم.

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعالى: {وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ}(الأنفال آية: 39).

وَالدَّلِيلُ الشَّمْسِ وَالْقَمَر قَوْلُهُ تَعالى: {وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ}(فصلت آية: 37).

وَالدَّلِيلُ الْمَلائِكَةِ قَوْلُهُ تَعالى: {وَلا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَاباً}(آل عمران آية: 80).وَالدَّلِيلُ الْأَنْبِياء قَوْلُهُ تَعالى: {وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ}(المائدة آية: 116).

وَالدَّلِيلُ الصَّالِحِين قَوْلُهُ تَعالى: {أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ}(الإسراء آية: 57).

وَالدَّلِيلُ الْأَشْجارِ وَالْأَحْجارقَوْلُهُ تَعالى: {أَفَرَأَيْتُمُ اللاَّتَ وَالْعُزَّى وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى}(النجم آية: 19-20).

وَحَدِيثُ أَبِي واقِد اللَّيْثِي رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قال: "خَرَجْنا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم إِلى حُنَيْن وَنَحْنُ حُدَثاءُ عَهْدٍ بِكُفْر، وَلِلْمُشْرِكِين سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَها وَيَنُوطُونَ بِها أَسْلِحَتَهُم يُقالُ لَها ذاتُ أَنْواط. فَمَرَرْنا بِسِدْرَةٍ فَقُلْنا: يا رَسُولَ اللهِ اجْعَلْ لَنا ذاتَ أَنْواط، كَما لَهُم ذاتُ أَنواط". الْحَدِيث.

****

گەیشتینە سەر قاعیدە و بنەمای سێیەم (القاعدة الثالثة) بنەمای سێیەم (شێخ محمدی كوری عبدالوهاب)(رحمه الله) **دەفەرمووێ**﴿أن النبي صلى الله عليه وسلم ظهر على أناس متفرقين في عباداتهم﴾**بەڕاستی پێغەمبەر**(عليه الصلاة والسلام)**بە دیاركەوت لەناو خەڵكانێك كە جیاواز بوون لە پەرستشیان و لەوانەی كە دەیان پەرست**

﴿منهم من يعبد الملائكة﴾**هەیان بوو فریشتەیان دەپەرست،**﴿ومنهم من يعبد الأنبياء والصالحين﴾**وەهەیان بوو پێغەمبەران**(عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكانیان دەپەرست،**﴿ومنهم من يعبد الأشجار والأحجار﴾**وە هەیان بوو داریان دەپەرست و بەردیان دەپەرست،**﴿ومنهم من يعبد الشمس والقمر﴾**وە هەیان بوو خۆر و مانگیان دەپەرست،**

﴿وقاتلهم رسول الله صلى الله عليه وسلم ولم يفرق بينهم﴾وە پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)کوشتار و جەنگی لەگەڵ هەموویان کرد جیاوازی نەخستە نێوانیان، بڵێ ئەوانەی پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام)دەپەرستن یا کوشتار و شەڕیان لەگەڵ نەکەم بە کافر و موشریکیان دانەنێم چونکە پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام)دەپەرستن، یان ئەوانەی پیاوچاکانیان دەپەرست لەگەڵ ئەوانەی دار و بەردیان دەپەرست یان خۆر و مانگیان دەپەرست هەموو لەیەك بازنەی کۆبونەوە، بازنەی ئەوەی کە موشریکن و هاوبەش پەیداکارن کە کافر و بێ بڕوانە بەبێ جیاوازی پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام) کوشتار و جەنگی لەگەڵ هەمووان کرد ﴿والدليل قوله تعالى﴾بەڵگەش فەرموودەی خوای بەرزە ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ﴾(الأنفال آية: 39).واتە: خوای پەروەردگار فەرمووی شەڕ و کوشتاریان لەگەڵ بکە هەتا ئەوانە نەبنە فیتنە و شەڕ و ئاشوب، واز بێنن لە شیرك و هاوبەشی و کوفر وە ئاین و ڕێباز هەموو ببێتە هی خوای پەروەردگار و کار و ئیشی پێ بکرێ.

﴿والدليل الشمس والقمر﴾ وە بەڵگەی خۆرو مانگ کە دەپەرستران ئەوەیە ﴿قوله تعالى﴾فەرموودەی خوای بەرزە﴿وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾(فصلت آية: 37). واتە:لە ئایەت و نیشانەکان و بەڵگەکانی بوونی خوای پەروەردگار دەسەڵاتی شەو و ڕۆژە وە مانگ و خۆرە ئێوە کڕنۆش مەبەن بۆ خۆر و مانگ بەڵکو کڕنۆش بەرن بۆ خوای پەروەردگار کە ئەوانەی بەدیهێناوە ئەگەر ئێوە دەتانەوێت بە تاك و تەنهایی خوای بپەرستن و ببنە بڕوادار.

﴿والدليل الملائكة﴾وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی فریشتەکان دەپەرستران ﴿قوله تعالى﴾فەرموودەی خوای بەرزە﴿وَلا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَاباً﴾(آل عمران آية: 80) واتە:ئێوە فەرمانتان پێنەکراوە فریشتەو مەلائیکەتەکان و پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام)بە پەروەردگار و خواو پەرستراو دابنێن و بیان پەرستن.

﴿والدليل الأنبياء﴾وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام)دەپەرستران پەنا بە خوا ﴿قوله تعالى﴾فەرموودەی خوای بەرزە ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ﴾(المائدة آية: 116) واتە:خوای گەورە دەفەرمووێ ئەو کاتەی خوای پەروەردگار فەرمووی ئەی عیسای کوڕی مەریەم تۆ بە خەڵکیت گوتووە من و دایکم بە دوو پەرستراو بگرن و بێجگە لە خوای بمان پەرستن عیساش دەفەرمووێ پاك و بێگەردی بۆ تۆ خوای پەروەردگار لە قسەو شتێکی کە حەق و ڕەوا نیە بیکەم وە وا نیە ئەگەر واشم گوتبا تۆ عیلم و زانستیت پێ هەبوو ئەی خوای پەروەردگار تۆ ئەوەی لە ناخ و دڵی منە دەیزانی من ئەوانە نازانم کە لە نەفسی تۆیە ﴿إِنَّكَ أَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ﴾ واتە:تۆ بەڕاستی زۆر زانای بە شتە نادیارەکان.

﴿والدليل الصالحين﴾وە بەڵگەی ئەوەی پیاوچاکان دەپەرستران ﴿قوله تعالى﴾فەرمووده‌ی خوای بەرزە ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ﴾(الإسراء آية: 57). واته:ئا ئەوانەی کەوا دوعا و پاڕانەوەیان دەکرد و بۆلای خۆیان وەسیله و نێوەندیان دادەنا لە پیاوچاکان کە هاواریان دەکرد کە لەنێو ئێمەش هەیە یا شێخ فلان یا فلانەکەس کە بەحیساب پیاوی چاکە دەبێتە نێوەنگیر لە نێوان ئەو و خوای کە تکای بۆ بکە پەنا بە خوای گەورەیان نزیکی بخاتەوە.

﴿والدليل الأشجار والأحجار﴾وە بەڵگەش لەسەر دار و بەرد کە دەپەرستران ﴿قوله تعالى﴾فەرمووده‌ی خوای بەرزە﴿أَفَرَأَيْتُمُ اللاَّتَ وَالْعُزَّى * وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى﴾(النجم آية: 19–20) واته:ئایا ئێوە لات و عوززاتان بینیوە یان مەناتتان بینیوە ئەو سێیە دەبیپەرستن بێجگە لە خوای پەروەردگار و هاناو هاواری بۆ دەبەن بۆتان وایە کەلە خواتان نزیك دەخاتەوە ئەوانە ئەوەشیان لە دەسەڵات و دەست دانیە، جا لەبەر ئەوەی (لات) پێناسەمان کرد وتمان یان بەردێك بووە کە دەپەرسترا چونکە لەسەر ئەو بەردەی پیاوێك هەبووە کەوا دەهات گەنمی دەهاڕی یان ئاردی پەیدادەکرد یان کە پەکی پەیدادەکرد یان پیرخەنی وەکو لە کوردەواری خۆماندا دەڵێن لەگەڵ ئاو تێکەڵی یەکی دەکرد و لەسەر ئەو بەردەی دایدەنا و دەیبەخشی بەوانەی کەوا دەهاتن بۆ حەجی ماڵی خوا، لەو سەردەمی کە کەسەکە کەسێکی باش بووە (إبن عباس)(رضي الله عنهما)دەڵێ لە دوای ئەوەی کە مردیە ئەوانی کە لەسەردەمی ئەوی بووینە لەبەر باشی وی بەیادهێنانەوەی ئەوی هاتینە بەدەوروبەری بەردەکەی دەسوڕانەوە و هاواریان لێ دەکرد و یان خوێنیان بۆ دەرێشت و ڕێزیان لێدەگرت و دەیان پەرست پەنا بەخوای رب العالمين، وە عوززاش ئەو دارە بوو کە وتمان شەیتانێکی مێینەی تێدا بووە کەوا سەرنجی ڕادەکێشان ئەوە بوو (خالیدی کوڕی وەلید) (رضي الله عنه)لەگەڵ سی کەسی پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام) ئەوانی نارد و عوززایان لەبن هێناو کوشتیان عوززایان نەما جارێکی تر بیپەرستن، وە مەناتیش بەهەمان شێوە کەواتە ئەوانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەیدار و بەرد دەپەرستران.

وە لە پاشان حەدیسێکی هێنایەتەوە (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)(رحمه الله) لە کۆتایی بنەمای سێیەم کە ئەویش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دارەکان دەپەرستران و یان پیت و بەرەکەتیان لێ داوا دەکرا و وەردەگیرا ئەویش دەفەرمووێ ﴿وحديث أبي واقد الليثي رضي الله عنه قال﴾وە فەرمووده‌ی باوکی واقیدی لەیثی(رضي الله عنه)لە (بەنو لەیث)بووە کە ئەوانە بوون کە مەناتیان دەپەرست، وە لە پاشانەکە ئەو پیاوە ئایا لە جەنگی بەدر موسوڵمان بووە یان لە فەتحی مەککەیەوە موسوڵمان بووە جیاوازی هەیە لە نێوان زانایان وە قسەی زۆری لەسەر دەکەن، وە ئەو پیاوە بەڕێزە صەحابی پێغەمبەری(عليه الصلاة والسلام)بووە فەرمووی ﴿خَرَجْنَا مَعَ النَّبِي صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم إِلَى حُنَيْن﴾ ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری(عليه الصلاة والسلام)دەرچووین بەرەو (حونەین)، کە شوێنێك بوو لە نێوان (تائیف) و (مەککە)ی ﴿وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْر﴾وە ئێمە تازە لە کافرایەتی بووینە موسوڵمان واتا نزیك بووین لە کوفر لەمێژ نەبووبوو ببووینە موسوڵمان، ﴿وَلِلْمُشْرِكِينَ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا﴾وە موشریك و کافرەکان دارێك هەبوو کە (نەبەقی) پێ دەگوترێ (سیدرة) لە کوردی واتا درەختی تاوب یان تاوگ یان تایلە یان نەبەگ پێی دەگوترێ ئەوە دەچوون ئەو دارەیان هەبوو،

﴿وَيَنُوطُونَ بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ﴾وه موشريك و هاوبەش پەيداكاران چەكەكانى خۆيان پێوه دەكرد، پێيان وابوو ئەگەر چەكى پێوه بكەن دوايى چەكەكەى لە شان بكەن و بچن شەڕو كوشتارى پێبكەن سەردەكەون و پيت و بەرەكەتى ئەوەيان بۆ دێ سەردەخرێن بەهۆى ئەوەى چەكەكانيان بەدارەكانيان وەكرديە، ﴿يُقَالُ لَهَا ذَاتُ أَنْوَاطٍ﴾بەو دارەيان دەگوت خاوەنى (ئەنواط)واتا شوێنى هەڵواسينى چەكەكانيان، ﴿فَمَرَرْنَا بِسِدْرَةٍ﴾ئيمەش بەلاى دارێك داچووين بەلاى درەختى (تاوب) تايلەيەكى داچووين، ﴿فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ﴾گوتمان ئەى پێغەمبەرى خوا : (عليه الصلاة والسلام)﴿اِجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنواطٍ، كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاط﴾تۆ بۆ ئێمەش ئەوها ئەنواتێكمان بۆ دانێ دارێك بێت چەكەكانمان پێوه بكەين وەكو كافر و موشريكەكان كەوايان وتووە و وايان كردووە، پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)لە وەڵاميـاندا قسەيەكى پێ گوتن ئەويش قسەكە زۆر لە جێ بوو كە ئيختيلاف و جياوازيش لەسەر ئەوەش دروست بووە هەندێ دەڵێن ئەوە (عذر به جهل) ـە وە بيانووى نەفامى بۆ ئەو كەسانەى كەوا نازانن ئەگەر شيركى گەورەش داوابكەن و يان ئە نجامى بدەن هەيە پێى موشريك وكافر نابن، جا ئەوە وانيە ڕاى پەسەندى ئەهلى سوننە و جەماعەى لەسەر وەيە ئەو فەرمووده ئى ئەوەى بوو كە پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)لە وەڵاميـاندا فەرمووى ئێوە قسەيەكى دەكەن هەروەكو قەومى موساى بە موسايان گوت ، گوتيان ئەوانە پەرستراويان هەيە تۆش پەرستراويكى دابتاشە بۆ ئێمە بۆ ئەوەى ئێمەش بيپەرستين پەنا بە خواى گەورە ئێوە قسەيەكى گەورەتـان كرد،

جا ئەوە ئەوەى لێ وەرناگيرێ بەڵكو ئەوە ئەوەى لێ وەردەگيرێ كە ئەوانە بۆ خۆى باوكى واقيدى لەيثى دەڵێ ئێمە تازە ببووينە موسوڵمان و نزيك بووين لە كوفر جا بەيەك دەنگى زانايانى ئەهلى سوننە و جەماعە ئەگەر كەسێك تازە بووبێتە موسوڵمان نەشارەزابێت ئەگەر شيركى گەورەشى كرد و كوفرى گەورەشى كرد ئەو كاتە بەبێ حوججە خوێنى حەڵاڵ نابێت وە ئەگەر ناوى لێ نەنرێت موحيد و موسوڵمان و بڕواداريش، بەڵام بڕيارى لەسەر نادرێ لە دواى حوججەكەيەوە ئەگەر ماوە لەسەر شيرك و هاوبەشى يان لە سەر كوفرە ئاشكراو گەورەكەى ئەوە ئەوكاتى خوێنى حەڵاڵيش دەبێ وە ئەو كاتە كوشتارى لەگەڵ دەكرێ وە بە كافرو موشريكيش ناو دەبردرێ حيسابى حيسابى ئەوان دەبێت جا هەندێك دەڵێن ئەوە لە فە تحى مەككەى موسوڵمان بووە (حونەين) يش هەر ڕستەوخۆ بەرەو وێندەر چووينە، وە هەندێك دەڵێن مەسەلەى ئەوەيە عوزريان ئەوە بوو كەتازە ببوونە موسوڵمان هەموو صەحابيەكان ئەو داوايەيان نەكرد ئەوانە داوايان كرد كە نەيانەزانى و شارەزانەبووبوون وەكو پرسيارێك بوو پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام)حوججەى بەسەر كردن و ڕۆنى كردەوە يەكسەر ئەوان بڕواى وايان لە دڵ و مێشكى نەما وە بە كار و كردەوە ئە نجاميان نەدا، كەواتە ئەوە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەى بڵێن (عذر به جهل) واتا بيانووى نەفامى هەيە بۆ ئەو كەسانەى كەوا شيركى گەورە و كوفرى گەورە و ئاشكرا بكەن، يان ئەوانەى زەروراتى دينە ئەگەر بڕواشيان پێ نەبێ يان كارى پێ نەكەن بە كافر و موشريك حيساب نابن هەتاكو حوججەيان لەسەر نەكرێ .

وانەی یازدەیەم

تەواوكەری وانەی دەیەم لەسەر قاعیدە و بنەمای سێیەم وەستابووین شەرح ورِاڤەیەكی كورت و پوختمان كرد، ئێستاچەند هەڵوەستەكی لەسەر دەكەین، یەكەم هەڵوەستە لەسەری ئەوەیە كەوا لەسەردەمی ئێمەشدا زۆر ئەوانەی كە دەپەرستڕێن جار وەیە پیاوچاكن پەنا بەخوای گەورە جار وەیە پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام)جا ئەوە ئەوە ناگەینی ئەگەر پیاوچاكت پەرست ئەگەر پێغەمبەرانت(علیهم الصلاة والسلام) پەرست لێت قبوڵە و بە شیرك و هاوبەشی حیساب نیە لەبەر ئەوەی خوای گەورە هەمووی ڕەتكردیتەوە شیرك و هاوبەشی ئەوەش ناگەینی كەبیانووی ئەوەی دەگرن دەڵێن باشە بۆ (شێخ عبدالقادری گەیلانی) كە ئێمە دوعای لە بۆی بكەین و بپاڕێینەوە لەبەری بیكەینە نێوەند و نێوان لە نێوان خۆمان وخوای پەروەردگار (شێخ عبدالقادری گەیلانی) پیاوێكی خراپ بووە، نەخێر بە دڵنیایەوە ئێمە بڕیاری ئەوەی نادەین پیاوێكی خراپ بووە بەڵكو بەباشە ناوی تۆماربووە و هاتیە،زانایان یەك دەنگیان هەیە لە پاش وەفاتیشی بە باشە ناویان بردووە كەسێكی ئەهلی سوننە و جەماعەی بووە (رحمه الله)، بەڵام ئەوە ئەوەی ناگەینی كە ئەو خراپ بووە ئەوەی دەگەینی عەمەل وكردار و قسە و گوتن و پەرستش و شیرك و عیبادەتەكەی وان كە دەیكەن بۆ ئەوەی كە بە شیرك حیسابە ئەوەیان خراپە وتاوانە لە تەرازووی قورئان و سوننە، كەواتە (شێخ عبدالقادر) ئاگاشی لێ نیە وە ئەوە حیسابیشی پێ لەسەر ناكرێ، ئەدی ئەوە نەبوو خوای پەروەردگار دەربارەی عیسای(علی نبیّنا وعلیه الصلاة والسلام) فەرمووی لە ئایەتەكەی و ڕوونمان كردەوە كە خوای گەورە فەرمووی ﴿أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ واتە:ئایە تۆ بە خەڵكیت گوتووە ئەی عیسا من و دایكم بێجگە لە خوای بكەنە دوو پەرستراو و بمان پەرستن،﴿قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ﴾(المائدة آية: 116) واتە:بە دڵنیاییەوە دەفەرمووێ ئەمە حەق و ڕەوانیە من ئەو قسەیەی ناكەم و پاكی و بێگەردی بۆ تۆ خوای پەروەردگار، من بۆم نەهاتووە وابڵێم و وام نەگوتووە هاتا كۆتایی ئایەتەكەی، كەواتە پیاوچاكانیش بە دڵنیاییەوە لە مەیدانی حەشر و حیساب ئەگەر پرسیاریان لێ بكەن بەریئن وە لەگەڵ ئەوەی دانینە بكرێنە شەریك و هاوبەش بۆ خوای پەروەردگار پەنا بە خوای.

جا لە پاشان ئەوانەی دەپەرستڕێن جۆراوجۆرن وەكو لەسەردەمی ئێمەش جاروایە دار دەپەرستێ جاروایە بەرد دەپەرستێ جاروایە مرۆڤ دەپەرستێ جاروایە مرۆڤەكە باشە یان خراپ جاروایە جنۆكە دەپەرستێ جاروایە فریشتە دەپەرستێ، مرۆڤەكان لە باشەكان پێغەمبەرانن(علیه الصلاة والسلام) پیاوچاكانن ئەوانە هەر هەمووی بە شیرك حیسابە، لە سەردەمی ئێمەش ئەوەش هەیە كە جاروایە بەرنامە و ڕێباز دەپەرستێ بێجگە لە بەرنامە و ڕێبازی خوای پەروەردگار بەرنامە و ڕێبازێكی تر لە عەلمانیەت ودیموكراتیەت و سۆشیال دیموكراتیەت و... هتد. ئەوانە دەپەرستڕێن و دوای دەكەون و فەرمانەكانی جێبەجێ دەكەن، كەسەكە دەشرێ شیرك و هاوبەشیم نەكردووە وە كوفریشم نەكردووە من موسوڵمانیشم، جا ئەوانە هەر هەمووی هەر كەس و شتێك بپەرستێ بێجگە لە خوای پەروەردگار كە پەرستراوەكان جۆراو جۆر بووە لە كۆنەوە وەكو (شێخ محمد كوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) فەرمووی تاوەكو ئێستاش وە هی نوێتریش ڕەنگە بێتە كایەوە لە هەر سەردەم و كاتێكی،

گرینگ بنەماکە ئەوەیە هەرکەس و شتێك بێجگە لە خوای پەروەردگار هانا و هاواری بۆ ببردرێتەبەر وە لە شتێکی کە تەنها لە توانای خوا پەروەردگار دا هەیە یان بیپەرستیٚ یان حەلاڵت بۆ حەرام بکە یان حەرامت بۆ حەلاڵ بکە ئەوانە ئیجماعیان لەسەرە تۆ بەقسەی بکەی یان بەدوای بکەوی یان کرنۆشی بۆ بەری یان بەدەوریدا بسوڕێیەوە و تەوافی بکەی ئەوکەسە مردوو بیٚ یان زیندوو بیٚ ئەوجە لە پاشانەکە حەیوان وئاژەڵی بۆ سەربڕی ئەوە ئەوکاتە شیرکت کردووە پەنا بە خوای گەورەوە موسوڵمانەتی و بڕواداریٚتیت نامێنێت و ئەوکاتی خوای پەروەردگار لێت وەرناگریٚ، وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنْتُمْ لَهَا وَارِدُونَ * لَوْ كَانَ هَؤُلَاءِ آلِهَةً مَا وَرَدُوهَا﴾(الأنبياء آية: 98-99) واتە :دەفەرمووێ ئێوە وە لەگەڵ ئەوانەی دەیپەرستن بێجگە لە خوای پەروەردگار ئێوە دەبنە ئاگر خۆشکەر وە سوتەمەنی ئاگری دۆزەخ وە دەچنە ناو ئاگری دۆزەخ، جا خۆ ئەگەر ئەو پەرستراوانەی ئێوە دەیپەرستن ئەوە مەبەست پیٚ ئەوەیە جگە لە پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) و پیاوچاکان شتەکانی تر و کەسەکانی تر کە دەپەرسترێن کە تاغوتن و ڕازینە بەو پەرستنەی بۆیان ئەنجام دەدریٚ خوای پەروەردگار دەفەرمووێ جا ئەگەر ئەوان پەرستراون و خوانە و دەسەڵاتیان هەیە بۆچی دەچنە ناو جەهەننەم و دەبردرێنە ناو جەهەننەم و هیچیان لە دەست نایەت، جا لەبەر ئەوەی بوو دەڵێن عەرەبەکان ئەو کاتی گوتیان ئێمە کەواتە لەگەڵ عیسای دەبین لەگەڵ عوزەیری دەبین فلان ناوی پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) دەبین، خوای گەورە ئەو ئایەتەشی دابەزاند فەرمووی ﴿إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُمْ مِنَّا الْحُسْنَى أُولَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ * لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا﴾(الأنبياء آية: 101-102) وە لە پاشانەکە دەشبینین جار وەیە بیانووی بەوەش دەگرن ئەوانەی هاوبەش و شیرکی پەیدادەکەن دەڵێن خوای پەروەردگار لەو قورئانەی کە فەرموویەتی ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾(المؤمنون آية: 117) واتە :ئەوەی کەوا بێجگە لە خوای پەروەردگار بە خوا و پەرستراو بزانیٚ هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەبیٚ بێگومان ئەوانە حیسابیان بۆ لای خوایە وە خوای پەروەردگار کافر و بێبڕوایان سەرفراز ناکاتن، دەڵێن ئەدی ئەگەر ئێمە بەڵگەمان بۆ هێناوە کە ئەوەی دەیپەرستین وئەنجامی دەدەین لەگەڵ خوای پەروەردگار دەڵێن مەفهوومی موخالەفەی ئەو ئایەتەی ئەوەی لیٚ دەووشێتەوە، پەنا بەخوا ئەوە ئەوەی لیٚ ناوەشێتەوە بەڵکو ئەو ئایەتە مەفهووم موخالەفەی نیە، چونکە ئەوەی بە بەڵگە و بیٚ بەڵگە بەڵگەی بۆ دەیننەوە بەڵگەیان نیە کە دەپەرستیٚ بێجگە لە خوای پەروەردگاریان لەگەڵ خوای پەروەردگار ئەوە هەر شیرك و هاوبەشیە، وەکو ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا﴾ (النور آية: 33) واتە :ئێوە ئەوانەی کە دەیانەوێ داوێن پارێزبن ئەوانەی لە جاریەکان و لەوانەی لە ژێردەستانن ئێوە ناچارین مەکەن بەوەی کەوا بەدڕەوشتی بکەن پەنا بەخوای گەورە ئەوانەی دەیانەوێ داوێنپارێزبن، ئەگەر بڵێین مەفهوومی موخالەفەی بۆ ئەو ئایەتەی هەیە پەنا بەخوای گەورە یەعنی ئەوەی نایەوێ داوێن پارێزبێت حەزی بە زینا و فاحیشەیە دەبیٚ لیٚ بگەڕێین کەوا دەبیٚ بە گوێرەی ئەو ئایەتەی بی و بەو تێگەیشتنی ئەهلی شیرك و کوفر و گومرایی دەڵێن کەوا زیناکەی بکەن مادام بەخۆیان حەزیان لەوەی نیە کە داوێنیان پارێزراوبیٚ، نەخێر ڕێگریان لیٚ دەکەریٚ ئەگەر حەزیشیان پێنەبی حەزیشیان لە زینای بی هەر ڕێگەیان پێنادریٚ چونکە ئەو ئایەتە و ئەو ئایەتەش کە لە پێشتریش گوتمان ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ (المؤمنون آية: 117).

کە مەفهووم موخالەفەیان نیە و ئەوەیان لێی وەرناگیرێت ئەوەی بەڵگەی هەبێ بۆ ئەوەی شیرك و هاوبەشی بکات و یان بەڵگەی بۆ بێنێتەوە پەنا بە خوا گەورە.

جا لە پاشان ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەوانەی ئەو شیرك و هاوبەشیەیان کردیە و ئە نجامیاندایە هیچ یەکێکیان پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)جیاوازی نەخستە نێوانیان یان خوای پەروەردگار ،

پرسیارەکە ئەوەیە پرسیار لە خۆت بکە ئایا خوای پەروەردکار جیاوازی خستە نێوان ئەوانەی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)دەپەرستن یان ئەوانەی پیاوچاکان دەپەرستن یان ئەوانەی خۆر و مانگی دەپەرستن یان ئەوانەی دار و بەردی دەپەرست یان ئەوانەی جنۆکە و شەیتانی دەپەرستی هیچ جیاوازیەکی خستە نێوان، ئەی محمد(علیه الصلاة والسلام) کوشتاری بکە لەگەڵ ئەوانەی داری دەپەرستن بەڵام ئەوانەی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) دەپەرستن کوشتاریان لەگەڵ مەکە ئەوانەی کەوا فریشتە و پیاوچاکان دەپەرستن کوشتار و شەڕ و جەنگیان لەگەڵ مەکە و پێیان مەڵێ موشریك و کافر بەڵکو ئەوانەی جنۆکە و شەیتانی دەپەرستن بەوان بڵێ موشریك و کافر، نەخێر لە وەڵامدا ئەو پرسیارە وەڵامی ئەوەیە کە خوای گەورە هیچ جیاوازیەکی نەخستە نێوانیان بەوەی کە ئەوان جیاوازن لە پەرستراوەکانیاندا چ ئەوەی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) بپەرستێ چ فریشتەکان بپەرستێ چ پیاوچاکان بپەرستێ چ جنۆکە و شەیتان بپەرستێ چ ڕێباز و بەرنامەیەکی دەستکرد بپەرستێ چ شەخس و کەسێك بپەرستێ چ هەواو نەفس بپەرستێ بکاتە شەریك لەگەڵ خوای پەروەردگار چ هەر کەس و شتێکی بپەرستێ باش بێ یان خراپ بێ دار بێ یان بەرد بەگیان بێ یان بێگیان بێ وشك بێ یان تەڕ بێ هەر هەمووی حیسابی ئەوەی بۆ دەکرێ موشریکە کافرە بێبڕوایە خوێنی حەڵاڵە پارێزراو نیە شەڕ و کوشتار و جەنگی لەگەڵ دەکرێ، خوای گەورە بە عام و گشتی فەرمووی ﴿وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً﴾ (التوبة آية: 36) واتە :هەر هەموو موشریك و کافرەکان کوشتاریان لەگەڵ بکەن هەر وەکو ئەوانیش کوشتار لەگەڵ هەمووتان دەکەن، ئەوە کەواتە ئەوە عام و گشتیە.

کەواتە نەتیجەکەی ئەو قاعیدە و بنەمایەی چیە ئەوەیە کەوا بێبڕوا و هاوبەش پەیداکاران هەر جۆرە پەرستراوێك بپەرستن بێجگە لە خوای پەروەردگار ئەوە مادام تازە نەبوویێتە موسوڵمان وە یان حوججەشی لەسەر کرابێ ئەوە ئەو کاتی دەبێ لەسەر ئەو کارەی پێی دەگوترێ موشریك و هاوبەش پەیداکار پێی دەگوترێ کافر وە خوێنی حەڵاڵە وە کوشتاری لەگەڵ دەکرێ وە خوێنی پارێزراو نیە بە موسوڵمان و بڕوادار ناوی نابردرێ، وەکو ئەوەی ئێستا خۆمان هەڵخەڵەتاندووە لە سەردەمی ئێمە کەسێك کەوا دەگوترێ وەڵا کاکە چۆن پێی بڵێم بێبڕوا چۆن پێی بڵێم کافر ئەوە زۆر گەورەیە لەبەر ئەوەی کەسەکە ئەمن گوێم لێ بوو سەڵاواتی لەسەر پێغەمبەری(علیه الصلاة والسلام) لێدەدا کەسەکە دەیگوت خوا هەیە، پەنا بە خوای کو دەبی بەوەی بڵێین کافر کو دەبی پێی بڵێین بێبڕوا، کەسەکە نوێژی دەکرد سوننەتی چێشتەنگاوی دەکرد کەسەکە پرسیاری لە من کرد دەربارەی نوێژی سوننەت چەند ڕکاعەتە وتری شەوان کوە و چۆنە، ئا ئەوانە هیچیان لە لای ئەهلی سوننە و جەماعە نابێتە بەڵگەی ئەوەی ئەو کەسەی ئەو پرسیارەی دەکا ئاوا دەکا و ئاوا دەڵێ پێی بگوترێ موسوڵمان بڕوادار مادام شیرك و هاوبەشی گەورە یان کوفری هەبێ یان هەڵوەشێنەرەوەك لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام و بڕوای لێ هاتبێتە جێ ئەوانە بە ئیجماع گوتراوە لە لای ئەهلی سوننە و جەماعە، وە جیاوازی و فەرق ناخسترێتە نێوانیان، موسوڵمان لەگەڵیان ڕوبەڕوو دەبێتەوە جا خوێنیان حەڵاڵ دەبێ و وە لە پاشانەکە پارێزراو نابێ بەو بیانووەی کە بڵێن ئەگەر وابی زۆرینەی خەڵکی لەنێو موسوڵماناندا بە بڕوادار و موسوڵمان

حیساب دەبێ نەك زۆرینەیان بە کافر و موشریك حیساب بێ پەنا بە خوای کە بت و سەنەمی جۆراو جۆر داتاشراوە و لەو سەردەمەی دە پەرسترێن دەبی زۆر هۆشیار و ئاگاداربین.

وە لە پاشان هەڵوەستە لەسەر ئەوەش دەکەین کە ئەو فەرموودەی ئەو صەحابیە بەڕێزە گێڕایەوە بۆمان کە (ئەبو واقیدی لەیثی)(رضي الله عنه)**کەفەرمووی لەگەڵ پێغەمبەری** (عليه الصلاة والسلام)**دەرچووین بۆ (حونەین) کە شوێنێکە لە نێوان (تائیف) و (مەککە)، لەوێدا کە ئەو دەفەرمووێ بە پێغەمبەرمان**(عليه الصلاة والسلام) **گوت چۆن موشریك و کافرەکان دارێکیان هەبووە و چەکەکانیان پێوە هەڵدەواسی بە ئومێدی ئەوەی کەوا بەرەکەتداربن و لە شەڕ و جەنگەکانیان سەرکەون تۆش دارێکی بۆ ئێمە دابنێ ئێمەش چەکەکانمان پێ هەڵبواسین، جا ئەو قسەیان کەوا کردچاولێکەری بۆ کافرەکان، پێغەمبەر** (عليه الصلاة والسلام)**فەرمووی ((**قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَ قَوْمُ مُوسَى (اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ)(سورة الاعراف :آية 138)إنَّها السُّنَنُ لَتَرْكَبُنَّ سُنَنَ يان سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ**))بە هەردووکی دەخوێندرێتەوە فەرمووی ئەوە رێگا و رێبازی ئەوانە، ئێوە بەدڵنیایەوە ئەگەر وابکەن شوێنی رێگا و رێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون وەکو جولەکە و دیانەکان پەنا بە خوای، کەواتە دەبی هۆشیار و ئاگادار بین لێرەدا هەڵوەستەی ئەوەی لەسەر دەکەین خەڵکەك دەیکاتە بیانوو بۆ ئەوەی دەڵێ بیانووی نەفامی هەیە بۆ ئەوەی کە شیرکی گەورە و کوفری گەورەش کەسەکە کردی پێ نابێتە موشریك و پێ نابێتە کافر هەتا حوججەی تەواوی لەسەر نەکرێ هیچ مەرجێکیان بۆ دانەنایە و بەگشتی وا دەڵێن،ئێمە دەڵێین عوزری شەرعی عوزر بۆ ئەوەی کەوا عوزر بە جەهل وە بیانووی نەفامی ئایا هەیە یان نا ئیختیلاف و جیاوازی کەوتیتە نێوان زانایان لەسەردەمی سەلەفەوە دەتوانین بڵێین هەتاکو دەگاتەوە سەر (ئیبن تیمیە)ی**(رحمه الله)**و لە پاشەویش و هەتاکو سەردەمی (محمدی کوڕی عبدالوهاب)** (رحمه الله) **دەتوانین بڵێین جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە هەموو ڕوونکردنەوەکان لەسەر ئەوەیە لە دین زەروراتە وە ئاشکرایە وە شیرکی گەورە وە کوفری گەورە هەرکەسێك بیکە ئەو کەسە پێ دەبێتە موشریك پێ دەبیتە کافر ئەگەر نەشیزانیبێ بیانووی نەزانین ناخوا وە گوێی لێ ڕاناگیرێت، لەبەر ئەوەی ئەوە ڕوونکراینەوە لە قورئانی پیرۆز وە لە سوننەتەکانی پێغەمبەری دڵسۆز**(عليه الصلاة والسلام) **کەسەکە بیانووی بۆ نەماوەتەوە تەنها ئەوە دەمینێتن ئایا ئەگەر کەسەکە تازە بوویتە موسوڵمان نزیك بێت لەوەی کەوا پێشتر کافر بووە ئەوا ئەوکاتی پێبناگوترێ ئەهلی تەوحید و موسوڵمان و بڕواداری تەواو تاوەکو حوججەی لەسەر دەکرێ، ئەوجە لە پاش حوججەی ئەگەر وازی هێنا لە شیرك و کوفرەکەی بڕواداره موسوڵمانە موحیدە، ئەگەر وازی نەهینا و پێداگیری کرد بەدڵنیایەوە ئەوکاتە موشریکە کافرە ئەوکاتی خوێنی حەڵاڵە و پارێزراو نیە، جا یان کەسێك لە دوورە وڵات و جێیەکی ژیابی کە زاناو زانستی عەقیدە و بیروبڕوای شەرعی لەلا دەست نەکەوتبی ئەویش هەر حیساب ئەوەی بۆ دەکرێ، بێجگە لەوانەش کەوا ئیکراهیان لەسەرە و مەرجەکانی ئیکراهی هاتبێتە جێ کە بەناچاری کوفر و شیرکەکەی بڵێن بە مەرجە شەرعیەکانی ئیکراهی ئەوانیش لەسەریان حیساب نیە ئەگەر نا ئەوی ماوەتەوە ئەوانی تر ئەوکاتەی کەوا شیرك و کوفری ئاشکرا و گەورە دەکەن عوزر بە جەهلیان بۆ نیە ئەوە ڕای پەسەند و شەرعیە ئەو فەرموودەش کە دەکرێتە بەڵگەی ئەوەی هەر ئەوەی تێدایە لەسەر وەی هاتیتەوە و زانایان دەیکەنە بەڵگە کە دەڵێن ئێمە نزیك بووین لە کوفر تازە بووینە موسوڵمان .**

وانەی دوازدەیەم

پرسیار و وەڵامەکانی بنەمای سێیەم بۆمان نەگوتبوو دەیڵێین و ئەوجا دەچینە سەر شەرح و ڕاڤەی بنەمای چوارەم بە پشتیوانی خوای گەورە، ئەو پرسیارانەی هەڵمانهێنجاوە و دەرمان هێناوە لە بنەمای سێیەم ئەوانەن:-

پرسیار و وەڵامەکان

یەکەم: خەڵکی و مەردووم لە جۆراوجۆری پەرستراوەکان چۆن بوون ؟

وەڵام: پەرستراوی جۆراوجۆریان دەپەرست، هەبووە لە پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)ی پەرستووە هەبووە فریشتە هەبووە پیاوچاکان هەبووە جنۆکە و شەیتانی پەرستووە هەبووە دار و بەردی پەرستووە هەبووە خۆر و مانگی پەرستووە هەتا دوایی پەرستراوەکانیان جۆراوجۆر بووە .

دووەم: بەڵگەکان لەسەر جۆراوجۆری پەرستراوەکانیان لە قورئانی پیرۆز بێنەوە ؟

وەڵام: یەکەم پەرستنی فریشتە و پێغەمبەران (علیه الصلاة والسلام)خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿وَلا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَاباً﴾(آل عمران آیة: 80). واتە:خوای گەورە ئەرك و فەرمانی پێ نەداون کەوا فریشتەکان و پێغەمبەران (علیه الصلاة والسلام)بە پەرستراو بزانن بێجگە لە خوای پەروەردگار یان بیانکەنە شیرك و هاوبەش لەگەڵ خودا، یان دەفەرمووێ خوای پەروەردگار دەربارەی پێغەمبەر عیسا کە دەفەرمووێ ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ﴾(المائدة آیة: 116).

واتە:خوای پەروەردگار دەفەرمووێ لەوکاتەی کە خودا بە عیسای دەڵێ و دەفەرمووێ ئەی عیسای کوڕی مەریەم ئایا تۆ بە خەڵكت گوتووە من و دایکم بە دوو پەرستراو بگرن بێجگە لە خوای بمان پەرستن، عیساش لە وەڵامدا فەرمووی پاکی و بێگەردی بۆ تۆ خوای پەروەردگار لە قسە و شتێکی کە بۆمن حەق و ڕەوا نیە بۆم بیکەم وە وانیە، ئەگەر واشم گوتبا تۆ عیلم و زانستیت پێ هەبوو ئەی خوای پەروەردگار تۆ ئەوەی لە ناخ و دڵی منە دەیزانی جا تۆ ئەوەی لە ناخ و دڵمەوەیە دەزانی لە نەفسمەوەیە دەزانی جا من لەوانە نازانم کە لە نەفسی تۆیە، بە ڕاستی خوایە تۆ زۆر زانای بە شتە نادیارەکان، جا لەو ئایەتەی بەڵگەی ئەوەش دەست دەکەوێت کە ئەهلی سوننە و جەماعەی دەفەرموون خوای پەروەردگار خاوەنی نەفسە نەفسێك کە بۆی دەوەشێتەوە بێ ئەوەی ئێمە چۆنیەتەکەی ئێمە بزانین .

لە پاشان بەڵگە لەسەر پەرستنی پیاوچاکان خوای پەروەردگار دەفەرمووێ ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ﴾(الإسراء آیة: 57).

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە دار و بەردیان پەرستیە ﴿أَفَرَأَيْتُمُ اللاَّتَ وَالْعُزَّى * وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى﴾(النجم آیة: 19-20) وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی داریان پەرستیە ئەوە حەدیسەی پێغەمبەریشە (علیه الصلاة والسلام)کە (باوکی واقیدی لەیثي)(رضي الله عنه)کە دەگێڕێتەوە دەفەرمووێ لەگەڵ پێغەمبەری (علیه الصلاة والسلام)چووین بەرەو (حونەین) کە شوێنێکە دەکەوێتە نێوان (تائیف) و (مەککە) دەڵێ ئێمە تازە نوێ بووین بە کوفر واتا لەمێژ نەبووبوو

ببووینە موسوڵمان، وە موشریك و هاوبەش پەیداکاران دار ودرەختێکیان هەبوو کە لەلای دەمانەوە و چەکەکانیان پێ هەڵدەواسی پێی دەگوترا (ذات أنواط) واتا خاوەن نیشانە و خەڵات، ئێمەش بەلای دارێکی وا داڕۆیشتین کە گوتمان ئەی پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والسلام)بۆ ئێمەش (ذات أنواط) یێك دابنێ نیشان بکە تاوەکو ئێمە چەکەکانمان پێوە بکەین، دەڵێ پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)لەوەڵامدا سەرزەنشتی کردن کە لە دواتر دەقی فەرموودەکەی دەینینەوە لە وەڵامی پرسیارێکی تر لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا ئەوەندەی لەسەر نارۆین، کەواتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی موشریك و هاوبەش پەیداکاران جار وەبوو پیت وبەرەکەتیان لە داری وەردەگرت یان دەیان پەرستن.

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە خۆر و مانگ پەرستراوە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾(فصلت آية: 37).

واتە :لەبەڵگە و نیشانەکانی خوای پەروەردگار شەو و ڕۆژە و مانگ و خۆرە ئێوە کڕنۆش مەبەن بۆ مانگ و خۆر بەڵکو کڕنۆش بەرن بۆ خوای کە ئەوانی بەدیهێناوە ئەگەر ئێوە دەتانەوێ تەنها خوای بپەرستن پەرستشی بۆ ئە نجام بدەن، کەواتە دیارە سوژدەیان دەبرد موشریك و هاوبەش پەیداکاران بۆ خۆر و مانگ لەبەر ئەوە خوای گەورە وای فەرموو .

سێیەم : ئایا جیاوازی پەرستراوەکان هیچ جیاوازیەك پەیدا دەکات بۆ حوکم دان لەسەر ئەوانەی کە دەیان پەرستن ؟

وەڵام: نەخێر هەموویان هەر هاوبەش بڕیاردەر و موشریك ناوبراون و خوێنیان نەپارێزراوە و خوێنیان بۆ پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)و موسوڵمانان حەڵاڵ بووە، وەکو خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی ئەوانەی شیرك و هاوبەشی پەیدادەکەن بیانکوژن و کوشتاریان لەگەڵ بکەن، جیاوازی نەخستە نێوانیان دەفەرمووێ کە موشریك گوتمان ئەوەی هەر پەرستراوێکی بپەرستێ لەگەڵ خوای پەروەردگار بە موشریك حیسابە، کەواتە ئەو ئایەتە دەیگرێتەوە خوای گەورە هەر بە موشریك ناوی بردینە و ئەوەی هەر پەرستراوێکی بپەرستی هەر بە موشریك ناودەبردرێ خوای گەورە هیچیانی لێ هەڵنەهێنجاوە وە دەفەرمووێ هەر هەموویان کوشتاریان لەگەڵ بکەن ئەوانەی کەوا موشریك و هاوبەش پەیداکارن، خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً﴾(التوبة آية: 36) واتە : وە ئەوانەی شیرك و هاوبەشیان پەیداکرد شەڕ وکوشتاریان لەگەڵ بکەن.

لە پاشان دێینە سەر ئەوەی فەرموودەکەی (باوکی واقیدی لەیثي)(رضي الله عنه)بینینەوە ئەوە پرسیارەکەیە وە چەند پەند و وانەیەکی لێدەربینین (باوکیواقیدی لەیثي)لە وەڵامدا دەڵێین گوتی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والسلام)دەرچووین بەرەو (حونەین) کە شوێنێکە دەکەوێتە نێوان (تائیف) و (مەککە) ی ئێمە نزیك و نوێ بووین بەسەردەمی کوفرەوە واتا تازەبووین لە بڕوا هێنان و موسوڵمانەتیمان، هاوبەش بڕیاردەران دار و درەختێکیان هەبوو لەلای دەمانەوە و چەکەکانیان پێ هەڵدەواسی پێی دەگوترا(ذات أنواط) واتا خاوەن نیشانە و خەڵات ڕۆیشتین بەلای دارێکی (تاوگ،تایلە) واتا (نەبەق) وتمان ئەی پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والسلام)بۆ ئێمەش خاوەن نیشانە و خەڵات دابنێ هەروەکو ئەوان (ذات أنواط) یان هەیە پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والسلام)فەرمووی ((قُلْتُم وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَتْ بَنو إِسْرائِيلَ لِمُوسى(علیه السلام)(اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ)(سورة الاعراف :آية 138))) واتا ئێوە قسەیەکتان کرد سوێند بەو زاتەی کەنەفس وگیانی منی بەدەستە پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام)فەرمووی کە بەنو ئیسرائیل بە موسای پێغەمبەریان گوت تۆ پەرستراوێك بۆ ئێمە دابنێ هەروەکو ئەوانەی موشریك و هاوبەش پەیداکارن پەرستراویان هەیە، موساش پێ گوتن ئێوە گەلێکی نەزان و نەفامن ،

ئەوجا پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)فەرمووی ((لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ))ئێوە دەڕۆن بەڕێ و شوێنی ڕێبازی ئەوانەی لە پێش ئێوە هاتوون لە جولەكە و ديان و كافرەكان. (سنن ترمزی 2181) (ئيمام ئەحمەد 5/ 218) پەند و وانەكانی لەو فەرموودەی وەردەگیرێ :-

يەكەم: ئەوەيە هاوەڵانی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)خوا لێیان ڕازی بێت بەرەو جەنگ و جیهاد دەڕۆیشتن، كە جەنگ و جیهادیش لوتكەی بەرزی ئیسلامە و عیبادەت و پەرستشێكی چاك و لەجێیە بەڵام ئەوەی دەبێتە مايەی هاوبەشی و هاوبەش دانانە وەرناگیرێت هەركەسێك كە بەرەو هەر عیبادەت و پەرستشێكی بچێ یان بیەوێ هەر پلە و پايەكی بەدەست بێنێ ئەگەر جەنگ و جیهادیش بێت ڕەت دەكرێتەوە بە سەریدا.

دووەم: هەندێ لە هاوەڵان ئەو پرسیارەیان كرد كە تازە بووبوونە موسوڵمان نزیك بوون لە سەردەمی كوفر، ئەگەر نا هاوەڵان زانایەكان و ئەوانەی تر كە لەمێژبوو بووبوونە موسوڵمان وایان نەگوتووە .

سێیەم: ئەوەی لێ وەردەگیرێ دوو ڕا هەیە لەسەر كاتی موسوڵمانبوونی (باوكی واقیدی لەیثي) ڕاو بۆچوونی يەكەم دەڵێ لە جەنكی بەدر موسوڵمان بووە و جەنگی (بەدر)ی بينيوە كۆمەڵێك لە زانایان وایان گوتووە لەوانە (صەنعانی) ئەو ڕایەی پێ پەسەندە، ڕای دووەم كە پەسەنترە و صەحیحترە لە هی يەكەم دەڵێن پێش ڕزگاركردنی (مەككە) موسوڵمان بووە یان لەگەڵ ڕزگاركردنی (مەككە) موسوڵمان بووە زۆرینەی زانایان ئەوە ڕایانە و ئەوەش ڕاستترو پەسەندترە (والله أعلم) .

چوارەم: ئەو فەرموودەيە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی (عذر به جهل) بیانووی نەفامی و نەزانی دەبێتە عوزر و بیانوو بۆ كافر نەكردنی ئەوەی بە نەزانین شیرك و كوفری گەورە بكە تاوەكو حوججەی لەسەر دەكرێ، چونكە لە دەقی قسەكانی داهاتووە (باوكی واقیدی لەیثي) دەڵێ ((وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ))ئێمە نزیك و نوێ بووین بەكات و سەردەمی كوفرەوە، جا زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە يەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە ئەوەی شیرك و كوفری گەورە و ئاشكرا بكات تازە بووبووێتە موسوڵمان تاكو دوای بیانوو و بڕینی نەزانین و حوججە لەسەر كردنی پێی ناگوترێ كافر و خوێنی حەڵاڵ ناكرێ، بەڵام كە حوججەی لەسەر كرا بیانووی بڕا لە پاشتر پێی دەگوترێ كافر و بێبڕوا وە خوێنیشی حەڕام نامینێتەوە وە بەفیڕۆ دەچێ و لە پاشانەكە لەكاتی ئەو شیرك و هاوبەشییەی ئەگەر حوججەشی لەسەر نەكرابی هەر پێی ناگوترێ موسوڵمان و موحيد و خوا بەيەكگر، بەڵكو ناوی دەبردرێ بە موشريك.

وە وەڵامێكی تر ئەوەیە كە هاوەڵەكان ئەوەی گوتیان وەسیلە و ئامرازی شیرك بووە لەلای هەندێك لە زانایان بەڵكو هاوبەشی و شیرك نەبووە خودی هاوبەشی و شیركەكەی نەگرتۆتەوە تەنها پرسیاریان دەربارەی كردوو و ئە نجامیان نەدا و نەیان كرد و بڕوایان وانەبوو، پێغەمبەریش (عليه الصلاة والسلام)لەسەر پرسیارەكەیان سەرزەنشتی كردن و وە قەدەغەی كردن ئەوانیش وازیان هێنا لە پرسیارەكەیان و پەشیمان بوونەوە و ئە نجامیان نەدا .

جا ئەوەندەمان دەرهێنابوو لە پرسیار و وەڵامەكانی بنەمای سێیەم ، جا دەچینە سەر شەرح و ڕاڤەی بنەمای چوارەم.

بنەمای چوارەم

الْقاعِدَة الرّابِعَة: أَنَّ مُشْرِكِي زَمانِنا أَغْلَظُ شِرْكاً مِنَ الْأَوَّلين، لِأَنَّ الْأَوَّلين يُشْرِكُونَ فِي الرَّخاءِ وَيُخْلِصُونَ فِي الشِّدَة، وَمُشْرِكُو زَمانِنا شِرْكُهُم دائِماً فِي الرَّخاءِ وَالشِّدَة.
وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعالى: {فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ}(العنكبوت آية: 65).

****

دەفەرمووێ ﴿أن مشركي زماننا أغلظ شركا من الأولين، لأن الأولين يشركون في الرخاء ويخلصون في الشدة، ومشركوا زماننا شركهم دائما في الرخاء والشدة﴾ دەفەرمووێ هاوبەش پەیداکارانی سەردەمی ئێمە تونتر و خراپترن لە شیرك و هاوبەشی لە هاوبەش پەیداکارانی پێشین و سەرەتای سەردەمی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)، چونکە بەڕاستی ئەوانەی پێشین و سەردەمی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)شیرك و هاوبەشیان دەکرد لەکاتی شێنەیی و فرە ژیانی و ژیان خۆشی بەلاَم یەکلادەبوونەوە بۆ خوای و تەنها هاواری خوایان دەکرد و ئیخلاصیان دەبوو وازیان دەینا لە شیرك و هاوبەشی لەکاتی تەنگەشە و ناخۆشی و زەحمەتی، بەلاَم موشریك و هاوبەش پەیداکارانی سەردەمی ئێمە شیرك و هاوبەشیەکەیان بەردەوامە لەکاتی شێنەیی و خۆشی وە لەکاتی توندی و ناخۆشی و تەنگەشەیی،﴿والدليل قوله تعالى﴾وە بەڵگەش لەسەری ئەوەیە خوای بەرز فەرموویەتی ﴿فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾ (العنكبوت آية: 65).واتە:خوای پەروەردگار دەفەرمووێ ئەگەر سواری کەشتی بووبان هاواری خوایان دەکرد کاتێك شەپۆل لێی دەدان یکلادەبوونەوە بۆ خوای شیرك و هاوبەشیان ئەنجام نەدەدا کە ڕزگارمان دەکردن و دەچوونە وشکانی دەستیان دەکردەوە بە شیرك و هاوبەشی.
بەلاَم موشریکەکانی سەردەمی ئێمە ئەگەر ئێمەش سەرنجیان بدەین لەکاتی ناخۆشی و تەنگەشەکانیش هانا و هاوار دەبەن پەنا بە خوای بۆ مردووەکان بۆ گۆڕەکان بۆ شێخەکان بۆ جنۆکە و شەیتان هانا و هاوار نابەن بۆ خوای پەروەردگار، هەر دەڵێن غەوسەکەی مالّ لە بەغدای لە هانامان وەرە پیرە فلاّن لە هانامان وەرە ئەی فلاّنە مەرقەد ئەوەم لەسەر بێ ئەگەر ڕزگارم بکەی پەنا بە خوای ئەوانە هەموو شیرك و هاوبەشیە بۆ خوای پەروەردگار و قەبولّ نیە، جا لێرەدا دەگەینە سەر ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرمووێ ئەمن ئەو کردەوانەی کە شیرك و هاوبەشی تێدابی قەبولّم نیە و ڕەتکراوەیە بەسەر خاوەنەکانیان، دەفەرمووێ لە فەرموودەیەکی قودسی کە پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام) فەرموویەتی خوای گەورە دەفەرمووێ ((أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ))(مسليم 2985) ئەبو هورەیرە(رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردیە دەفەرمووێ (من دەوڵەمەندم لە شیرك و هاوبەشی کە بۆم ئەنجام بدرێ هەر یەك کار و کردەوەیەکی کرد جگە لەمنی کردە شەریك و هاوبەشی لەگەڵ من کار و کردەوەیەکەی و شیرکەکەی و هەمووی وەلا دەنێم و ڕەتدەکەمەوە و نامەوێ و لێی وەرناگرم).

جا دەبێ ئاگەدار بین ئەگەر شیرك وهاوبەشی بکەین عیبادەت و پەرستشەکا نمان قەبوڵ نابێتن جا خراپی ئەوانەی کە لەسەردەمی خۆی شیرك و هاوبەشیان لەسەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)دەکرد دەتوانین بڵێین لە دوو حاڵیدا توندتر و خراپترن، ئەوانی سەردەمی ئێمەش لەگەڵ هی بەراورد بە سەردەمی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام).

حاڵی یەکەم لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا ئەوانە شیرکی دەکەن هی سەردەمەکانی ئێمە و سەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)، ئەوان تەنها لەکاتی خۆشیەکاندا شیرکیان دەکرد لەکاتی ناخۆشیدا نەیان دەکرد وە حاڵی دووەم ئەوانەی دەیان پەرستن و دەیانکەنە شەریك و هاوبەش لەسەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) و سەردەمی ئێمەش بەڕاستی خەڵکە خراپەکانن زیناکارەکانن تاوانبارەکانن شەیتان و جنۆکە شەیتانیەکانن بەڵام ئەوانەی لەسەردەمی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)دەکرانە شەریك و هاوبەش هەرچەندە ئەوە بیانوو نیە هەردووکیان هەر بەشیرك لە قەڵەم دەدرێن وە خاوەنەکانیان هەر موشریکن بەڵام لەگەڵ ئەوەی دا پەرستراوەکانی ئەوان پیاوچاکەکان بوون یان پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام)بوون یان فریشتەکان بوون لەبەر هەندێ شیرك و هاوبەشی سەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) و سەردەمی ئێمە توند و تیژتر و خراپترە لەهی سەردەمی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام).

جا لەو بنەمایەی کەواتە تێگەیشتین ئەوە وەردەگیرێ هاوبەشی مەزن و ئاشکرا ئەگەر هەرکەسێك بیکات مەگەر بە ناچاری و مەرجەکانی ناچاری و ئیکراهی لێ بێتەجێ یان تازە هاتبێتە ناو ئیسلام و یان کەسی زانا و زانستی عەقیدە و بیروبڕوای دەست نەکەوتبێت و دوورە وڵات ودوورە دەست بووبێت لەوشتانە ئەوانە بیانوون بۆ ئەوەی هەتا حوججەی لەسەر نەکرێ پێی ناگوترێ کافر و ئەگەر پێشی بگوترێ موشریك وە پێشی نەگوترێ موحید و خوا بەیەکگر وە خوێنی حەڵاڵ نابێ، بەڵام جگە لەوانەی ئەو بیانووەیان هەیە هەکەسێك شیرك و هاوبەشی گەورە و مەزن یان کوفری گەورە و مەزن و ئاشکرا بکا ئا ئەو کەسە پێی دەگوترێ موشریك و کافر بیانووی نەفامی و نەزانینی لێ وەرناگیرێت و وە عیبادەت و پەرستشەکان بەسەریدا ڕەت دەکرێتەوە جا ئەگەر حەجیش بکا عومرەش بکا نوێژیش بکا زەکاتیش بدا وە لە پاشانیش هەموو قورئانی لەبەر بی هەر کارێکی خێر و چاکەی تر بکا چونکە شیرك و هاوبەشی کار و خێرە چاکەکان و عیبادەتەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، جا لە کۆتاییەکەیدا پرسیار و وەڵامەکانی بنەمای چوارەم دەخەینە ڕوو تەنها دوو پرسیارە .

پرسیار و وەڵامەکان

یەکەم: هاوبەشی پەیداکارانی سەردەمی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)لەگەڵ سەردەمی (محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) **و سەردەمی ئێمە جیاوازیان چیه وه کامەیان خرا پتر و توندترە ؟**

وەڵام: هی سەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله)**و سەردەمی ئێمە خرا پتر و توندترە لە هی سەردەمی پێغەمبەر** (علیه الصلاة والسلام)،**لەبەر ئەوەی ئەوانەی سەردەمی پێشان و سەردەمی پێغەمبەر** (علیه الصلاة والسلام)**لەکاتی شێنەیی و ژیان خۆشی و فرەوانی هاوبەشیان ئە نجام دەدا بەڵام لەکاتی ناخۆشی و تەنگەشەیی یەکلادەبوونەوە بۆ خوای پەروەردگار و شیرك و هاوبەشیان ئە نجام نەدەدا، بەڵام هی سەردەمی ئێمە و سەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)** (رحمه الله)**لەهەردوو کاتەکان لە خۆشی و ناخۆشی شەریك برِیاردەدەن و شیرکی دەکەن، بەڵگەش لەسەری ئەوەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ** ﴿فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾ (العنكبوت آية: 65). **یان خوای پەروەردگار دەفەرمووێ** ﴿وَإِذَا غَشِيَهُمْ مَوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ فَمِنْهُمْ مُقْتَصِدٌ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ﴾ (لقمان آية: 32).**ئەوانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەوا کافر و موشریکەکانی کۆن لەکاتی فەرەحناهی و خۆشی دا شیرك و هاوبەشیان دەکرد وە لەکاتی توندی و ناخۆشی و تەنگەشەیی دا ڕوویان دەکردە خوای و وازیان دەینا لە شیرك و هاوبەشی،**

وە ئەو پەرستراوانەی دەپەرستراشن لەسەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (رحمه الله) **و سەردەمی ئێمەش خرا پترن لەو پەرستراوانەی کە دەپەرستران لە سەردەمی پێغەمبەر** (علیه الصلاة والسلام)**چونکە هی سەردەمی پێغەمبەری** (علیه الصلاة والسلام)**یان پێغەمبەران** (علیهم الصلاة والسلام)**بووە یان فریشتەکان بووە یان پیاوچاکان بووە بەڵام هی سەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)** (رحمه الله)**و سەردەمی ئێمە ئینسان و مرۆڤە دز و خراپ و زیناکار و خوێنرێژ و بەدڕەوشت و تەنانەت موشریك و کافر و جنۆکەی شەیتانی و شەیتان دەپەرسترێن کە ئەوەشیان خاڵێکی ترە لەوەی کەوا نیشان دەدا موشریك و هاوبەش پەیداکارانی سەردەمی (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)** (رحمه الله)**و سەردەمی ئێمە خرا پتر و توندترن لە هی سەردەمی پێغەمبەر** (علیه الصلاة والسلام).

دووەم : ئەوەی هاوبەش لەگەڵ پەرستش بکات ئایا پەرستنەکانی لیٚ وەردەگیریٚ یان نا ؟

وەڵام: هاوبەش پەرستش و عیبادەتەکان بەتاڵ دەکاتەوە و خاوەنەکەی دەست بەتاڵ دەمێنێتەوە ئەگەر نوێژ بکات و ڕۆژیش بگرێت و حەجیش بکات و عومرەش بکات تەنانەت هەموو قورئانیشی لەبەر بیٚ ئەوە بەدڵنیایەوە موسوڵمان نیە و بڕوادار نیە و لیٚی وەرناگیرێت و بەسەریدا ڕەت دەکریتەوە، کە لە بار و زروفەکانی ئەمڕۆی ئێستای ئێمەدا پەنا بە خوای گەورە جاروایە پشتگیری کردنی کافر و موشریکەکان ئیسلامەتیت لیٚ هەڵدەوەشێنێتەوە وە هەر کار و عیبادەتەکی تر بکەی ئەوە ئەوکاتی لێت وەرناگیرێت و بەسەرت دادەدرێتەوە.

با لیٚی هۆشیار و ئاگاداربین ئەو بنەمایانە لیٚی تیٚ بگەین لە شیرك و هاوبەشی خۆمان دووربخەینەوە خۆمان بکەینە خاوەنی خوا بەیەکگرتن و تەوحید بەڵکو خوای پەروەردگار لەسەر ئیسلام و بڕوا بمان ژیێنی وە لەسەر ئەوەی بمان مرێنی وە لەسەر بیروبڕوایەکی کە بەخۆی پیٚ ڕازیە زیندوومان بکاتەوە .

وصلَّ اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّد وَعَلَى آله وَصَحْبه أَجْمَعين